# ڕەوت

ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

Rawt News

ژمارە ۲۲ شوباتی ۲۰۲۳

البديل OCAI
ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق


# دەربەندیخان، نارەزایەتی و مانگرتن چەند هەفتەیە بەردەوامە

- **زمناکۆ:** شاری دەربەندیخان لەسەر پێی خۆی وەستاوە، دەبێ وەڵاممان بدەنەوە، دەنا لێیان قەبوڵ ناکەین.
- **گۆران مامە عەلە:** ئەم شوێنی نارەزایەتی نواندنەمان ناوناوە (سەرای ئازادی دەربەندیخان).
- **هاوکار قادر:** دەربەندیخان بێدەنگ نەبووە، لە هەندێک لە نارەزایەتییەکاندا قوربانی، و برینداریشمان هەبووە.
- **حەکیم عەبدول کەریم:** پرۆژەی پاڵاوتنی ئاوی دەربەندیخان لە (۲۰۱۳)وە، دە ساڵ تێپەڕیوە بەسەریا و هێشتا تەواونەکراوە.

لێدوانی هەڵسوڕاوان و ڕێکخەرانی مانگرتن و نارەزایەتی شاری دەربەندیخان بۆ ڕەوت ..... لاپەڕە (۲)

## سیستەمێک لەسەر گەندەڵی دامەزرابێ، ناتوانێ کۆتایی بە گەندەڵی بێنێت، دابەزینی نرخی دینار تەنها ئەڵقەیەکە لەم گێژاوە!

دابەزینی بەهای دیناری عێراقی لەبەرامبەر دۆلاری ئەمریکی، لە مانگی تشرینی دووەمی (نۆڤێمبەری) ساڵی ڕابردووەوە (۲۰۲۲)، بە بەراورد بە بەها فەرمیەکەی، و بەردەوام دابەزینیشی بۆ ئاستە نزمەکانی ئێستای، بۆتە هەڵاوسان و بەرزبوونەوەی نرخی کەلوپەلە سەرەکییەکان و دابەزینی هێزی کڕینی جەماوەری کرێکاران و فەرمانبەران و وانەبێژان و تەواوی کەم دەرامەتان. ئەمەش بارودۆخی گوزەرانی جەماوەر و توێژ و بەشە جۆراوجۆرەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی لە عێراقدا خستۆتەبەردەم هەژاری و دارمانێکی زیاترەوە.

لێرەوە و بەناچاری زۆرینەی هاوڵاتیان، ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی ئەو هۆکارە بوونەتەوە کە فاکتۆرێکی سەرەکییە لە داڕووخانی بارودۆخی ژیانیان، کە ئەویش گەندەڵییەکی ئاشکرای داراییە و هەموو جومگەکانی ڕژێمی ئیسلامی و قەومی فەرمانڕەوای داگرتووە.

بەم پێیە، لەژێر گوشاری ئەم هەلومەرجانەدا، جەماوەر خەریکن ئەو کۆدانە (Code) بەدەستدێنن کە پەیوەندی ئابووری سەرمایەداری و ڕۆڵی پارە و بەهای ئاڵوگۆڕی دراوەکانە بە ئاستی ژیانی خۆیانەوە، نەک هەر ئەمە، بەڵکو دەستیشیان کردووە بە ڕێکخستنی نارەزایەتی و خۆپیشاندان و دەنگی نارەزایەتی خۆشیان بەرز کردۆتەوە بە دژی دەسەڵات.

هاتنەخوارەوەی ئاستی گوزەرانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و بەرفراوانبوونی بێکاری لەنێو ڕیزەکانیان و تێکچوونی خۆشگوزەرانی ماددی و مەعنەوییان، لەوانەش تەندروستی و پەروەردە، و نیمچە نەبوونی خزمەتگوزارییە گشتییەکانی بێ بەرامبەر (مجانی)، هەموو ئەمانە بێ گومان پەیوەندییەکی زۆر نزیکیان هەیە بەو هەموو گۆڕانکارییە ئابوورییە خێرا و هەمەلایەنانەوە کە ئەم وڵاتە بەخۆیەوە بینیویەتی لە ماوەی نزیک بە بیست ساڵی ڕابردوودا، بەتایبەتی فراوانبوون و قووڵبوونەوەی سەرمایەداریی نیولیبراڵ و ملکەچکردنی کۆمەڵگا بۆ پێداویستییەکانی ئەم سیستەمە و ئەم شێوازە ئابوورییە.

ئەم ئاڵوگۆڕە ئابوورییانەش بە شێوەیەکی بەرنامەیی و پلان بۆ دارێژراو جێبەجێ کراون، وەک سیاسەتێکی گشتیی دەوڵەت و ئەو سیستەمەی لە ساڵی (۲۰۰۳)ەوە لە ئارادایە، هەم لەژێر ئیدارەی داگیرکردنی ئەمریکی، و هەم پاشانیش درێژە پێدانی لە لایەن ڕژێمی بۆرژوا ئیسلامی و قەومی داسەپاو و حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانیەوە. گەندەڵییە دارایی و ئیدارییە بەربڵاوەکان کە هەموو جومگەکانی ئەم ڕژێمەی گرتۆتەوە، و تاڵانکردنی ئاشکرای سەدان ملیار دۆلاری لە سامانی کۆمەڵگا، بەشێکی تەواوکەری ئەم ئاڵوگۆڕیانەیە.

پارەی گەندەڵی و پارەی تاڵانکردنی سیستەماتیکی سامانەکانی عێراق لەلایەن چەتە سیاسی و میلیشیا و دزە باڵادەستەکانی ناو دەسەڵاتەوە، دەچێتە ناو بواری جیاجیاوە، لەوانەش بێگومان، بە شێوەیەکی سەرەکی دەچێتە بواری پاڵپشتیکردن لە ڕژێمی ئیسلامی لە ئێران، بەڵام بەشێکی دیکەی ئەم پارانە لە ڕێگەی حەواڵە و سپیکردنەوەی پارەوە، بە شێوەیەکی سیستەماتیک دەخرێتەناو بازنە و جووڵانەوەی سەرمایەی جیهانییەوە، و لە بانک و دامەزراوە داراییە جیهانی و ناوچەییەکاندا کەڵەکە دەبێت. ئەم تاڵانکارییە سیستەماتیکە لەگەڵ هەموو خولێکی ئابووری و هەموو بودجەیەکی ساڵانە و لەگەڵ هەر داهاتێکی نوێی ساڵانەی دەوڵەت زیادتر و بەهێزتر دەبێت.

هەر بۆیە گەندەڵی و تاڵانی سیستەماتیک لە عێراقدا، ئیتر تەنها بریتی نییە لە لێبرینی پشکێکی گەورە لە سەروەت و سامانی وڵات و بژێوی خەڵک، بەڵکو توخم و فاکتۆرێکی ئابووریشە و لەناو خودی ئەو سیستەمە ئابوورییە سەرمایەدارییەی کە لەئارادایە بەرهەم دەهێنرێتەوە، و بەمپێیەش تایبەتمەندییەکی سەرمایەداری و شکڵ و فۆرمە دیاریکراوەکەی پێکدەهێنێت لە عێراقدا.

لە ئەنجامی ئەو قەیرانە ئابوریە خنکێنەر و درێژخایەنەی کە لە بنەڕەتدا هی سیستەمی سەرمایەداریی نیولیبراڵە لە عێراق، و هی داخرانی ئاسۆی ڕژێمە سیاسییە فەرمانڕەواکەی و سیاسەتە ئابوورییەکانی و "پەرەی سپی"ەکەیەتی لە دابینکردنی هەلی کار، هەروەها هی ئیفلیجی تەواوی ئەم ڕژێمەیە لە دابینکردنی کەمترین پلەی خۆشگوزەرانی ئابووری بۆ جەماوەر، بەڵێ لە ئەنجامی ئەمانەدا دەیان هەزار کرێکاری ڕۆژانەکار و گرێبەست و مامۆستای وانەبێژی خۆبەخش، زنجیرەیەک لە مانگرتن و خۆپیشاندانی یەکگرتووی سەرکەوتوویان لەم ماوەیەی دواییدا ئەنجامدا، کە تێیدا بەشێک لە داواکارییەکانیان بەدەست هێنا. قەیرانی دابەزینی نرخی دیناریش هۆکارێکی دیکە زیاد دەکات بۆ پاڵپێوەنانی جەماوەری ڕەنجدەر و زەحمەتکێش بۆ خەباتی زیاتر و ڕێکخستنی خۆپیشاندان و نارەزایەتی بۆ سەپاندنی داواکارییەکانیان وەک ڕووبەڕووبوونەوەی کاریگەرییەکانی داشکانی نرخی دینار. بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەم پێشهاتانە، ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و نەداران لەگەڵ دەسەڵاتدا تادێت هەرچی زیاتر سیمایەکی چینایەتی ڕوونتر بەخۆیەوە دەبینێت.

بەڵام ئەم بزووتنەوە نارەزایەتییە کۆمەڵایەتییەی کرێکاران و زەحمەتکێشان کە ڕوو لە هەڵکشانە، وە ئەم ڕووبەڕووبوونەوە چینایەتییە ئەرکی گەورەی لە بەردەمدایە، و چەندین گرفتی ڕێکخراوەیی و سیاسی و فیکری گەورەی لەسەر ڕێگەیە، کە پێویستە تێیانپەڕێنرێت بۆ ئەوەی بتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.

هێزەکانی ڕژێم و سەرمایەداران و حیزب و ڕەوتە بۆرژوا جۆراوجۆرەکان، و هەروەها دامەزراوە بۆرژوا ئایینی و خێڵەکییەکان، و هێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان، بێدەنگ نەبوون و نابن لە بەرامبەر ئەم ڕوو لە هەڵکشانەی بزووتنەوەی کرێکاری و خەباتی جەماوەری ڕەنجدەر و زەحمەتکێش و ئەم جەمسەرگیرییە چینایەتییەش کە لە کۆمەڵگادا هاتۆتەئاراوە، بەڵکو هەر لە سەرەتاوە و بە شێوەی جۆراوجۆر لە هەوڵی لەباربردنیدا بوون. تاکە گەرەنتی بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشان لەبەرامبەر ئەم هەوڵانەدا، ڕێکخستنی خەباتی خۆیانە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی چینایەتی سەربەخۆ لە بۆرژوازی و هەموو ڕەوت و حیزب و هێزەکانی.

### ئەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و هەژارکراو

گەندەڵی لە لایەن سیستەمێکەوە کە خۆی لەسەر بنەمای گەندەڵی بنیات نرابێ، کۆتایی پێنایەت. کەواتە با هاوپشتی چینایەتی سەربەخۆی خۆمان بەهێز بکەین بۆ سەپاندنی داواکارییەکانمان.

با دەنگی یەکگرتوومان هەڵبڕین بۆ داواکاری زیادکردنی کرێ و مووچە پێ بە پێی ئەو هەڵاوسان و گرانی گوزەرانەی کە لە ئاکامی دابەزینی نرخی دینارەوە هاتۆتە ئاراوە، وە بۆ داسەپاندنی دابین کردنی پاڵپشتی دارایی بۆ کەم دەرامەتەکان بەسەر دەسەڵاتدارانیدا.

با هەڵسین بە پێک هێنانی ڕێکخراوە جەماوەرییە سەربەخۆکانی کرێکاران و توێژە جۆراوجۆرەکانی زەحمەتکێشان و ژنانی کرێکار و گەنجانی بێکار، ئەمانە ئەرکی گرینگ و هەرە بەپەلە و دەستبەجێن بۆ بەدیهێنانی سەرکەوتن.

(ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق) شانبەشانی ئێوە لێبڕاوانە خەبات دەکات بۆ بەدەست هێنانی داخوازییە دەستبەجێکانتان و ئامانجە شۆڕشگێڕانەکانتان بۆ ڕزگاربوون لە چنگی سیستەمی سەرمایەداری و ڕژێمی سیاسی ئیسلامی و قەومی فەرمانڕەوا.

ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

۲۰۲۳-۲-۵

## هەموو هاوپشتی و هاوسۆزییەک لەگەڵ قوربانیانی بوومەلەرزەکەی ئەم دواییەی تورکیا و سوریا



هاوڵاتییان لە هەردوو وڵاتی تورکیا و سوریا بەرەبەیانی دوێنێ (٦-٣-٢٠٢٣)، بە بوومەلەرزەیەک لە خەو ڕاچڵەکین کە بووە هۆی کوشتنی هەزاران کەس و بە دەیان هەزار کەسیش بریندار بوون و تەواوی شار و گوندەکانی ئەو ناوچانەی وێران کردوە و تا ئێستاش ژمارەی قوربانییەکان لە هەڵکشاندایە.

ئێمە، لە کاتێکدا هاوبەشین لە ئازارەکانی قوربانیانی ئەم کارەساتە ژینگەیی وێرانکەرە، بانگەوازی هەموو لایەک و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی فریاگوزاری و ڕێکخراوە مرۆییەکان و تاکەکان دەکەین، کە هەموو هەوڵێکیان بدەن بۆ کەمکردنەوەی بارودۆخی سەختی قوربانیانی ئەم کارەساتە پڕ لە ئازارە.

ئەم کارەساتە ژینگەییە کارەساتێکی تری گەورەی مرۆیی بۆ ئازارەکانی خەڵکی ئەم دوو وڵاتە، و بەتایبەت خەڵکی سوریا لەو ناوچانەدا زیاد کرد کە شاهیدی کۆمەڵکوژی و ئاوارەیی و کاولکاری بوون لەژێر دەستی دەسەڵاتداران و زلهێزە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان و ڕەوتە تیرۆریستەکانیان بۆ ساڵانێکی زۆر، و ئێستا بەدەست نەبوونی یارمەتییەوە دەناڵێنن بەهۆی ئەو گەمارۆ نێودەوڵەتییە ناڕەوایەی کە بەسەریاندا سەپێنراوە.

ئەو سیستەمە سەرمایەدارییەی کە چارەنوس و ژیانی مرۆڤی لە جیهاندا کۆنترۆڵ کردووە و توانای درێژەپێدانی شەڕە جۆراوجۆرە بێئەندازە پرخەرجەکان و دروست کردنی چەکێک هەیە کە لە ماوەی چەند خولەکێکدا دەتوانێ ئەم هەسارەیە لەناو بەرێت، بەڵام ناتوانێت شوێنی نیشتەجێبوونی گونجاو بۆ هاووڵاتیان دابین بکات کە تایبەتمەندی بەرگری لە بوومەلەرزەیان هەبێ، هەروەها ناتوانێ بودجەی پێویست بۆ دامەزراوە زانستییەکان دابین بکات بە ئامانجی دۆزینەوەی ڕێگاکانی کەمکردنەوەی کاریگەرییە وێرانکەرەکانی ئەم دیاردە ژینگەییە.

ئێمە لە دڵەوە سەرەخۆشی و هاوسۆزی خۆمان بۆ هەموو قوربانیانی ئەم کارەساتە دەردەبڕین، و لە ناخەوە هەست بە ئازارەکانیان دەکەین.

ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

۲۰۲۳-۲-۷

## گەندەڵی، توێژی بۆرژوازی گەورە و پەیوەندیی بە سەرمایەی کۆمەڵایەتییەوە لە عێراقدا

موئەیەد ئەحمەد ل۳

### خۆپیشاندان و مانگرتنی خەڵکی خۆڕاگری شاری پێنجوێن و دێهاتەکانی سەرکەووتوانە کارەبای (۲٤) سەعاتەیان بەسەر دەسەڵاتدا سەپاندەوە



پاش پێنج شە و ڕۆژ لە خۆپێشاندان و مانگرتنی بێ وچانی جەماوەری قەزای پێنجوێن، و لە کەش و هەوای سارد و سەهۆڵبەندانی ئەم شارەدا و بە هاوکارییەکی کەم وێنەی هەموو دانیشتوان، ئەمڕۆ (١٥-١-٢٠٢٣) توانییان کارەبای (٢٤) سەعاتە دابین بکەنەوە بۆ قەزاکەیان و بیسەپێننەوە بەسەر دەسەڵاتی گەندەڵی هەرێمی کوردستاندا.

ئەم دەستکەوتە خەباتکارانەیەی دانیشتوانی شاری پێنجوێن ئەزموونێکی گەورەی سەرکوتوونایە لە بواری دەستڕاگەیشتنی دانێشتووان و بەهەرەمەند بوونیان لە وزەی کارەبای گشتی.

## دەربارەی بڕیارەکەی ئەم دواییەی دادگای فیدراڵی بە بڕینی مووچەی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان

تاریق فەتحی

یاری کردن بە بژێوی جەماوەر و هەژارکردنیان بووەتە ڕۆتینێکی هەمیشەیی لە لای دەسەڵاتی ڤێزەووەنی ئیسلامی سیاسی و نەتەوەیی، ئەمڕۆ ئەم هێزانە لە توندترین هێرشی خۆیاندان بۆسەر ژیانی خەڵک، ئەوەتا گرانی تێچووی ژیان بۆ چینە هەژار و نەدارەکان گەیشتووەتە ڕاددەیەکی زۆر سەخت، و ڕێژەی هەژاری لە کۆمەڵگادا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرز دەبێتەوە، ئەمەش لە کاتێکدایە کە تەنها لە داهاتی نەوتەوە زیاتر لە دە (١٠) ملیار دۆلار لە مانگێکدا دێتە ناو وڵاتەکەوە، ئەمە ئەو هاوکێشەیەیە؛ کە تا داهاتی دارایی وڵات زیاد بکات، خەڵک هەژارتر و برسیتر دەبن.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، و بە دیاریکراوی، لە بیست و پێنجی مانگی یەکی ئەمساڵ (٢٠٢٣)دا، بەناو "دادگای باڵای فیدراڵی" بڕیارێکی دەرکرد بە بڕینی مووچە و خانەنشینی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان. ئەمەش لە کاتێکدایە کە بارودۆخی ژیانی جەماوەر لەم هەرێمەدا سەخت و ناهەموارە و ئەم هەنگاوە هێندەی تر سەختتری دەکات.

ئەو ململانێیەی کە لە نێوان هێزە ئیسلامی و ناسیۆنالیستەکان خۆیاندا دەگوزەرێت، لەگەڵ توندتربوونەوەی قەیرانەکانیان، هەمیشە دەیگوازنەوە بۆ گۆڕەپانی جەماوەر، و وا لە خەڵک دەکەن باجی ئەو ململانێ و قەیرانانە بدات. ناکۆکی لەنێوان هێزە ئیسلامیەکان لە بەغدا و ناسیۆنالیستەکان لە کوردستان لەسەر دابەشکردنی تاڵانی، و کلکایەتی ئەم هێزانە بۆ چەند دەوڵەتێک، و فەرمان وەرگرتنیان لەم دەوڵەتانە، خەڵک دەکاتە قوربانی یەکەمی ئەم قەیرانانە.

بڕیارەکەی ئەم دواییەی ئەم دادگایە بڕیارێکی ڕەگەزپەرستانە و شۆڤێنیستی و ڕقاوی ڤێزەووەنە کە مەینەتییەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و خانەنشینەکانی ئەو هەرێمە زیاتر و زیاتر دەکات و هیچ زەرەر و زیانێک بەو هێز و حزبە بۆرژوا نەتەوایەتییەکان ناگەیەنێت کە دەسەڵاتداری هەرێمەکەن، چونکە بەرژەوەندی و پارەکانیان لەژێر هیچ پرسیار و لێپرسینەوەیەکدا نییە.

جگە لەوەش، دەرکردنی ئەم بڕیارە وەک وەڵامێک بە خواستی هێزە ئیسلامییەکانی بەغدا و ئەوانەش کە لە پشتیانەوەن، گرژی و دەمارگیری نەتەوەیی زیاتر دەکات، چونکە بەردەوامی دەدات بە دابەشبوونی نەتەوەیی و هەڵاواردنی نەژادی لەنێو جەماوەردا و دەیچەسپێنێت، کە ئەمەش ئەو ئاوازەیە کە ئەم هێزە ئیسلامییانە و ناسیۆنالیزمی فاشیست جارجارە سەما و یاری لەسەر دەکەن.

بێبەشکردنی جەماوەری هەرێمی کوردستان لە سەرچاوەکانی بژێوی ژیانیان، بەڵگەیەکی تری خوڵقاندن و هەڵبەستنی قەیرانەکانە، چونکە ئەم دەسەڵاتە ئایینی و نەتەوەییە ناتوانێت بەبێ قەیرانێک بژی کە خۆی دەیخوڵقێنێت و هەڵیدەبەستێت، ئەویش بەبێ هیچ پاساو و پاکانەیەک، بۆ ئەوەی سەرنجی جەماوەر لەسەر ئەو قەیرانە ڕاستەقینەیە لابدات پێیدا تێدەپەڕن.

پێویستە بەتوندی بەرامبەر بەم جۆرە بڕیارە ڤێزەووەنە شۆڤێنییانە بوەستینەوە، و داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەم دادگا ڕەگەزپەرستە بکەین، کە بووەتە ئامرازێک بە دەستی هێزە ئیسلامییەکانەوە، کە لە ڕێگەیەوە هەر بڕیار و یاسایەکی ناڕەوا و ستەمکار خۆی بیەوێت دەریدەکات.

٢٠٢٣-١-٢٧

تێبینی: ئەم بابەتە لە ژمارە (٢٩)ی ڕۆژنامەی (الغد الإشتراكي) شوباتی (٢٠٢٣)دا بڵاوکراوەتەوە و (شیرین عەبدوڵڵا) لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی.

## بۆ دارشتنی پرۆژە یاسای کار، پێویستبوو ڕاوێژ بە کرێکاران و ڕابەرەکانیان بکرێت؟!

عەلی محەمەد ئەمین

ل ١٠




ل٥ - ٨

ڕەوت
البديل OCA
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# دەربەندیخان، ڕێکخەرانی مانگرتن و ناڕەزایەتی شارەکە بۆ ڕۆژنامەی "ڕەوت" دەدوێن

سەرەتای شوباتی ئەمساڵ (٢٠٢٣)، جەماوەری زەحمەتکێش و بێبەشی دەربەندیخان دەستیان دایە ناڕەزایەتی دەربڕین و هاتنەسەر شەقامەکانی شار، و بە هەڵدانی چادر و خەیمە مانگرتنی خۆیان ڕاگەیاند، ئەمەش دوای ئەوە دێت کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا، چەندین جار ناڕەزایەتییان نواندووە، خۆپیشاندان و مانگرتنیان وەرێخستووە، دژی پیسی ئاوی خواردنەوەی شارەکە و کەمی سەعاتەکانی کارەبا و خراپی ڕێگەوبان و نەبوونی خزمەتگوزارییەکان.

هاوڕێیان (نەوزاد بابان) لە ڕۆژنامەی (ڕەوت) و (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق)، وە (دڵشاد محەمەد عارف) لە (کۆربەندی ڕاپەڕیوانی شۆڕشگێر لە عێراقدا) بەشداری ئەم ناڕەزایەتی و مانگرتنە بوون، و پەیامیشیان خوێندۆتەوە لەناو ئاپورەی ناڕازییان و مانگرتووان‌دا، کە لەم ژمارەیەدا بەشێک لە پەیامەکانیان بڵاوکراوەتەوە.

هاوڕێ (نەوزاد)، لە نزیکەوە چاوپێکەوتنی لەگەڵ هەڵسوڕاوان و ڕێکخەرانی ئەم ناڕەزایەتی و مانگرتنە ئەنجام داوە:

■ **لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا کە خەڵکی ئەم شارە چەند ڕۆژێکە بەم سەرما و سۆڵەیە لەسەر شەقامن بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین، هۆکاری ئەم خۆپیشاندان و مانگرتنە چییە؟ داواکارییەکانی خەڵکی ئەم شارە چییە؟**



**هاوکار قادر وەک هەڵسوڕاوێکی نێو ئەم ناڕەزایەتییە ڕایگەیاند:**

گرفتەکانی خەڵکی دەربەندیخان نەبوونی ئاو و کارەبا، نەبوونی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی و کێشەی ڕێگاوبانە، وە لە چەند ساڵی ڕابردوودا، لەبەرامبەر ئەو نەهامەتیانەی کە ئائیسیا خەڵک بەدەستیەوە دەناڵێنێت، بەردەوام هەڵوێستمان نواندووە، تەنانەت لە هەندێک لە ناڕەزایەتییەکاندا قوربانی، و برینداریشمان هەبووە. ئەم ناڕەزایەتیەی ئێستاشمان درێژکراوەی ناڕەزایەتییەکانی پێشووترە.

هەروەها لەگەڵ ئەوەدا کە یاداشتنامەی داواکارییەکانی شاری دەربەندیخانمان هەبووە، بەڵام تا ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان وەڵامیان نەداوینەتەوە و لەبەرامبەر ئەو هەموو ناڕەزایەتییەدا نەهاتوون بەدەم خەڵکەوە، بۆیە ئەم ناڕەزایەتییە بەردەوامی دەبێت هەتا دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێم دێنە سەر خەت و داواکارییەکان جێبەجێ دەبێت.




**حەکیم عەبدول کەریم، (ناسراو بە دکتۆر حیکمەت) هەڵسوڕاوی جەماوەری و ڕۆژنامەنوس وتی:**

داوکاری ئێمە، داواکارییە سەرەتاییەکانی ئینسانییە، خۆی لە دابینکردنی ئاوی پاک دەبینێتەوە، بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان و پرینسیپەکانی مافی مرۆڤ دەست ڕاگەشتن بە ئاوی پاک مافە، بۆیە پێشێلکرنی ئەم مافە، لەدەستدانی بنەمای ئەخلاقی بەڕێوەبەری حکومەت بەرامبەر بەخەڵک دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

ئاوی دەربەندیخانە بە گوێرەی ستانداردی (ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی -WHO) شیاوی خواردنەوە نییە، لەبەرئەوی لە ڕووی فیزیاییەوە سروشتی نییە، هەروەها لەڕووی بایۆلۆژیشەوە پیس و پڕ مایکرۆبە و بەکارهێنانی کلۆر (Colorization) بۆ پاککردنەوەکەی لە ڕێگەی زانستییەوە نییە. لە هەمووی مەترسیدارتر ژەهراوی بوونی ئاوی دەریاچەی دەربەندیخانە بە کانزا قورسەکان (Hevy metal)ی وەک (pb) و (CU) و چەندین کانزای تری مەترسیدار کە هۆکاری نەخۆشی شێرپەنجەن.

(پرۆژەی پاڵاوتنی ئاوی دەربەندیخان) کە لە (١٤-٣-٢٠١٣) بەردی بناغەی دانراوە، دە ساڵ تێپەڕیووە بەسەریا و ئێستا کە ساڵی (٢٠٢٣)یە هێشتا پرۆژەکەیان تەواو نەکردووە.

هەروەها جگە لەم گرفتەی ئاوی خواردنەوە، خەڵکی شار داخوازی باشکردنی ڕەوشی کارەبا و تەواوکردنی ڕێگەی دووسایتی (دەربەندیخان - زەڕایەن) و (دەربەندیخان - پێباز)ن.

تا ئێستا (٦-٢-٢٠٢٣) ئەوە هەشت ڕۆژە لە شەقامین و هیچ وەڵامێکمان لە لایەن حکومەتەوە دەست نەکەوتووە، بەڵام بەردەوام دەبین هەتا بەدەستهێنانی مافە سەرەتاییەکانمان.



**(گۆران مامەعەلە) لە هەڵسوڕاوان و ڕێکخەرانی ئەم مانگرتن و ناڕەزایەتییە لە وەڵامی پرسیارەکەدا ڕایگەیاند:**

هۆکارەکەی کەڵەکەبوونی کێشە و گیرگرفتەکانی (٣٠) ساڵەیە کە لە هەناوی بەناو حکومەتی کوردییەوە هەڵقوڵاوە. کێشەکان زۆرن، بەڵام ئەوەی کە گرنگە مەسەلەی تەندروستی خەڵکی دەربەندیخانە، چونکە ئاوێکی پیس دەرخواردی خەڵکی دەربەندیخان دەدریت، هەرچی ئاوەڕۆی شارەزوور و سلێمانی و داودەرمانی خەستەخانەکان هەیە دەرژێتە ناو ئاوی دەربەندیخانەوە، بۆیە بۆتە هۆکاری تووشبوون بە شێرپەنجە بۆ خەڵک. بەگوێرەی زانیارییەکان لە (خەستەخانەی هیوا)ی سلێمانی، زۆرێک لەو کەسانەی کە تووش نەخۆشی شێرپەنجە بوون، خەڵکی دەربەندیخانن.

کێشەیەکی تر نەبوونی کارەبای بەردەوامە. ساڵی (٢٠٠٦) پێکەوە من و تۆ (نەوزاد) لەسەری زیندانیی کراین، حکومەت و بەرپرسان هەر بەڵێن دەدەن کە کێشەی کارەبا چارەسەر دەکەن، تائێستا نەک چارەسەر نەکراوە، بگرە خراپتر بووە.

ئاوی پاک و کارەبای بەردەوام، دوو ئامانج و داخوازی سەرەکی ئێمەیە، جگە لەم دوو کێشەیە، گەنجەکانی ئەم شارەش بارودۆخیان خراپە، بێکار و بێ ئیشن، بەکۆمەڵ گەنجەکان و خانەوادەکان کۆچ دەکەن بۆ شارەکانی تر بەهۆی نەبوونی کار و گوزەرانەوە، ئیتر هەموو ئەم کێشانە کەڵەکە بوون و خەڵکی هێناوەتە سەر شەقام، و خۆشبەختانە خەڵک ئامادەییەکی باشیان هەیە لەم ناڕەزایەتییانەدا. خەڵکی دەربەندیخان و ئێمە ئەو دەستەیە کە هەڵساوین بەم کەمپینە، واز ناهێنین و ئەگەر کێشەکانمان چارەسەر نەکرێت هەڵوێستی تریشمان دەبێت.



**زمناکۆ: یەکێک لە هەڵسوڕاوەکانی ئەم بزووتنەوەیە ناڕەزایەتییە، لە وەڵامدا وتی:**

زۆر بەخێرهاتی، سوپاس بۆ ئەو هەنگاوانەی کەناوتە بەرەو دەربەندیخان لە سلێمانییەوە. ئاوی خواردنەوەمان پیس و خراپە، کارەبامان کەمە و خراپە، بەڵام بڕوامان بەخۆمان هەیە و ئامانجی گەورەمان هەیە. ئەم دەسەڵاتە گەندەڵە، گەندەڵیی تا بیناقاقای هاتووە، ئەبێ دەست لەکار بکێشێتەوە، ئەبێ ئامانجەکەی ئێمەش بێتە دی، لە بەدەستهێنانی ئاوی پاک و کارەبای بەردەوام.

ئەم وڵاتە سەرمایە و کەرەستەیەکی زۆری هەیە، توانای بەشەری زۆرمان هەیە، بەڵام سیستەمی سەرمایەداری بۆگەنە و دەسەڵاتەکەی دەیەویت خەڵک بخنکێنێت. ئێمە لێیان قەبووڵ ناکەین، دەبێت ئامانجەکەی خۆمان بپێکین. ئێمەی خەڵکی شاری دەربەندیخان لەسەر پێی خۆمان وەستاوین، دەبێ وەڵامان بدەنەوە، دەنا لێیان قەبوڵ ناکەین. هیوادارم ئەم بەهارە بەهاری بەڕێوەیە، بەهاری هەرێمی کوردستان بێت، ئەو دەموچاوە شکستخواردوانەی دەسەڵات، دوورخرێنەوە و وەلابنرێن.

## هاوپشتی لە شارەکانی تری کوردستانەوە

ئەمە و ئەم هەڵسوڕاوانە لە لێدوانەکانیاندا ڕایان گەیاند کە لە شار و شارۆچکەکانی وەکو سلێمانی، کەلار، هەڵەبجەی تازە، هەڵەبجەی شەهید، چەمچەماڵ، وە لە زۆر شوێنی ترەوە، خەڵکی پەیوەندییان کردووە و هاتوون و پشتیوانیان کردووین، چونکە کێشەی کەمی سەعاتەکانی کارەبا و کەمی و پیسی ئاوی خواردنەوە و نەبوونی خزمەتگوزارییەکانی تر لە تەواوی شارەکانی کوردستاندا لە ئارادایە هەر لە زاخووە بیگرە هەتا خانەقین. خەڵکی شار و شارۆچکەکانی تر زۆر ئومیدیان لەسەر ئەم ناڕەزایەتییەی دەربەندیخان هەڵچنیوە، دەسەڵاتیش تواناکانی خۆی خستۆتە گەڕ بۆ ئەوەی ئەم بزووتنەوەیە لەباربەرێت.

## پەیام بۆ وەرێخستنی بزووتنەوەیەکی گشتگیر

ئەم هەڵسوڕاوانە پەیامیان بۆ خەڵکی شار و شارۆچکەکانی تر ئەوەیە کە خۆیان ڕێکخراو بکەن و پەیوەندی بە وانەوە و و بە هەڵسوڕاوانی شار و شارۆچکەکانی ترەوە بگرن، تا ببێت بە بزووتنەوەیەکی ناڕەزایەتی گشتگیر و سەراسەری بۆ بەچۆکداهێنانی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان.

## تێبینی:

لە فەیسبوکی ڕۆژنامەی ڕەوت ڤیدیۆ کلیپی ئەم چاوپێکەوتنەی هەڵسوڕاوان و ڕێکخەرانی ناڕەزایەتی و مانگرتنەکەی شاری دەربەندیخان دانراوە و بڵاوکراوەتەوە و لەوێوە دەتوانن بیستەر و بینەری بن.



# چی تازە لە نێوان (یەکێتی) و (پارتی) هەیە؟ ئاسۆی بزوتنەوەیەکی ڕادیکاڵی تر

**جەمال کۆشش**



هەرێمێک هەیە و کۆمەڵێ حزبی کوردایەتی — ئیسلامی، و ئیسلامی — کوردایەتی، و لیبراڵ - ئیسلامی - کوردایەتی هەیە و پێکەوە حکومەتیان دامەزراندووە.

ماوەی (٣١) ساڵە دانیشتوانەکەی، لەنێو شەڕ و تیرۆر و قۆرخکاری نێو ئەم ڕژێمە بەبارمتە گیراون. ئەم حزبانە باڵیان لێدەبێتەوە و یەکدەگرنەوە و نوێ دروستدەکەن و هەڵبژاردن دەکەن و هیچ دەریچەیەکی باشتربوون ناکەنەوە و لە بازنەیەکی نائومێدی ئەبەدیدا خەڵکیان بەگیر هێناوە.

تێهەڵچوون و شەڕ لەسەر بودجە، لەسەر سەرۆک کۆمار و جێگرەکانیان، سەرۆکایەتیەکان، سەرۆکی پەرلەمان و لیژنەکانیان، بەڕێوەبەرایەتیەکان، قائمقام و شارەوانیەکان،.. شەڕە قۆچە لە ڕمبازێنی مەیدانەکەدا، خودی پرۆسەکە بەم شێوەیە بەڕێوە دەبرێت.

لە هەندێ جێگا پێویستی بە بایکۆتە، لە هەندێ شوێن تیرۆر، لە هەندێ کات، نێوەندگیری و دانیشتن و زنجیرە کۆبونەوە، لە دوورەوەداشدا بلۆکبەندی دەوڵەتان و لە هەندێ دەوران داگیرکردنی ناڕەزایەتی خەڵک بۆ بەرژەوەندی خۆت و بەکارهێنانی بۆ ئامانجی حزبی و پێگەت لە پەیکەری دەسەڵات.

بونیادی ئابوری ئەم ڕژێمە بەجۆرێک تێکەڵ بە دەسەڵاتی سیاسی و میکانیزمە نێوخۆییەکانی بووە، ئاڵوگۆڕ لە پێکهاتەی سەرخانی سیاسیدا، یەکسەر و ناچاری سەر بۆ شۆڕش بەسەر ئەم بونیادەدا دەکێشێت.

(یەکێتی) لەنێو خۆی چ باڵ و کوتلەیەکی هەیە، ئیسلامی توندڕەو میانڕەوی هەیە، دوو باڵەکەی نێو (پارتی) چەند ئاڵوگۆڕ لەنێو پۆستە حزبی و حکومییەکان دەکەن، ئەمانە کاریگەرییان لەنێو جوگرافیای هێزی خۆیاندایە. ئەوان شەڕ و ئاشتی بۆ خۆیان دەکەن. ژیان و ماف و شکۆ و گوزەرانی خەڵکی کوردستان لە دەرەوەی ئەم زۆنانەوەن، یانەکو، هەروا بمێنن باشترە، لە سەردەمی حکومەتی هاوبەشی (مەسرور و قوباد)دا پاشەکەوت فەرزکرا.

یەکبوونی ماڵی کوردی، یەکبوونی ماڵە بازرگانە سیاسیەکان و سەرمایەدارە ناکۆکەکانە. ڕاپرسییەکانی نێو خەڵک، نەفرەت و تورەیی هەموو چین و توێژەکان لە دەسەڵاتی خۆماڵی کورد نیشان دەدات. سەدا (٥١) خەڵک گەڕانەوەیان بۆ بەغدا و هەڵوەشانەوەی قەوارەی هەرێمیان پێباشترە. (سایتی درەو-ڕاپۆرتی شیکاری).

ئایا لەم بۆچوون و ڕەد کردنەوەیە ڕوونتر هەیە کە خەڵک بە دەسەڵاتدارانی بگەیەنێت؟ ئەم ڕاپرسیە وەک هەندێک لە دەزگاکان بە شۆکهێنەر بڵاویان کردەوە و ئاماژەن بۆ ئەزمەیەکی کۆمەڵایەتی قووڵ.

لەبەرامبەر بەرزبونەوەی نرخی دۆلار و هەڵئاوسان و گرانی، (حکومەتی هەرێم)، بۆ ڕیکلام و خۆبادانیش، یەک قسەی لە زار نەهاتە دەر، وەک ئەوە کە هیچ پەیوەندییەکی بە ژیانی خەڵکی کوردستانەوە نەبێت، بەڵام لەبەرامبەر بڕینی (٢٠٠) ملیارەکە، هەموو هاتنە خەت و هەڕەشەی بێ ناوەڕۆک و هیستریکی میدیاییان بەڕێخست.

شتێکی تازە ئەگەر هەبێت لەو نێوەدا، خەریکە (زۆنی سەوز) خۆی هاوتا بە (زۆنی زەرد) لە گرتن و ڕاونان و سەرکوت و زیندانیدا دەکات. گردبونەوە و خۆپیشاندانەکان قەهراوی سەرکوت دەکات. هەرچەند ئەوە زۆر تازە نییە و ماوەی چەند ساڵێکە ئەم پرۆسەیە دەستیپێکردووە، بەڵام لەوەتەی (یەکێتی) یەکدەستتر بووە، ئەم دەزگایەش سەرکوتگەرتر بووە. تازە تر لەوانە نزیکبونەوەی تەواوی حزبەکان و بزووتنەوەکان لە پێکداچوون و تێهەڵکێشی نەتەوەگەری و ئیسلامگەری و هاوستراتیژیی ئابووری و سیاسیان.

خەڵکی (پێنجوێن) سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، دەربەندیخان لە مانگرتنی گشتیدان. سەرەتای بزووتنەوەیەکی تری جەماوەری بۆ پێداویستیە بنچینییەکان بەدەر لە ئەجیندای حزبەکانی نێومان هێنان، بەڕێوەیە. ئەم ناڕەزایەتییانە دەریچەیەک بۆ ڕزگاری و ئاسۆی ئاڵوگۆڕیان هەڵگرتووە.

سەرەتای ٢٠٢٣/٢

# بەشێک لە پەیامی نەوزاد بابان لەناو ئاپۆرەی جەماوەری ناڕازی دەربەندیخاندا

ئێوە جارێکی تر بە گوڕ و تینێکی بەهێزتر دەنگی ناڕەزایەتیتان بەرز کردەوە و نایەکی بەهێزتان دا بەڕووی دەسەڵاتدا. ئەم ناڕەزایەتییە جەماوەرییەی ئێوە لە تەواوی شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا دەنگیداوەتەوە، خەڵکی شارەکانی کوردستان بێجگە لەوەی کە هاوپشت و هاوخەباتی ئێوەن، هیوا و ئاسۆشیان بە سەرکەوتنی ئێوەوە گرێ داوە.

ئامراز و ڕێگەیێک کە ئێمە لە ئایندەدا، دەبێ دەستی بۆ بەرین هەر ئەم تەجمموع و کۆڕوکۆبوونەوە و هاتنەمەیدانەی وەک ئەمەی ئێستای ئێوەیە، پێویستە دەرس لەم تەجرەبەیە وەربگرین، و ئەم هاتنەمەیدانەتان بەرەو ئەو ئاراستەیە بڕوات کە ئیدارەی شاری دەربەندیخان بکەوێتە دەست نوێنەرانی هەڵبژێردراو و دەستنیشان کراوی خۆتان، نەک لەدەستی ئەو دەسەڵاتە سەرمایەدار و گەندەڵ و مشەخۆرەدا بمێنێتەوە کە لەسەروو ئیرادەی ئێوەوە دروست بووە لە عێراق و کوردستاندا، وە زیاتر لە سی (٣٠) ساڵە سەروەت و سامانی ئەم وڵاتە حەپەلوش دەکەن.

ئێمە چی بکەین؟ لە ڕاستیدا ئەوەی کە ئەسڵە ئێستا، ئەوەیە کە نەهێڵن ئەم تەجرەبەیەش وەک (١٧)ی شوبات، هیچ حزب و گروپ و لایەنیکی مشەخۆری تر لەنێو ئەم سیستەمەدا، کە سیستەمی سەرمایەدارییە، سواری شەپۆلی ناڕەزایەتییەکان و ئەم تەجروبە زیندووەی ئێوە بێت.

گەر ئیرادە هەبێت هەرئێستا نوێنەرانی ئێوە ئەتوانێت دەسەڵات بگرێتەدەست، وە ئەم تەجرەبەیە عەکس کەینەوە لە سەراسەری کوردستاندا. لە سەرەتاکانی نەوەدەکاندا ڕاپەڕین لە شارۆچکەی ڕانیە دەستپێکرد و پریشکی چەخماخەکەی بۆ هەموو شارەکانی کوردستان ڕۆیشت، بۆیە ئەبێت پریشکی ئەم حەڕەکەتە و ئەم تەجروبەیەی ئێوە، ئەمجارە لە دەربەندیخانەوە بەرەو سلێمانی و هەولێر و هەڵەبجە و گەرمیان و ڕاپەڕین و شوێنەکانی تر بڕوات.



دەسەڵات زۆر لەم تەجروبە و خۆڕاگریەی ئێوە دەرترسێت کەتەشەنە بکات بۆ شار و شارۆچکەکانی تر کە بەدڵنیایەوە پرشی بڵاو دەبێتەوە، ئەوەی کە دوێنی لە پێنجوێن ڕوویدا پاشەکشەیەک بووە بە دەسەڵاتی سیاسی لەو ناوچەیە و توانیان کارەبای (٢٤) سەعات، و نەوت بەدەست بهێنن.

ئێمە هاوپشت و هاوخەباتتانین ئێمە لەگەڵتانایین وە هیوادارین ئەم هاتنەمەیدانەی ئێوە بگوازرێتەوە بۆتەواوی شار و شارۆچکەکانی تر. خەڵکی دەربەندی خان نمونەی خۆڕاگری و خەباتێکی نوێیان نیشانی ئێمەدا و هیوادارین بە دەستکەوتەوە بچنەوە ماڵەوە

٦-٢-٢٠٢٣



# ووتەی هاوڕێ دڵشاد محەمەد عارف، نوێنەری (کۆربەندی ڕاپەڕیوانی شۆڕشگێر لە عێراقدا)

**لەناو ئاپۆرای جەماوەری ناڕازی دەربەندیخاندا**

ئەو بەستەلەکە تواوەوە کە دەیان وت کورد و عەرەب، فلانە ئاین و فلانە نەتەوە، ئەمانە دژی یەکن، وە بۆ ماوەی سەدەیەک زیاتر ڕۆحی ئێمەیان کردبووە قوربانی بۆ بەگەیشتن بەئامانجە کۆنەپەرست و ئیستیبدادییەکانی خۆیان، بەڵام بۆ ئێمە چ لە ڕابردوودا و چ لە ئێستادا زۆر و ئاشکرایە کە خەڵکی (بەسرە) لەگەڵ خەڵکی (دەربەندیخان) و (زاخۆ)دا، هیچ جیاوازی و دژایەتییەکی بەرژەوەندییان نییە و هەموو هەمان موعاناتمان هەیە بەدەست دەسەڵاتی نەتەوەیی و ئایینییەوە، ئەوەی بۆ ئێمە زەرورە، ئەوەیە کە بتوانین چۆن چۆنی هاوخەباتی خۆمان هەر لە (بەسرە)وە تا (سلێمانی) و (دەربەندیخان) لەگەڵ یەکتریدا گرێبدەین.

(کۆربەندی ڕاپەڕیوانی شۆڕشگێر لە عێراقدا) کە هەڵقوڵاوی (ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری عێراق) و بزووتنەوەی ناڕەزایەتییەکانی عێراقە، خۆی بە هاوپشتی ئەم بزووتنەوە ناڕەزایەتییەی شاری (دەربەندیخان) دادەنێت و ئاواتەخوازی ئەوەین ئەم خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیانەی ئێوە بەئەنجام بگات و بتوانن ئەنجومەنەکانی خۆتان وەک ئەنجومەنی هەرەوەزی لە شوێنەکانی خۆتان پێکبهێنن و نوێنەری ڕاستەقینەی خۆتان هەڵبژێرن.

وە بتوانن لە پەیوەندیدا بن بە (کۆربەندی ڕاپەڕیوانی شۆڕشگێر لە عێراقدا) و تیایدا بەشدار بن، بۆ ئەوەی بتوانین کاتێک ناڕەزایەتی و خۆپیشاندان لە کوردستان و لە ناوەڕاست و خوارووی عێراقدا سەرهەڵدەدات، هەمووومان پێکەوە هاوخەباتی بکەین و وەک یەک بزووتنەوەی سەرتاسەری یەکگرتوو ڕووبەڕووی دەسەڵاتدارانی گەندەڵ و سەرکوتگەر بووەستینەوە، بۆ بەدەستهێنانی ماف و داخوازییەکانمان و بۆ ڕزگاربوونمان.



دستی هاوخەباتیان بەگەرمی دەگوشین.

٦-٢-٢٠٢٣

# گەندەڵی، توێژی بۆرژوازی گەورە و پەیوەندیی بە سەرمایەی کۆمەڵایەتییەوە لە عێراقدا



موئەیەد ئەحمەد

لەگەڵ داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمریکاوە و ڕووخانی ڕژێمی (بەعس) و دامەزراندنی "دەسەڵاتی هاوپەیمانی کاتی" لەژێر ئیدارەی (پۆڵ بریمەر) فەرمانڕەوای دانراو لە لایەن دەوڵەتی ئەمریکا، و پاشان "ئەنجومەنی حوکمڕانی"، هەروەها بە درێژایی ماوەی داگیرکاری ڕاستەوخۆی ئەمریکییەکان و حکومەتە یەک لە دوا یەکەکانی ئەو ماوەیە و دواتری و تا ئێستاش، سیاسەتی ئابووریی فەرمی هێزە داگیرکەرەکان و ڕەوتی بۆرژوازی ئیسلامی و ناسیۆنالیستی دەسەڵاتدار، گۆڕینی ئابووری سەرمایەداری بووە لە عێراق بۆ ئابوورییەکی سەرمایەداریی نیولیبراڵ و چەسپاندنی بە شێوەیەکی قووڵ و هەمەلایەنە و خێرا.

لە ماوەی "دەسەڵاتی هاوپەیمانی کاتی" و ئەنجوومەنی حوکمڕانیدا، (پۆڵ بریمەر) سەد بڕیاری دەرکرد کە بەشێکی زۆریان ڕێکاری ئابووری بوون بۆ ئەنجامدانی ئەم گۆڕانکارییە لە ئابووری عێراقدا. بەشێک لەو فەرمانانە جێبەجێ نەکران، بەهۆی بوونی ئۆپۆزیسیۆن بەرامبەریان و ترس لە ڕووبەڕووبوونەوەی جەماوەریی بە دژیان. لەنێو ئەم بڕیارانەدا دەرکردنی "یاسای وەبەرهێنانی بیانی" لە لایەن ئەنجومەنی حوکمڕانییەوە لە (٢٠ی ئەیلولی ٢٠٠٣)دا، بوو، کە بەپێی ئەو بڕیارە "هەموو ئەو دامودەزگایانەی کە دەوڵەت خاوەندارییەتیان دەکات، دادەنرێن بۆ فرۆشتن و بەتایبەتکردن..." .

ئەمە، و حکومەتە یەک لە دوا یەکەکانی عێراق دریغییان نەکرد لەوەی کە هەموو ئەو سیاسەت و یاسا و ڕێکارانەی کە بۆرژوازی ئەمریکی و ڕۆژئاوایی پیادەیان کردبوو بۆ چەسپاندنی سەرمایەداریی دارایی (مالی) نیۆلیبراڵ (Neoliberal financialised capitalism) لە وڵاتەکانیاندا و لە ئاستی جیهانیدا لە ماوەی زیاتر لە دوو دەیە پێش داگیرکردنی عێراق و دەکران بگوێزرێنەوە بۆ عێراق بیانگوێزێتەوە و جیبەجێیان بکات لەم وڵاتەدا. لەوانە، ئەزموونەکانی تایبەتکردنی پیشەسازی و خزمەتگوزارییە سەرەتاییە گشتییەکان، لابردنی قەید و بەند لەسەر نرخی کاڵاکان، دامەزراندنی سەربەخۆیی بانکی ناوەندی، دەرکردنی یاسای بانکەکان، کردنەوەی "بانکە ئیسلامییەکان"، کەمکردنەوەی بودجەی سیستەمی پەروەردە و تەندروستی گشتی و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی تر، و تێکشکاندنی دەسەڵاتی سەندیکا و ڕێکخراوە کرێکارییەکان.

لەم ڕاستایەدا، "هەر لە یەکەم ڕۆژی داگیرکارییەوە، بەشێوەیەکی سیستماتیک، کار کرا بۆ کردنەوەی بازاڕی عێراق بە فراوانی، بۆ هاوردەکردنی سەرجەم کەرەستەی کشتوکاڵی و پیشەسازی، بە بیانووی دابینکردنی کەلوپەل بۆ عێراقییەکان، هاوکات لەگەڵ زیادکردنی مووچە و دروستکردنی مەفاهیمی بەکاربردن و گۆڕینی کۆمەڵگا بۆ کۆمەڵگەیەکی بەکاربەر (استهلاکی). وە بۆ سەقامگیرکردنی ئابووری ڕەیع (ڕینت)، هیچ هەوڵێک بۆ نوژەنکردنەوە و دەستپێکردنەوەی پرۆژەی ئابووری، پیشەسازی، کشتوکاڵی و خزمەتگوزاری گشتی نەدرا، حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق پێداگرییان لەسەر ڕێگریکردن لە وەبەرهێنانی حکومەت لە پرۆژەکانی کەرتی گشتیدا کرد..." . جگە لەوەش دەسەڵات بە ئەنقەست کاری کردوە لەسەر دروستکردنی قەیران سەبارەت بە دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی دەوڵەت وەک ئاو، کارەبا، تەندروستی، پەروەردە و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان، ئەمەش وەک بەشێک لە هەڵمەتی بڵاوکردنەوەی خۆشباوەڕی و پڕوپاگەندەی سیاسی بۆ بە تایبەتکردنی ئەو دامەزراوانەی حکومەت کە ئەم خزمەتگوزارییانە دابین دەکەن.

لە (حکومەتی ئەیاد عەلاوی)ەوە تا حکومەتەکانی (جەعفەری) و (مالیکی) و (عەبادی) و (عەبدالمەهدی) و (کازمی) و حکومەتی ئێستای (محەمەد شیعاع ئەلسودانی) لە پیادە کردنی ئەم سیاسەت و ڕێبازە نەوەستاون و ناوەستن.

حیزبە بۆرژوازییە ناسیۆنالیستەکانی دەسەڵاتدار لە هەرێمی کوردستان تەنانەت پێش ڕووخانی ڕژێمیش دەستیان کرد بە جێبەجێکردنی سیاسەتە ئابوورییە نیولیبراڵییەکان، بەڵام نەیانتوانی بە قەبارەیەکی فراوان و هەمەلایەنە پەرەیان پێبدەن هەتا دوای ئەوەی کە دەرگاکان بە فراوانی کرانەوە بۆ دابەشکردنی داهاتی نەوت لەسەر بنەمای پشکی تائیفی و قەومی، و تاڵانکردنی ئاشکرای پشکی هەرێم لە لایەن ئەو دوو حزبە گەندەڵە میلیشیاییەی لەسەر حوکمن، (پارتی) و (یەکێتی).

ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێبدرێت، ئەوەیە کە هێزەکانی ڕژێم لە هەموو قۆناغەکاندا و لە هەموو ئەو هەلومەرجە سیاسی و ئەمنییە کارەساتبارانەی کە عێراق پێیدا تێپەڕیوە، جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتانەیان درێژەپێداوە، لە کاتی شەڕەکانی هێزەکانی ئەمریکا، شەڕی تایفەگەری، ئۆپەراسیۆنە تیرۆریستییەکان، شەڕی (داعش) و داگیرکردنی یەک لەسەر سێی خاکی عێراق. هەموو ئەمانە بە هەماهەنگی سیستماتیک و ملکەچ بوون بۆ مەرجەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی ئەنجام دراوە بە ئامانجی لابردنی ئاستەنگەکانی بەردەم سەرمایەداریی بازاڕی ئازاد لە عێراق و "دارشتنەوەی ئابووری" بەو پێیە.

هێزەکانی ڕژێم و لایەنگرانیان لە وڵاتانی ئیمپریالیستی و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانیان درێژەیان بەم هەڵمەتەی "دارشتنەوەی ستراکچەری ئابووری"دا لە عێراقدا لە دوو دەیەی ڕابردوودا، و سیاسەت و پرۆژەی یاساییان خستۆتەڕوو و جێبەجێیان کردووە، کە دواترینیان "لاپەری سپی"یە لەم ڕووەوە. ئەم هێزانە و بەرگریکارانی سەرمایە و سەرمایەداری، لە حیزبە ئۆپۆزسیۆنە ناسیۆنالیست و ئایینی و نیولیبراڵەکان و تەنانەت بەشێک لەوەی کە خۆیان بە چەپ ناودەبەن، هەروەها ڕەوتە فیکرییە بۆرژوازییەکان و ڕۆشنبیرانی ئەم چینە، هاوکات لەگەڵ ئەم هێرشە بۆ "دووبارە دارشتنەوەی ستركچەری ئابووری"، هەڵمەتی پڕوپاگەندەیی بەردەوامیان دژی سۆسیالیزم و یەکسانی ئابووری نێوان هاووڵاتیان دەستپێکرد کە ئێستاش بەردەوامە. هەموو ئەمانە بەو بیانوەی کە مۆدێلی ئابووری سەرمایەداری نیولیبراڵ باڵادەستە لە ئاستی جیهانیدا، و گوایا "سیستەمی سۆسیالیستی" نەیتوانیوە گەشەی ئابووری و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بەدەستبهێنێت، دیارە مەبەستیشیان لەم سیستەمە "سەرمایەداری دەوڵەتی" بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕژێمی فاشیستی بەعسە لە عێراق.

ڕاوێژکارە ئابوریە فەرمییەکانی ڕژێم و ئەو بەشە لە ئابووریناسەکانی بۆرژوازی کە نوقمی ملکەچی سیاسەت و مۆدێلەکانی ئابووریی سەرمایەداری نیولیبراڵن، دەستیان کرد بە تەپڵ لێدان بۆ ئەم گۆڕانکارییە ئابوورییە سەرمایەدارییە نیولیبراڵیە و ئەم هەڵمەتانە بۆ لابردنی ئاستەنگەکانی بەردەم بازاڕ و لە ئەنجامدا لەبەردەم سەرمایەی تایبەت و جووڵەکەیدا بەجۆرێک کە پابەندی هیچ قەیدوبەندێک نەبێت. ئەوەی کە چی ڕوودەدا لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی سەرمایە و گەشەی ئابووری سەرمایەداری لە عێراقدا بەپێی ئەم مۆدێلە نوقمبووە لە گەندەڵیدا و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییە وێرانکەرەکانی لە هەژاری و زیادبوونی بێکاری و تێکچوونی گوزەران و باری تەندروستی و پەروەردەیی زۆرینەی دانیشتووان، نەبووە و نابێتە هۆکاری نیگەرانی بۆ ئەوان، چونکە وێنەی خۆشخەیاڵی باو لە نێوانیاندا، یان باشتر بڵێین ئەو وێنەیەی کە دەیانەوێت جەماوەری پێ فریوو بدەن، سەبارەت بە گەشەی ئابووری سەرمایەداری، بەدەرە لە ناکۆکییەکان، ئەوان دەیانەوێت وامان تێبگەیەنن کە ئەم جۆرە گەشە ئابوورییە خۆی توانای سەرکەوتنی هەیە، لە ڕێگەی میکانیزمی بازاڕ و ئازادکردنی دەستی سەرمایەوە، بەسەر ئەو کاریگەرییە کۆمەڵایەتییە "نەگەتیڤانەی" کە لە ئەنجامی ئەوەوە دروست دەبن.

سەبارەت بە گەندەڵی بەربڵاو لە تەواوی ستراکچەری سیستمی پشکپشکێنە، و کاریگەرییە وێرانکارەکانی لەسەر ئابووری و ژیان و گوزەرانی زۆرینەی دانیشتوان، ئەو ئابووریناسە بۆرژوازییانە، گەندەڵی بە دیاردەیەکی نەخوازراوی لاوەکی ناودەبەن کە گوایا دەتوانرێت تێپەڕێنرێت لە پرۆسەی ئەنجامدانی گەشەی ئابوری و چەسپاندنی بناغەکانی سەرمایەداری بازاری ئازاد. لەم ڕاستایەدا ئاماژە بەوە ئەدەن کە سەرمایەداری و بنکە کۆمەڵایەتییەکەی لە بۆرژوازی ناوەنجی (متوسط) بە شێوەیەکی سروشتی "دیموکراسی"یە! بۆیە سیستەمە ئابوورییەکە خۆی میکانیزم بۆ لێپرسینەوە دەرەخسێنێت و دەسەڵاتی "هەڵبژێردراوی خەڵک"! بە تێپەڕینی کات سنوور بۆ نەخۆشی گەندەڵی دادەنێ. پاساویان بۆ سەرمایەداری نیولیبراڵ و گەندەڵی و ئاسەوارە وێرانکەرەکانی، کە خەسڵەتی لێکهەڵپێکراون لەگەڵ ئەم سەرمایەدارییە کۆنکرێتە لە عێراق، وتنەوەی هەمان ئەو قسە پوچ و خوڕافاتانەی بۆرژوا ئیمپریالیست و لیبراڵ و بەرگریکارانی سەرمایەداری سەردەمە کە لە سەرەوە ئاماژم پێدان، بەبێ هیچ باسکردنێکی ئەو ڕاستیە کە سەرمایەداری، بە دانپێدانانی هەندێک لە ئابووریناسە بۆرژوازییەکان خۆیان، قەیرانێکی کارەساتباری خوڵقاندووە کە خەریکە هەڕەشە لە مرۆڤایەتی ئەکات لە ڕێگەی هەژاری و نابەرابەری بێ ئەندازە و جەنگ و ماڵوێرانی و هەڵکشانی فاشیزم و کارەساتی ژینگەیی وێرانکەر.

یادەوەرییەکانی تێپەڕاندنی یاسای بە تایبەتکردنی بەرهەمهێنان و فرۆشتنی نەوت هێشتا لە بیرنەچوونەتەوە کە چۆن پەرلەمانی عێراق، واتە ئەوەی پێی دەوترێ پەرلەمانی "هەڵبژێردراوی گەل"!، ویستی لە ساڵی (٢٠١٨)دا ئەم یاسایە تێپەڕێنێت لە ڕێگەی دامەزراندنی کۆمپانیایەکی تایبەتییەوە کە بەپێی ئەو ئەجیندەیە بەرهەمهێنان و فرۆشتنی نەوت لە ڕێگەیەوە ئەبێت واتە لە ڕێگەی "کۆمپانیایەکی نیشتیمانی"وە دەبێت و بەشێوەیەک لەسەدا (٩٠)ی داهاتەکانی دەگوازرێتەوە بۆ دەوڵەت لە شێوەی باج و ڕێگەی تری پڕ پێچوپەنای نیولیبراڵانە لە بواری بە تایبەتکردندا. ئەم یاسایە، کە (برێمەر) نەیتوانی بیسەپێنی، کەچی پەرلەمانی عێراق، دوای (١٥) ساڵ، دەرفەتی قۆستەوە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە پەسەندی بکاتەوە و بیسەپێنێ بە سەر جەماوەردا. دادگای فیدراڵی بە بیانووی ئەوەی کە یاساکە نادەستوورییە، ڕەتیکردەوە، بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی ڕەتکردنەوەکە ئەنجامی ترسی ئەم دامەزراوەیە و ترسی هێزەکانی ڕژێم بوو لەوەی کە جێبەجێکردنی یاساکە نارەزایەتی جەماوەریی لێ دەکەوێتەوە.

بە کورتی، گەورەترین هێرش بۆ سەر هەلومەرج و ژیان و گوزەرانی جەماوەر لە عێراق لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا لە ڕێگەی سیاسەتی ئابووریی فەرمی ڕژێم و حکومەتە یەک لە دوای یەکانییەوە ئەنجام دراوە، کە جگە لە سیاسەتی ئابووری نیولیبراڵ و دامەزراندنی مۆدێلە ئابووریەکەی شتیکی دیکە نەبووە. ئەو مۆدێل و سیاسەتە ئابوریانەی کە زۆرێک لە کۆمەڵگاکان و وڵاتانی وێران کرد و گەورەترین هێرشی بەرێخست بۆ سەر ژیان و گوزەرانی پرۆلیتاریای جیهانی کە ئێستاش بەردەوامە. سەرمایەداری نیولیبراڵی جیهانی لە بنەڕەتدا و هەر لە دەستپێکیەوە لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، وەک وەڵامێک بۆ قەیرانی سیستەمی سەرمایەداری سەریهەڵدا، و ئامانجی چڕکردنەوەی چەوساندنەوەی کرێکاران و کەمکردنەوەی ئاستی خۆشگوزەرانی و بژێوی چینی کرێکاری جیهانی بوو، و ئامانجی ڕاکێشانی بژێوی و چارەنوس و کار و خۆشگوزەرانی ئینسان بوو بۆ ژێر ڕکێفی میکانیزمەکانی بازاڕ، و هەروەها کۆتاییهێنان بوو بە ڕۆڵی دەوڵەت لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییە خۆڕاییەکان بۆ هاوڵاتیان و کەمکردنەوەی ئەو خزمەتگوزاریانە، ئەمە سەرباری سرەواندنی گورزێکیش لە هێزی سەندیکا و فیدراسیۆنە کرێکارییەکان.

## ستراتیژی ئابووری بۆرژوازی و فاکتەری خەباتی چینایەتی

گرنگترین شت لە هەموو ئەم ڕەوندە ئابوورییانەدا، دەستنیشانکردنی توخمی خەباتی چینایەتییە لەناویاندا. ئەوە ئاشکرایە کە ئابووری بەگشتی و ئابووریی سەرمایەداری بە تایبەتی لە پەیوەندی چینەکان و ناکۆکی چینایەتی و ململانێی نێوان ئەم چینانە جیا نییە، و هەر بەوپێیەش جیا ناکرێتەوە لە هاوسەنگی هێزی چینایەتی لە هەر دۆخێک لە دۆخەکانی پرۆسەی پەرەسەندنی سەرمایەداریدا. بۆرژوازی جیهانی و لۆکاڵی و داکۆکیکارانی بەرژەوەندییەکانی ئەم چینە و نوێنەرانی، خەباتی نێوان چینەکان وەک فاکتەرێک ناهێننە ناوەوە لە دارشتنی سیاسەت و ستراتیژی ئابووریدا، تەنها بۆ ئەوە نەبێ کە هەمان ئەم خەباتە کۆنترۆڵ بکەن. ئەوان لە پێشدا ململانێی چینایەتی بەردەوامی نێوان کرێکاران و سەرمایەدارن و نێوان کرێکاران و دەوڵەت لە چوارچێوەی یاساکانی خاوەندارێتی بۆرژوازیدا لە قاڵب دەدەن، و دواتر لە ڕێگەی یاسای کارەوە و بە ئامانجی دروستکردنی کەشێکی گونجاو بۆ پرۆسەی چەوساندنەوەی کرێکاران یان ئەوەی ناوی ئەنێن "پرۆسەی وەبەرهێنان" ئەو ململانێیە کەنەڵایزە ئەکەن. ئەمە جگە لە دامودەزگای دەوڵەت خۆی کە لەبنەڕەتدا ئامرازی چەوساندنەوەی دەستی چینی بۆرژوازی دەسەڵاتدارە لە دژی چینی چەوساوە.

بۆیە دەبینین بۆرژوازی دەسەڵاتدار و ڕاوێژکارە ئابوورییەکانی، و بانک و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی لە پلانە ئابوورییەکانیاندا خەباتی چینایەتی لەبەرچاو دەگرن و فاکتەری ململانێی نێوان چینەکان لە ستراتیژی ئابووری خۆیاندا جێگە دەکەنەوە. هەروەک دەبینین لە عێراق بەردەوامن لە بەکارهێنانی یاسای ڕژێمی فاشیستی بەعس بۆ ڕێگریکردن لە پێکهێنانی سەندیکای کرێکاران لە کەرتی حکومیدا، لە لایەک، و لە لایەکی تریش قبووڵ دەکەن کە ئەم ململانێ و خەباتە لە چوارچێوەیەکدا دابنێن و ڕێکبخەن ئەویش لە باشترین حاڵەتدا لە ڕێگەی یاسای کارەوە کە ئێستا کاری پێدەکرێت، و بەهۆی ڕۆڵی بەشێک لە چالاکوانە کرێکارە سەندیکاییەکان لە عێراق توانیان هەندێک بڕگەی تێدا جێبکەنەوە لە بەرژەوەندی کرێکاران.

هەروەها شایانی باسە لێرەدا ئەماژە بەوە بدەین کە بە هۆی ئەوەی تای هاوسەنگیی هێزی چینایەتی نێوان کرێکاران و بۆرژوازی بە ڕادەیەکی زۆر لە قازانجی ئەمەی دووەمیان شکاوەتەوە لە هەرێمی کوردستاندا، بۆرژوازی قەومی دەسەڵاتدار لە هەرێم، کە نوقمی دوژمنایەتییە لە دژی سۆسیالیزم و بزووتنەوەی کرێکاری، نەک هەر ڕێگری لە پێکهێنانی سەندیکای کرێکاری سەربەخۆ دەکات و تا ئێستاش هەر بەردەوامە لەو کارە، بەڵکو ئەو یاسای کارەش کە حکومەتی ناوەندی پیادەی ئەکات ئەم دەسەڵاتەی هەرێم وەلای خستووە و کاری پێ ناکات. فەرمانڕەواکانی هەرێم هەوڵ دەدەن، لەبری ئەوە، یاسایەکی کاری تایبەت بۆ هەرێم بسەپێنن کە بەپێی پێداویستیەکانی بۆرژوازی کورد، بەتایبەتی بۆرژوازی دەسەڵاتداری میلیشیای گەندەڵ و سەرمایەی بیانی و "وەبەرهێنانەکانیان" دادوەرابێت، کە تاسەر ئێسک دژ بە بەرژەوەندیەکانی کرێکارانن.

وەک ئاشکرایە، یەکێک لەو پاساوە ئایدیۆلۆژیانەی کە بۆرژوازی نێودەوڵەتی و داکۆکیکار و نوێنەرە جۆراوجۆرەکانی سەرمایەداریی نیولیبراڵ بەکاریان هێنا و ئێستاش بەکاریدەهێنن بۆ پاساوهێنانەوە بۆ هێرشی سیستماتیکی و بەردەوام بۆ سەر چینی کرێکار و ڕێکخراوە خەباتکارانەکان و سەندیکاکانیان، لابردنی هەموو قۆرخکارییەکی بەردەم میکانیزمەکانی بازاڕە و بە تایبەتی ڕێگریکردن لە دەستتێوەردانی دەوڵەت و خەباتی بەکۆمەڵی کرێکاران و سەندیکاکانیان لەم میکانیزمەدا. ئەوان بەم شێوازە فریودەرانەیە هاندان بەرێ ئەخەن دژی ڕۆڵی سەندیکاکان و خەباتی بەکۆمەڵی کرێکاران، هەر بەم پێیە خەباتی سەندیکایی وەک قۆرخکارییەک پێناسە دەکەن کە ڕێگری لە بازاڕی ئازادی کار دەکات تا کرێکاران هێزی کاری خۆیان ئازادانە بفرۆشن وەک "تاکی ئازاد"، و خۆشباوەڕی لە نێوان کریکاران و ڕیزەکانی دانیشتووان بڵاودەکەنەوە وەک بەشیک لە ئامادەکاریی و ڕیگەخۆشکردن بۆ جێبەجێکردنی یاساکانیان دژی کرێکاران و سەندیکاکانیان.

لە عێراقدا هێزە داگیرکەرەکان و ڕەوتە بۆرژوازییە دەسەڵاتدارەکان پێویستیان بە هەوڵێکی زۆر نەبوو بۆ وەهمدارکردنی کۆمەڵگا و جەماوەری کرێکاران و قەناعەت پێکردنیان بە پلانە ئابوورییەکانیان و دوژمنایەتییان بەرامبەر بە کاری سەندیکاکان و خەباتی دەستەجەمعی ڕێکخراوەی کرێکاران، چونکە ڕژێمی بەعس پێش تر لە ساڵی (١٩٨٧)دا بە هەڵوەشاندنەوەی کاری سەندیکاکان لە دامەزراوە حکومییەکان و پیشەسازییەکانیدا ئەم ئەرکەی بۆ ئەنجامدابوون، بە بیانووی گۆڕینی کرێکاران بۆ فەرمانبەر. نابێ ئەوەمان لە بیر بچێت کە ڕژێمی بەعس یەکێک بوو لە دەستپێشکارانی جێبەجێکردنی سیاسەتە نیولیبراڵییەکان لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا لە عێراق لە ڕێگەی بە تایبەتکردنی بەشێک لە پرۆژە پیشەسازییە حکومییەکان و قەدەغەکردنی کاری سەندیکاکان لە کەرتی گشتیدا، بەڵام لە هەلومەرج و بارودۆخی سیاسی و ئابووری و سەربازی جیاوازی ئەو کاتەدا.

بەم پێیە، چیتر هێزەکانی ئەمریکا و ڕژێم پێویستیان بەوە نەبوو شتیک بکەن جگە لە کارکردن، بەبێ هیچ شەرمێک، بە یاسای (صەدام) و جێکردنەوەی لە ستراتیژی چەسپاندنی میکانیزمەکانی بازاڕ و سەرمایەداریی نیولیبراڵدا، و بەم شێوەیەش ڕێگری بکەن لە هەر چالاکییەکی ڕێکخراوەیی سەندیکایی یان چالاکیی بەکۆمەڵی کرێکاران لە کەرتی حکومیدا. ئەمش بە دەرئەنجامەکانیەوە هەر لە سزادانی چالاکوانانی کرێکار لە کەرتی پیشەسازی و خزمەتگوزاری لەسەر هەر نارەزایەتی و چالاکییەکی ڕێکخراو کە لەدژی تاڵانکردن و فرۆشتنی کۆمپانیاکان و دەرکردنی کرێکاران ئەنجامی دەدەن، و سزای سەرکوتگەرانەی دیکە بەرامبەریان. ئەمەش ئارگومێنتی هێزەکانی دەسەڵات و بەرگریکارانی شێوازی ئابووری نیولیبراڵ لە عێراقدا تێکدەشکێنیت کاتێک دەڵێن سەرمایەداری "دیموکراسییە" و لە هەمان کاتدا یاساکانی فاشیستەکان دژی کرێکاران جێبەجێ دەکەن بۆ چەسپاندنی "سەرمایەداری دیموکراسی"!

## توێژی گەورە سەرمایەداران، سەرمایەی کۆمەڵایەتی و گۆڕانی چۆنایەتی لە پەیوەندی ئابووری و سیاسەتدا

لە سەردەمێکدا کە عێراق لە گێژەڵوکەی کارەساتەکانی داگیرکاری و شەڕی تائیفی و ئۆپەراسیۆنی تیرۆریستی و کێشمەکێشی میلیشیادا دەژیا و تا دەهات دەبووە گۆڕەپانێک بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێ جیۆسیاسی و سەربازی و جیۆئابوورییەکانی وڵاتانی جۆراوجۆری ئیمپریالیستی و ناوچەیی بەتایبەتی ئەمریکا و ئێران، و جەماوەر بەدەست کارەساتەکانی ئەو ڕەوەندە سیاسی و سەربازی و ئەمنییەوە بەردەوام دەینااڵاند، لەجەرگەی ئەو بارودۆخەدا بوو ئازارەکانی زیاتر و زیاتر دەبوون بەهۆی هەژاری، نەخۆشی، نەبوونی، بێکاری، فراوانبوونی نەخوێندەواری، دارمانی خزمەتگوزاری تەندروستی، پەروەردە و خوێندن، و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی دیکە، لە ئاکامی سیاسەتە ئابوورییەکانی دەوڵەت و ئەو گۆڕانکارییە ئابوورییە سەرمایەدارییە نیولیبراڵانەی کە وڵات شاهیدی بوو.

هاوکات و وەک لایەنێکی تری "پرۆسەی سیاسی"، هەمان ئەو ڕەوەندانە ڕژێمێکی سیاسی سەربازی و میلیشیایی لە وڵاتدا بەرهەم هێنا، و ئەمەش زیاتر لە ژێر دەسەڵاتی حزب و هێزە میلیشیاکانی ئیسلامی سیاسی شیعەدا، کە تیایدا حزبە میلیشیا ناسیۆنالیستەکانی کورد و هێزەکانی ڕەوتی ناسیۆنالیستی عەرەبی لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای عێراق، لەگەڵیان هاوبەشن. لە ئەنجامی بیست ساڵ تاڵانکردنی سیستماتیکی سەرووەت و سامانی وڵات و دابەشکردنی داهاتی نەوت بە شێوەیەکی سەرەکی لەنێوانیاندا و بەپێی سیستمی پشکپشکێنە و لەڕێگەی میکانیزمەکانی دابەشکردنی حوکمڕانی و بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت لەسەر دەستی ئەو حزب و ڕەوتە دەسەڵاتدارانە، توێژێک لە بورژوازی گەورە سەریهەڵداوە لەناو سیستەمەکە و لە ئاستی کۆمەڵگادا کە فراوانە و ڕەگ و ڕیشەی قووڵی هەیە و گرێدراوە بە تۆڕێکی ئاڵۆز لە ئەوانەی بە دەوروبەرییەوەن. ئەم توێژ کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە بازنەی چەتە سیاسیەکان و خاوەن میلیشیا و کەسە گەندەڵە کاریگەرەکان و سەرکردەی حیزبەکانی دەسەڵات و بنەماڵەکانیان و سەرمایەدارە گەورەکانی دەورووبەریانن، ئێستا خاوەنی نەک سەدان ملیۆن دۆلار، بەڵکو دەیان و دەیان ملیار دۆلارن. بەرژەوەندی چینایەتی سەرمایەداریانەی قووڵ و ڕیشەدار ئەم زلهێزە ئابوریانەی بەیەکەوە گرێدەداتەوە بەدەر لە ململانێی بەردەوامی نێوانیان لە ئاستی سیاسی و پەیوەندیەکانیان بەم هێزی نێودەوڵەتی و ناوچەیی یان ئەوی تریان و بەدەر لە کێشمەکێشەکانیان لەسەر بەشکردنی کێکی سامان و دەسەڵات.

لە دەوری ئەم توێژە بۆرژوازییە گەورەیە تۆڕێکی بەرفراوان لە بریکار و سەرمایەدارەکانی تری هەمەچەشنە هەیە کە زۆربەی جومگە سەرەکییەکانی ئابووری و پرۆژە ئابوورییەکانی حکومەتیان بە دەستەوە گرتووە. سپیکردنەوەی پارە و دزینی ملیارەها دۆلار و بەقاچاخ ناردنی بۆ دەرەوە بۆ پاڵپشتیکردنی ڕژێم لە ئێران، یان وەبەرهێنانیان لە لایەن ئەوانەوە دوای ئەوەی لە پرۆسەیەکی ئاڵۆزی مامەڵەی دەرەکی و ناوخۆدا سپیکراونەتەوە، ئێستا بە ئاستیکی وەها گەیشتووە کە وێنەی کەمە لە جیهانی گەندەڵیدا و هەڕەشەیەکی کارەساتبارە لە کۆمەڵگا و خۆشگوزەرانی جەماوەر.

وەبەرهێنانەکانی مافیاکانی ناو دەسەڵات و دەوروبەریان لە بوارەکانی جێبەجێکردنی گرێبەست و پرۆژەی مەدەنی و سەربازی حکومی، و بازرگانی دەرەوە و ناوخۆی عێراق، یان سپیکردنەوەی پارە لە ڕێگەی جێبەجێکردنی پرۆژەی خانووبەرە، مۆڵ، زانکۆ ئەهلیەکان و خزمەتگوزاری تر، هەروەها وەبەرهێنانەکانیان لە کەرتی پیشەسازی، گواستنەوە و کۆمۆنیکەیشن و کشتوکاڵ لە ناوخۆی عێراق، ئەمە سەرباری وەبەرهێنانی دارایی لە بانکە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان و دامەزراوە داراییەکان، هەموو ئەمانە نەک تەنها ڕیزێکی بەرینی لە خاوەن پارە، بەڵکو توێژێکی سەرمایەداری گەورەی دروست کردووە. ئەم توێژە ئێستا وەبەرهێنان لە کەرتە جیاوازەکانی بازرگانی و پیشەسازی و داراییدا دەکات و جوڵە و کەڵەکەبوونی سەرمایەکانیان و خولەکانی بە ڕوونی دەرکەوتووە، و لە سەرمایەی بازرگانی و پیشەسازی (کشتوکاڵ و گواستنەوە و کۆمۆنیکەیشن، بەشێکن لە پیشەسازی) و داراییدا بەرجەستە بوتەوە.

بنچینەی کۆمەڵایەتی سەرمایە و بزووتنەوەکەی تەنیا لەم توێژە بۆرژوازییە گەورەیەدا قەتیس نییە، بەڵکو لە ئاستی کۆمەڵگادا لە بواری بازرگانی و پیشەسازی و داراییدا کارلێک و تێکەڵاوبوونی هەیە لەگەڵ ئەو سەرمایەی کە لە کۆمەڵگەدایە و نیوەی کۆی "بەرهەمی گشتی وڵات" پێک ئەهێنێ.

باسی وردەکارییەکانی ئەم پرۆسە ئاڵۆزەی جوڵەی سەرمایە و کەڵەکەبوون و گۆڕانکارییە چۆنایەتییەکانی لە بازاری ناوخۆیی و پەیوەندییە جیهانییەکانیدا، پێویستی بە لێکۆڵینەوەی وردی ئابووریی و ئامارهەیە، و ئەمەش لە دەرەوەیی فۆکۆسی ئەم وتارەیە.

ئەوەی مەبەستە لێرەدا ڕۆشنایی بخەمەسەر ئەوەیە کە لە ئاکامی پرۆسەی ئەو گۆڕانکاریە ئابووریە سەرمایەداری و مۆدێلە نیولیبراڵەی جێگیر بووە لەسەرانسەری عێراقدا لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا، توێژێک لە سەرمایەدارانی گەورە هاتۆتەئاراوە کە لە بناغەدا لە نێو هێزەکانی ڕژێمەوە سەریهەڵداوە. ئەم توێژە قۆرخکاری جومگە سەرەکیەکانی ئابووری کردووە و پەیوەندی توندوتۆڵی هەیە لە ناوخۆیدا و سنووری دابەشکردنی "پێکهاتە"یی تائیفی و قەومی شکاندووە، ئەمە جگە لەوەی تێکەڵە لەگەڵ سەرمایەی ناوخۆیی چالاک لە کەرتە ئابوورییە جیاوازەکاندا. ئەو بەرژەوەندییە ئابوورییە بنەڕەتییانەی کە ئەم دەستودایرە دەسەڵاتدارە گرێدەداتەوە بەیەکەوە، بواری کردۆتەوە و ئەو ئیمکانیەتەی ڕەخساندووە کە ئەو ململانێیانەی ناوبەناو لە نێوان بەشە پێکهێنەرەکانیدا سەرهەڵدەدەن کۆنترۆڵ بکات و نەهێڵێ تەشەنە بکەن، وەک ململانێی نێوان (ڕەوتی سەدر) و هێزەکانی (چوارچێوەی هەماهەنگی)، یان نێوان (پارتی) و (یەکێتی)، یان ململانێی نێوان هێزە قەومی و تائیفیەکانی تر.

بنکەی کۆمەڵایەتی سەرمایە و چینی سەرمایەدار بەرفراوان و ڕیشەدار و پتەوە لە ناوخۆی وڵاتدا، و پرۆسەی چەوساندنەوەی چینی کرێکاریش لە سەرتاسەری عێراقدا لە ڕێگەی وەبەرهێنانی سەرمایە لە لایەنە ئابوریە جۆراوجۆرەکاندا بەردەوامە و ناوەستێت. ئەو پارەیەی لە گەنجینەی دەوڵەت دەدزرێت و دەگۆڕێت بۆ سەرمایە لە ئابووریدا، جەستەیەکی بیانی پێکناهێنێ لە پێکهاتەی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە ئاستی کۆمەڵگادا، بەڵکو ئەو بەشە قۆرخکارە پێکئەهێنێ کە ئەتوانێ پەیوەندیی جۆری تایبەت لەگەڵ سەرمایە تاکە تایبەتەکاندا دامەزرێنێ لە کەرتە ئابووریە جوراوجۆرەکاندا و بکەوێتەگەڕ وەک بەشی سەرەکی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا. ئاشکرایە، سەرمایە لێپرسینەوە لەخۆ ناکات کە کەڵەکەبوونی سەرەتایی خۆی لە کوێوە هاتووە بۆ ئەوەی ببیتە سەرمایەی وەبەرهێنەر و گرنگ نیە بۆی لەڕێگەی چەتەیی، یان ڕاوڕوتی دەریایی، یان تاڵانکردنی داهاتی نەوتەوە هاتبێت.

گەندەڵی و سەرمایەداریی نیولیبراڵ لە عێراقدا بەجۆرێک تێکەڵاون کە لەیەکتر جیا ناکرێنەوە، بۆیە کاریگەریی گەندەڵی و ڕۆڵی بەرجەستەی ئەو توێژەی سەرمایەی گەورە کە لێیەوە سەریهەڵداوە، لە پێکهاتەی سەرمایەی کۆمەڵایەتیدا، هیچ گۆڕانکارییەکی جەوهەری لە خەسڵەتی دژە کرێکاری سەرمایەداری لە عێراقدا پێکناهێنی لەڕووی ئەوەی کە سیستەمێکی چینایەتی دوو چینی دژ بەیەکە.

ئەو سیتسمە ئابوریەی لە عێراقدا هەیە و زاڵە سەرمایەداریە و مۆدیلی ئابوری نیولیبرالیزمی هەیە، بەڵام ئەوەی کە فۆرمێکی کۆنکریتی داوە بەم سەرمایەداریە جوڵەی سەرمایەیە لە بازاڕێک کە سەرمایەی گەورە و قۆرغکراو تیایدا بە شێوەیەکی سیستماتیک لە پەیوەند بە دەسەڵات و پرۆژە ئابوری و سەربازی و سیاسییەکانییەوە خۆی بەرهەم ئەهێنێتەوە و جیگە و ڕێگەیەکی مۆنۆپۆڵی بۆ خۆی دابین کردووە لە بازاری سەرمایە و ململانێ نیوان توێژەکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتیدا. ئەم ململانێییەش لەسەر دابەشکردنی زیادەبەهای بەرهەمهاتوو یا بەرهەمهێنراوە لەئایندەدا، زیادەبەهایەک کە لە ئاکامی چەوساندنەوەی چینی کرێکار لەناو پرۆسەی "وەبەرهێنانی" سەرمایە لە بواری بازرگانی و پێشەسازی و خانووبەرە و مالییدا بەرهەم دەهێنرێ.

ئەوانەش هەمووی بەو مانەیەیە کە جەوهەری سەرمایەداری لە عێراقدا هەمان ئەوەی نیزامی سەرمایەداریە لە هەر وڵاتێکی تر، واتە ئەوەی کە سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە بەرامبەر چینی کریکاردا بەگشتی لە پەیوەندیکی ناکۆک و چەوسێنەرانەدایە و هەموو توێژەکانی سەرمایە بەگەورەوە و بچوکەوە هاوبەرژوەندن لە چەوساندنەوەی چینی کرێکار. هەر بەو پێیەش، باسکردن لە توێژی سەرمایەی "نیشتمانی" و "نا نیشتمانی" و "بەرهەمی نیشمانی" و "نا نیشتمانی" و لە دوا شیکردنەوەدا "نیشتمان پەروەری" و "خەباتی نیشتمانی" مانایەکیان نیە بۆ چینی کرێکار جگە لە خەسڵەتی چینایەتی بورژوازیانەی ئەو کۆنسێپتانە کە بە مەبەستی بەلارێدابردنی خەباتی چینایەتی سەربەخۆ و یەکگرتووی خۆیان و چەوساوەکان و نەگرتنەبەری کۆنسێپتی سۆشیالیزم و ئینترناسیۆنالیزمی پرۆلیتاری، دارێژراون.

گۆڕانکارییە ئابوورییە نیولیبراڵەکان و کرانەوەی بازاڕەکان بەڕووی بەرهەمی وڵاتانی جیاوازدا، بە شێوەیەکی سەرەکی ئێران و تورکیا، و تێکەڵبوونی ئابووری وڵات لەگەڵ جوڵەی سەرمایەی جیهانی و وەبەرهێنانە جۆراوجۆرەکانی، بەتایبەتی لە بەرهەمهێنان و فرۆشتنی نەوت وغاز، بەرهەمهێنانی وزە، کۆمۆنیکەیشن، بیناسازی و کەرەستەی بینا و... هتد، بۆ خۆیان و بەشێوەیەکی سروشتی گۆڕانکاریەکی ئابووری هەمە لایەنەن کە سەرمایەی ناوخۆی بە جوڵەی سەرمایەی جیهانی و گێژەلوکەکانی و سیستمە مالییەکەی، گریداوەتەوە.

لەژێر کاریگەریەکانی ئەو پێشهاتە ئابوری و گۆڕانکاریانەیدا، پەیوەندیی دیالکتیکی نێوان ئابوری و سیاسەت، و لێرەدا مەبەستم پەیوەندی نێوان سیستەمی سیاسی قەومی و ئیسلامی و ئەو واقیعە ئابوورییە سەرمایەدارییە نیولیبراڵەی کە ئەم سیستەمە دەپارێزێت، لە ئێستادا فۆرمێکی دیاریکراوی بەخۆوە گرتووە و لە قۆناخێکی پێشکەوتووتردایە، کە دەتوانین بڵێین گۆڕانکارییەکی چۆنایەتی بەسەرداهاتووە. گۆڕانکاریەکی لەو چەشنە و بەجۆرێک کە فاکتەری ئابووری ڕاستەوخۆ و بەشێوەیەکی ڕوونتر لە جاران کاریگەری لەسەر سیستەمی سیاسی هەبێت، واتە کاریگەری هەبێت لەسەر

بۆ ل٤

ڕێوت البدیل OCAI
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# سەرمایەداری نەخۆشی شێرپەنجەیە لەسەر گۆی زەوی

## وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: ئارام ئەسعەد

**لەم دەلاقەیەوە تیلە چاوێک لە سەرمایەداری ببڕە، ئینجا دەزانی چ دەگوزەرێ لەسەر هەسارەکەمان!**

**جۆرج مۆنبت**

### بۆچی کاپیتالیزم شێرپەنجەیە؟

هەر مرۆڤێک لە منداڵیەوە جەستەی گەشە دەکات، تا دەگاتە لوتکەی پێگەیشتن. سیستەمی ناوخۆی جەستەی مرۆڤ کە ڕێکخەر و لێپرسراوی گشت کار و چالاکییەکانی لەشی مرۆڤە، هەر کە جەستەی مرۆڤ گەیشت بە کۆتا پلە لە قۆناغی پەرەسەندن، ئەم سیستەمە هەڵدەستێت بە قوفڵ کردنی کرداری پەرەسەندنی جەستە.

ناوبەناو سیستەمی ناوخۆی لەشی مرۆڤ تێکدەچێت [لە دوای پرۆسەی قوفڵ کردن] ئەوەش دەبێتە هۆی تێکشکانی خانەکان و دابەش بوونیان بەسەر خۆیاندا [واتە دروست بونی خانەی نوێ]، وە زیاد بوونیان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی چاوەڕوانەنەکراو، کە ئێمە پێیان دەڵێین شێرپەنجە.

لەڕاستیدا شێرپەنجە زیادبونێکی بێسنورە لە ناو تەنێکی سنورداردا کە ئەویش جەستەی مرۆڤە.

کاپیتالیزم هەمان پرۆسە ئەنجام دەدات لەسەر گۆی زەوی!

چۆن؟ سەیرکە ڕژێمی سەرمایەداری [کاپیتالیزم] بۆ دروست کردنی بازاڕی نوێ پشت دەبەستێت بە پەرەسەندن و فراوانبوونێکی بێکۆتا لەسەر تەنێکی سنوردار کە ئەویش گۆی زەوییە، کەواتە سەرمایەداری هەر وەک نەخۆشی شێرپەنجە دروست بووە لەسەر گۆی زەوی، بە هەمان شێوەی نەخۆشی شێرپەنجەی ناو جەستەی مرۆڤیش دەبێت ببڕدرێت.

هەروەک دەبینین، ئێمە ڕۆژانە خاک لەدەست دەدەین، ئاوی سازگار لەدەست دەدەین، زیندەوەرەکان [حەشەرات: insect] لەدەست دەدەین، بەداخەوە ئێمە کۆی زۆرێک لە بونەوەر لە دەست دەدەین کە هاوبەشی ژیانمانن لەسەر ئەم هەسارەیە. ڕیشاڵ و شانە مەرجانیەکانی ناو دەریا لەدەست دەچن، دارستانەکان لەناو دەچن.

ئەمە جێگەی نیگەرانییە، چونکە ئێمە هەموو شت لە دەست دەدەین وە بە شێوەیەکی چاوەڕوانەنەکراو لەبەر چاومان ون دەبن. بۆ ناپرسن ئایا دەبێت هۆی لەناوچوونی ئەمانە چی بێت؟ بێجگە لەو هێزە بەگوژمە پڕ توانایە دەرپەڕیوە نەبێت، کە پێی دەگوترێت پەرەسەندن یان گەشەکردنی ئابوری سەرمایەداری.

ئابوری جیهان ساڵانە بەڕێژەی (٣٪) زیاد دەکات و لە هەر (٢٤) ساڵێکیشدا ئەو ژمارەیە دوو قات زیاد دەکات، ئەگەر تێبینی بکەی ئەوە بەهەمان شێوە دووبارە دەبێتەوە لە داهاتودا. ئەوە ئەو ڕێڕەوەیە کە بۆ ئێمە نەخشە کێشراوە، کە دەبێت پیادەی بکەین، ئەوە ئەو بەرنامەیەیە کە حکومەت داوامان لێدەکات، هەتا دووقات کردن دووبارە بکەینەوە!

دووبارەبوونەوەی ئەو دووقاتکردنانە کێشە نابێت بەمەرجێک، ئەگەر گۆی زەویش بەو ئەندازەیە زیاد بکات! بەڵام ئێمە لەسەر هەسارەیەک دەژین کە قەبارەکەی سنوردارە، لەبەر ئەوە هەر زیادبونێکی بێسنور لەسەر شوێنێکی سنورداری وەک گۆی زەوی، بێجگە لە نەخشەکێشان بۆ کارەساتی لەناوچونمان، هیچ ئەنجامێکی تری نابێت.

سەیرکەن بۆ دابینکردنی شوێنێک، بۆ دروستکردن یان بۆ بەکارهێنانی هەر شوێنێک لە جیهاندا، پەنا دەبرێت بۆ دزین لە کۆی سەرچاوەکانی سامانی سەر هەسارەکەمان. سەرەڕای ئەوەش بەشە بەهێز و دەستڕۆیشتوەکان [ئەو وڵاتانەی لە بواری پیشەسازی، تەکنۆلۆژیا و سەربازیدا زۆر بەهێز و بەتوانان] سەرچاوەکانی سامانی سروشتی، هێزی کاری هەرزان دەدزن لە بەشە بێهێز و لاوازەکانی تری سەر زەوی.

ئەوەش وای کردوە ڕووبەرێکی فراوان لەسەر هەسارەکەمان ببێتە زبڵدانێکی گەورە بۆ ناشتنی پاشەڕۆکانمان، ئەگەر بەم شێوەیە بەردەوام بین، گۆی زەوی دەبێتە ناوچەیەک لە دەرهێنانی سامان و ڕشتنی پاشەڕۆکانمان، لە کۆتاییدا تەواوی ژینگە دەبێتە زبڵدانێکی گەورە بۆ تێهەڵڕژانی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن. بێجگە زەوی بگرە قورگی دانیشتوانی سەر زەوی وە گەروی ئاژەڵانیش دەبێتە زبڵدان بۆ هەڵمژینی هەوای پیس. هەروەها کێڵگەکانمان دەبنە زبڵدان بۆ تێفرێدانی پاشەڕۆکانمان تێیاندا، وەک پاشەڕوی ئەو کەلوپەلانەی کە بۆ ڕۆژێک یان دوو ڕۆژ بەکاری دەهێنین و وەک پاشەڕۆ ڕەوانەیان دەکەین بۆ کێڵگەکانمان.

### لۆژیکی سەرمایەداری

بۆ ئەوەی گەشەی ئابوری بەردەوام بێت تۆ دەبێت ئەو کارە بکەی (لە پیسکردنی ژینگە کە لەسەرەوە باسمان کردووە)، خۆ ئەگەر بڕە پارەیەکی نەختینەشت هەبێت، ئەوا دەتوانی پارچەیەک لە زەوی بکڕیت یان دەتوانی ئەو مافە بە پارە بۆ خۆت بکڕیت بۆ ئەوەی هەوا ژەهراوی بکەیت بە کڕینی فرۆکەیەکی تایبەت، یا گۆشتی ماسی تونەی شین [Blue Fish Tuna] بکڕیت کە جۆرێکە لە ماسی کە زۆریان نەماوە تیابچن بە یەکجاری. بێجگە لەمانەش ئەگەر پارەت هەبێ دەتوانی کەلوپەلی ناو ماڵەکەت [مێز و کورسیەکانت، قەنەفە و تەختی خەوەکەت] کە دروست کراوی داری مەهاگۆن بێت بکڕیت، کە بە بڕین و دەرهێنانی ئەم جۆرە لە دار بە شێوەیەکی زۆر و هەڕەمەکی، دەبێتە هۆی لەناوچونی ڕووبەرێکی پان و بەرین لە دارستانەکانی ئەمەزۆن.

دیسان پارە دەتوانێت مافی خاوەنداری سروشتیت پێببەخشێت، چونکە ئەوانەی لە توانایاندایە پارە پاشەکەوت (سەرمایە کەڵەکە) بکەن، جا بە میرات بۆیان مابێتەوە یان بەهۆی گۆڕانکاریەکی لەناکاو لەبازڕدا هاتبێتە بەردەستیان، دەتوانن دەست بەسەر ڕووبەرێکی فراوانی زەویدا بگرن لەسەر حیسابی سامانی گشتی، کە ئەوە ئەو سامانەیە ئێمە (و نەوەکانی داهاتوومان) پشتی پێدەبەستین بۆ مانەوەمان لە ژیان، کەچی سەرمایەداران بەشێوەیەک هەڵسوکەوتی لەسەر دەکەن، وادەزانن سروشت ئەو مافەی پێبەخشیون هەتا بەئارەزوی خۆیان دەستی بەسەردا بگرن و دەسکاری بکەن.

کەواتە باوەڕ بوون بە عەدالەت لە کوێیە؟ عەدالەت بێجگە لەو گریمانە بێ بەزەیی و بێ ویژدانە هیچی تر نییە، کە ڕەگی داکوتاوە لە قوڵایی دڵی سەرمایەداریدا کە چالاکی ئابووری هەوڵبدات گۆی زەوی لەبەین بەرێت.

ئەگەر هەموو کەس وەک دەوڵەمەند و سەرمایەدار بژی و هەڵسوکەوت بکات، و زەوی و ژینگەش پارێزراو بێت، ئەوا پێویستیمان بە ژمارەیەکی زۆرتر هەسارەی وەک زەوی دەبێت، (٥، ١٠، ١٠٠، ٥٠٠٠) زەوی تر. بەداخەوە ئێمە تەنها یەک هەسارەمان هەیە (و دەبێ لەسەر هەر ئەم هەسارەیە ژیانێکی بەختەوەر بنیات بنێین بۆ هەموان).

مافی خۆتە داوای خۆشگوزەرانی بکەیت و دەتوانرێت کەلوپەلەکانیشت لۆکس بن [Luxury]، بەڵام با موڵکی گشتیبێت. دەتوانین باشترین مەلەوانگەمان هەبێت، ڕازاوەترین باخی گشتیمان هەبێت، باشترین شوێنی گشتیمان هەبێت بۆ یاری تێنس، یان باشترین گۆڕەپان بۆ هەر یاریەک دەکرێت هەمانبێت. دەتوانرێت هەمو شتێکمان هەبێت کە لە نایابترین بارودۆخدا بن، وەک گەلەریەکان، مۆزەخانە، جێگای تایبەت بۆ بۆنە و کۆبونەوە جەماوەرییەکان، و ناوەند و مەڵبەندە گشتیەکانی چێژوەرگرتن،... هتد.

ئەو دامەزراوانەمان باهەبێت، بۆ خزمەتی گشتی، و لە لایەن خەڵکەوە خاوەنداری بکرێن، نەک هەرکەسە لەجێی خۆیەوە هەڵپەی ئەوە بکات بەتەنها هی خۆی دروست بکات.

ئەگەر بەو شێوەیە کار بکەین، ئەوا لەبری شوێن داگیرکردن لە خەڵک، شوێنیان بۆ پەیدا دەکەین، چونکە یەکجار دروستیان بکەین بەڵام بۆ هەموومان.

بەوشێوەیە هەمومان دەتوانین ژیانێکی پڕ لە خۆشگوزەرانی بژین لە هەمان کاتدا هەمومان دەوڵەمەندانە دەژین، بەبێ دەستبردن یان دەستدرێژیکردنە سەر ژینگە. ئەوەش دەبێتە هۆی خولقاندنی ژینگەیکی کۆمەڵایەتی سازاو لەگەڵ خۆی و، لەگەڵ ژینگەی سروشتی هەموو بوونەوەرەکانی سەر هەسارەکەمان.

بەڵام بەداخەوە سەرمایەداری، ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان، و سازانی مرۆڤی لەگەڵ ژینگە و بونەوەرەکان هاڕیوە و کردوویەتی بە ئاردی ناو درک. کەواتە تاکە ئەنجام کە بەدی دەکرێت کارەساتی لەناوچونمانە، لەبەر ئەوە بێجگە لەو ڕێگا چارەی لەسەرەوە باسم کرد، لەو باوەڕەدانیم ڕێگە چارەی تر هەبێت، بۆ دەربازبون لەم سەردەمە کارەساتهێنەرە، لەبەرئەوە پێویستمان بە دامەزراندنی سیستەمێکی ئابووری نوێ هەیە. تا درەنگ نەکەوتووە تۆش هەوڵبدە کارێک بکە (بۆ پاراستنی ژینگە و ئایندەی مرۆڤایەتی).

تێبینی: ئەم بابەتە لە لایەن جۆرج مۆنبت ئامادە کراوە بە شێوەی ڤیدۆ کلیپ بەزمانی ئینگلیزی، لە کەناڵی یوتیوب و فەیسبوکی (Double Down News).

ئەم ڤیدیۆ کلیپەکە لەژێر ناونیشانی: کەپیتالیزم شێرپەنجەی گۆی زەوییە، هەوڵبدە چالاکییەک ئەنجام بدەی بەرلەوەی درەنگ بێت و کارلەکار ترازابێت. ئەمەش ناونیشان و لینکەکەیەتی لە خوارەوە:

Capitalism is the Planet's Cancer: Operate Before it's too Late | George Monbiot

https://youtu.be/KEuSpqc-uqg




# بۆ ئەوەی جامی (کەنداو ٢٥) نەبێتە پرۆسەی ماڵیکردنی هۆشیاری!

**عەبدوڵڵا ساڵح**

سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئامانجی پشت نووسینی ئەم بابەتە بەکەمزانین یان شێواندنی ئەو سەرحاڵی و دڵخۆشی و شادییە نییە کە لە سەرانسەری عێراقدا بڵاوبووەوە، دوای ئەوەی تیپی تۆپی پێیەکەی توانی بیست و پێنجەمین پاڵەوانێتی کەنداو بەدەست بێنێ.

ئەم پاڵەوانەتییە سەرەتای کانونی دووەمی ئەمساڵ (٢٠٢٣) لە شاری بەسرە بەڕێوەچوو و تا (١٩)ی هەمان مانگ بەردەوام بوو. هەواداران و عاشقانی ئەم یاریە، کە منیش یەکێکم لەوان، بە مافی خۆیانی دەزانن، وەک هۆکارێک، بۆ دەربڕینی خۆشی خۆیان کاتێک ئەو هەڵبژاردە یا ئەو تیپەی مەبەستیانە سەرکەوتن بەدەست دێنێ، ئەم شادیە سنووردار نییە بە گروپێکی تەمەن دیاریکراو یان ڕەگەزێکی دیاریکراو، ئەوە تۆپی پێیە ئەم شادیەی بۆ ئەوان بەدەستهێنا، تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ.

هۆکارێکی تریش لەو "سیحرە"دا نییە کە ئەم یارییە لە خۆیدا هەڵیگرتووە، وەک دەوترێت، بەڵکو خۆشی "سەرکەوتنی مەعنەوی"یە، بەتایبەتی لە وڵاتانی بەناو "جیهانی سێیەم"دا، ئەو سەرکەوتنەی کە لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا لەوان وون بووە! ئەم جەماوەرە سەرکەوتنی هەڵبژاردەکەیان لە تۆپی پێدا وەک قەرەبووی ئەو سەرکەوتنانە هەژماردەکەن کە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا ڕێگریان لێ کراوە، یا لێی بێبەش بوون یا لێی بێبەشکراون، ئەم بردنەوەیە وەک دەربازبوونێکە کە ئەو نیگەرانیانەیان بیردەباتەوە و ئەو "دادپەروەرییەیان" بۆ بەدەستدەهێنێ کە دەستیان پێڕانەگەیشتوە و نەیانتوانیوە پێیبگەن، ئیتر بەبردنەوەی تیپەکەیان ئارامییەکی سەرپێیی کورت ماوە بەدەست دێنن، بەتایبەتی کاتێک هەڵبژاردەی وڵاتەکەیان دەیباتەوە!!

سەبارەت بە عێراقیش، لە ئەنجامی هاتنەسەرکاری یەک لە دوای یەکی حکومەت و دەسەڵاتە بۆرژوازییە کۆنەپەرستەکان و سیاسەتە دژی ئینسانییەکانیان بەردەوام لە هەوڵی پیادەکردنی ڕێڕەوی توندووتیژی و سەرکوت و کپکردنی دەنگی ئازاد و شەڕ و کوشتار و زیندان و ئیعدامکردندا بوون وەک هۆکارێکی زبر، بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگا، لە لایەکی کەشەوە هۆکاری نەرمیان بەکار هێناوە بەمەبەستی هێورکردنەوە و خۆڵکردنە چاوی خەڵک، وەرزشیش، وە بەدیاریکراوی تۆپی پێ یەکێک بووە لەو ئامرازە نەرمانە، ئەم حکومەتانە سوودیان لە سەرکەوتنە وەرزشییەکان وەرگرتووە بۆ پەردەپۆشکردنی هەموو ئەو نەرێنییانەی (سلبیات) کە لە ئەنجامی ستەمی دەسەڵاتەکانیانەوە هاتونەتە ئاراوە و... هەوڵیانداوە بیکەنە واقیعی ڕۆژانە بۆ ئەوەی خەڵک لەسەری ڕابێ و بە خۆشیەوە قبوڵیان بکات!

نووسەری فەرەنسی ئیتیان دی لا بۆیسێ لە کتێبی "کۆیلایەتی ئارەزوومەندانە - العبودیة الطوعیة"دا* دەڵێ:

(کاتێک وڵاتێک تووشی کۆلۆنیالیزم و داگیرکاری و دەستدرێژی و چەوساندنەوەی درێژخایەن دەبێت، نەوەیەک سەرهەڵدەدات کە پێویستی بە ئازادی نییە و خۆیان لەگەڵ ستەمکاری و زەلیلی و کۆیلایەتیدا دەگونجێنن. ئەوەی دەتوانین پێی بڵێین "هاوڵاتییەکی سەقامگیر" تێیدا دەردەکەوێت).

سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ هەندێک لەو بۆچونەی ئەم نووسەرەدا نیم، بەڵام ئەو دەستەواژەیەی کە هەڵوێستەی لەسەر دەکەم، "هاوڵاتی سەقامگیر"ە، کە دەسەڵات دەتوانێت خۆشەویستی و ئارەزووی هاوڵاتی بۆ تۆپی پێ وەک ئامرازێک بەکاربهێنێت، لە دروستکردنی ئەم "هاوڵاتییە سەقامگیرە"دا، چونکە، زۆر بە سادەیی، هەوڵدەدا هاوڵاتی سەرقاڵ بکا بەجۆرێک چارەنووسەکەی خۆی و پرس و کێشە ناوخۆییەکانی لەبیربەرێتەوە، تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ، دواتریش ئەوا هەموو بارودۆخەکە وەک خۆی دەگەڕێتەوە و دێتەوە ئاستی جاران ئەگەر خراپتریش نەبێ!

ئەمە جگە لە ئامرازە کانی تر وەک بڵاوکردنەوەی بیرۆکە ئاینییەکان و تەسلیمبوونیان بۆ ئەو بیرۆکانە چونکە پێیان دەڵێ ئەمە ویستی "پەروەردگارە" و هیچ ڕێگەیەکی دەربازبوون لەو ویستە لە ئارادا نییە، یان لە ڕێگەی بەهەژاریکردن و برسێتی و ناچارکردنی هاووڵاتی بۆ ڕاکردن بە دوای بژێوی ژیانیدا.

ئەم پاڵەوانەتییە هیچ بارودۆخێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی شاری بەسرەی نەگۆڕی، بەڵکو بۆ دانیشتوانی شارەکە بەتایبەتی و دانیشتوانی عێراق بەگشتی دەکرێ بڵێین وەک "ماددە یەکی هۆشبەر" وابوو کە وای لێکردن ئازارێک کە بۆ دەیان ساڵە دەست و پەنجەیان لەگەڵ نەرمکردوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی حکومەتی تائیفی قەومی دەسەڵاتی گرتۆتە دەست، لە ساڵی ٢٠٠٣.

هاوکات لەگەڵ ئەم ڕاستییەدا، دەتوانرێت کۆمەڵێک پرسیار بێتە ئاراوە، لەوانە: ئایا ئەم پاڵەوانیەتە توانیویەتی دەستدرێژی میلیشیاکانی سەربە ئەم یان ئەو لایەنە بۆ سەر خەڵک لەو شارە کەمبکاتەوە؟ ئایا ئەو خێڵ و عەشیرەتانەی ئەو ناوچەیە کە بە بێبایەخترین هۆکار بە چەکی قورس پەلاماری یەکتری دەدەن، پاشان بە سوڵحی عەشایەری کە پێیدەڵێن "فسلیە" بە قێزەونترین ڕێگا کە ئەویش بەخشینی کۆمەڵێک ژنی سەر بەلایەنێکە بۆ لایەنەکەی تر کۆتایی بە ململانێ و کێشەکانیان دێنن، لەبەینچووە؟! ئایا لەبری ئاوی پیس ئاوی خواردنەوەی پاک بۆ دانیشتوانەکەی دابین کراوە؟ ئایا قوتابخانەیەکیان دروست کرد یا تەنانەت نۆژەنیانکردۆتەوە؟ ئایا ئەو خانوە لە تەنەکە دروستکراوانەی کە دەوری یاریگای (جذع النخلة) یان دابوو ئەمان لەبەر جوانی ئەو ناوچەیە، هەمویان تێکدا و دانیشتوانەکەیان سەرگەردانکرد، شوێنی حەوانەوەی گونجاویان تریان بۆ دابینکردنەوە؟ ئایا نەخۆشخانەیەکیان دروست کرد شایەنی ئەم شارە بێت؟ ئایا ....

شاری بەسرە بە خراپترین مۆدێلی بەڕێوەبردن لە عێراقدا هەژماردەکرێ، بەو پێیەی سەرەتایترین خزمەتگوزاری مرۆیی تێدا نییە، بۆیە ئەم دەسەڵاتە تائیفییە گەندەڵە نایەوێت ئەم هاوڵاتییە جیهانە تەسکەکەی خۆی بەجێبهێڵێت و بە ڕێگەی جۆراوجۆر لە دژی ئەو "سەقامگیری"یە ساختەیە ڕاپەڕێ، و دەیەوێت ئەم بۆنەیە بەکاربهێنێت بۆ گەیشتن بەو ئامانجە!!

ئەوەی ئەمڕۆ لەسەر ڕوخساری جەماوەر بەم بۆنەیەوە شادی دەبینرێ، ئەم دەسەڵاتە و تەنانەت پیاوانی ئاینییش، هەوڵی دزین و ئیستغلالی دەدەن لە پێناو بەرژەوەندی خۆیاندا ئەویش بە پێشوازیکردن و بەخشینی خەڵاتی گرانبەها بە ئەندامان و یاریزانانی ئەو تیپە لەو پارەیەی کە پێشتر لەوانیان دزیوە و ئێستا وەک خەڵات و مینەت دەیاندەنەوە!

لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت کە باشتر و گونجاوتر بوو ئەم تیمە وەرزشییە، سەرەتا و پێش هەر سەردانێک بۆ لای هەر بەرپرسێک، ڕۆیشتبا بۆ ماڵی ئەو کەسانەی گیانیان بەخت کرد لە پێناو سەیرکردنی ئەم یاریانە و هاندانی ئەم تیپە، بەتایبەت قوربانیانی ئەو پاسەی کە لە ناسریەوە بۆ ئەو مەبەستە دەهات، و ئەرکی سەرەخۆشی و هاوسۆزییان پێشکەش بە کەسوکاریان کردبا و سەردانی بریندارەکانیان کردبا! ئەم سەردان و پێشوازی و خەڵاتبەخشینە هیچ نیە جگە لە ڕووپۆشێکی ساختە و هەوڵێک بۆ پیشاندانی وێنەی نیشتمانێک کە جگە لە بردنەوەی پاڵەوانێتی وەرزشی لە هیچی تری کەم نیە!

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بە ڕاستییەک بکەین و بیخەینە بەرچاوی هەموو ئەوانەی بەدوای هەواڵە وەرزشیەکانەوەن، بەتایبەتی تۆپی پێ لە سەر ئاستی جیهاندا و بیکەینە هەندێک پرسیار و وەڵامەکەشی بۆ خوێنەر جێبهێڵین:

بۆچی وڵاتانی "پێشکەوتوو" گرنگییەکی وا بەرچاو بە تیپەمیللییەکانیان نادەن، بەڵکو خەمی ئەوان، بە جۆرێک لە جۆرەکان، لەسەر پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانە بۆ هاووڵاتییان و دابینکردنی جۆرێک لە ژیان و ئازادی کە بەراورد ناکرێ بەوەی کە هەیە لە وڵاتانێک کە گرنگیەکی بەرچاو بە تیپەمیللییەکان دەدەن، بەتایبەت وڵاتە "هەژارەکان" یان ئەو وڵاتانەی حوکمڕانی دیکتاتۆریان تێدا جێگیرە!؟ بۆ نمونە هەڵبژاردەی میللی ئینگلتەرا کە لەسەر خاکی خۆی یاری تۆپی پێ داهێنراوە، کەچی هێشتا هەڵبژاردە میللیەکەی دوورە لە بەدەستهێنانی پاڵەوانییەتە جیهانییەکان! باسەکە لێرەدا باسی ئەو یانانە نییە کە بوونەتە دامەزراوەی سەرمایەداری کە ملیۆنان دۆلار بۆ خاوەنەکانیان بەرهەم دەهێنن، بەڵکو زیاتر باس لە هەڵبژاردە میللییەکانە. سەبارەت بە وڵاتانی سکاندیناڤیا، چاوخشاندنێکی سادە لە پێگەی ئەو وڵاتانە لە ڕیزبەندی "تیپە میللییەکان" و تەنانەت یانەکانیشیان پشتگیری لە ڕاستی ئەو قسانەی ئێمە دەکات.

٢٠٢٣-١-٢٦

*- ئەم دەقە لە کتێبی ( العبودیة الطوعیة ) نوسەری فەرنسي (ئیتیان دو لا بویسی) وەرگیراوە - الناشر مرکز دراسات الوحدة العربیة - بیروت الطبعة الأولى (٢٠٠٨).

## پاشماوەی ...... گەندەڵی و توێژی بۆرژوازی گەورە و پەیوەندیی بە سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە عێراقدا

بەرهەمهێنانەوەی سیستماتیکی ڕژێمی سیاسی ئێستا و پەیکەرە (ستراکچەرە) پشکپشکێنکەی و دابەشبوونە تائیفی و قەومییەکەی.

بە واتایەکی تر، دوای ئەوەی گۆڕانکاریە ئابوورییە نیولیبراڵەکان لە ڕێگەی سیستەمی سیاسی و هێزە داگیرکەرەکانی ئەمریکاوە چەسپێنران، ئەم پرۆسەیە ئەمرۆ و دوای بیست ساڵ لەم گۆڕانکاریانە گەیشتووەتە دۆخێکی دیکەی باڵاتر، ئەویش ڕاوەستانی ڕژێمی سیاسییە زیاتر و زیاتر لەسەر زەمینەی واقیعی ئابووری نوێ و تەنانەت بەردەوامی پرۆسەی بەرهەمهێنانەوەیەتی لەسەر بنەمای ئەم واقیعە. من پێم وایە پاشەکشەی (سەدرییەکان) و پرۆژە پۆپۆلیستییەکەیان کە نەگونجا بوو لەگەڵ پێداویستییەکانی جووڵە و کەڵەکەی سەرمایە بەو شێوە کۆنکریتەی ئێستای لە عێراقدا، هەروەها بوونی یەدەگی دارایی زەبەلاحی دەوڵەت لە ئەنجامی زیادبوونی بەرهەمهێنانی نەوت و گرانبوونی نرخی ئێستای لەو هۆکارانەن کە بەدیهێنانی ئەم گۆڕانکارییە چۆنایەتییەیان لە پەیوەندی سیاسەت و ئابووریدا خێراتر کرد. دیارە هەموو ئەمانە بەدەر لە فاکتەری ئاڵۆزی جیۆ سیاسی و ململانێی ئایدیۆلۆژیای ئایینی نیوان (سەدرییەکان) و هێزەکانی (چوارچێوەی هاوئاهەنگی) و ململانێیان لەسەر دابەشکردنی سامان و دەسەڵات کە بە شێوازی جوراوجۆر بەردەوامن.

بنەمای کۆمەڵایەتی سەرمایە لە ناوخۆی هەر وڵاتێکدا لایەنی جیهانی هەیە و سەرمایەی ناوخۆیی پەیوەستە بە جوڵەی سەرمایەی جیهانییەوە، هەر لەم ڕاستایەشدا بورژوازی لە هێزی کۆمەڵایەتی جیهانی سەرمایە بەهرەمەندە بەڕووی پرۆلیتاریادا و ئەمە لە کاتێکدا زیاتر دەر ئەکەوێت کە پرۆلیتاریا بیەوێت سەرمایە بروخێنێ. ئەم پەیوەندییە بەیەکەوە گرێدراو و لێکئاڵێنراوە جیهانییە لە بواری ململانێی سەرمایەی نێو بازاڕی جیهانیدا خۆی بەرجەستە ئەکاتەوە و ڕەنگدانەوەی خۆی لە سیاسەت و ململانێی جیۆ سیاسی و ستراتیژی و شەڕەکاندا دەردەخات.

### خەسڵەتی چینایەتی کرێکاری لە خەباتی شۆڕشگێڕانەدا

لەژێر سایەی ئەو هەلومەرج و گۆڕانکاریە ئابوری و کۆمەڵایەتیانەدا، ئێستا چینی کرێکار و جەماوەری هەژار و پەراوێزخراو ڕووبەڕووی کاریگەرییەکانی دابەزینی نرخی دیناری عێراقی بەرامبەر بە دۆلاری ئەمریکی بوونەتەوە، بەتایبەتی لەم دواییانەدا، و کاریگەرییە ئابوورییەکانی گەندەڵی و سەرمایەداری نیولیبراڵ لەسەر دارمانی ئاستی ژیان و گوزەرانی بە پێست و خوێنیانەوە ئەیچێژن. هەر بۆیە بەناچاری ئەبێ بە سەروکاری هەوڵەکانی نرخی ئاڵوگۆڕی دراو و ڕۆڵی پارە و قاچاخ و سپیکردنەوەی پارەوە بن و لە ڕۆڵیان بکۆڵنەوە لەناو ئابووری سەرمایەداری و کاریگەرییەکانیان لەسەر ژیانیان.

سەرەڕای هەموو بانگەشەکانی بۆرژوازی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئابووری سەرمایەداری لە ڕووی حیساباتی قازانج و زەرەر و تێچووی بەرهەمهێنان و کۆنسێپت و هاوکێشە بیرکارییەکانی دیکەی ئابووری و ئاڵۆزییەکانی پاکێج و مۆدێلی دارایی و بابەتی تەکنیکی دیکە، ئاشکرایە کە ئابووریی سیاسی لە دواشیکردنەوەدا هەر لە جێگەی خۆیەتی و پەیوەستە بە خەباتی چینایەتی لەناو فۆرماسیۆنی ئابووری-کۆمەڵایەتی سەرمایەداری لە هەر وڵاتێکدا لە ئاستی جیهاندا.

هاوسەنگی هێزی چینایەتی لە نێوان پرۆلیتاریا و بۆرژوازی فاکتەر و هۆکارێکی گرنگە بۆ دیاریکردنی باری ئابووری و گوزەرانی جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشان. هەر لەم ڕاستیەدا، ئاشکرایە کە سیاسەتە نیولیبراڵییەکان بە هۆی کارامەتربوونیان لە بواری گەشەسەندنی ئابووری و پڕوپاگەندە درۆینەکانی لەم چەشنە کە لەلایەن بۆرژوازی جیهانییەوە بڵاوکرایەوە و ئێستاش دەوترێتەوە، نەهاتۆتە ئاراوە، بەڵکو لە ئەنجامی قەیرانی سەرمایە و سیستەمی سەرمایەداری جیهانی لە ناوەڕاستی هەفتاکانی سەدەی پێشووەوە و لە بەرژەوەندی بەهێزکردنی کەڵەکەبوونی سەرمایەدا گیراونەتەبەر. لە عێراقدا لە لایەن دەسەڵاتی ئەمریکا و هێزەکانی ڕژێمەوە سەپێندراوە، بەو پێیەی سیاسەتێکی ئابوری دارێژراوە بۆ سەپاندنی مۆدێلێکی دیاریکراوی ئابووری لە سەرمایەداریدا.

گۆڕینی هاوسەنگی هێزی چینایەتی نیوان کرێکاران و بۆرژوازی دەسەڵاتدار بە قازانجی یەکەمیان کەفیلە بە وەڵامدانەوەی ئەو نەهامەتی و وێرانکارییەی سەرمایەداریی نیولیبراڵە کە بەسەر چینی کرێکاردا سەپاندوویەتی. جێبەجێکردنی سیاسەتە نیولیبراڵییەکان و سەپاندنی بەسەر کرێکاران و زەحمەتکێشاندا لەگەڵ ئاڕاستەکردنی گورزی یەک لە دوای یەک لە دژی خەباتی یەکگرتووی چینایەتی کرێکاران و جەماوەری هەژار بووە و هەمیشەش هەروا دەبێت، ئەم هێرشە ڕێکخراوانەی بۆرژوازی تەنیا بە خۆڕاگری و پێداگری زیاتر لەسەر بەرگریکردن لە بەرژەوەندییە چینایەتییە سەربەخۆکانی کرێکاران و یەکخستن و پتەوکردنی ڕیزەکانی خەباتیان دژی چینی دەسەڵاتدار وەڵام دەدرێتەوە. و ئەمە کاریگەری لەسەر گۆڕینی ڕەوەندی ئابووری بە قازانجی چینی کرێکار و بێبەشان دەبێت و لە بەرژەوەندیان ئەشکێنێتەوە، بەدەر لە زەبەلاحی هێزی بۆرژوازی دەسەڵاتدار.

هەریەک لە دوو چینە کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکەی کۆمەڵگەی سەرمایەداری، بۆرژوازی و پرۆلیتاریا، بەدیلێکی ئابووری جیاوازیان هەیە. بەدیلی پرۆلیتاریا سۆسیالیستی جیهانی بریتییە لە ڕووخاندنی سەرمایە، هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتی تایبەتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە و کۆمۆنیکەشن، ڕزگارکردنی کاری کۆمەڵایەتی لەو فۆرمە سنوورداەی کە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا وەک سەرمایە دەیگرێتەبەر و گێرانەوەی بەرهەمی هێزی کاری کرێکاران بۆ بەرهەمهێنەرانی ڕاستەوخۆ و ئازاد لە چوارچێوەی میکانیزمەکانی کۆمەڵگایەکدا کە لەسەر بنەمای ئازادی تاک و یەکسانی ئابووری نێوان تاکەکان دامەزراوە.

ڕوونی زیاتر لە پەیوەندی نێوان چین و توێژەکان لە عێراق و پەرەسەندنی جەمسەرگیری چینایەتی لەسەر بنەما و زەمینەی گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتییە نیولیبراڵەکانی سەرمایەداری دوو دەیەی ڕابردوو، و هەروەها توندوتیژتربوونەوەی دژایەتیی بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشان و زۆرینەی جەماوەر لەبەرامبەر چینی بۆرژوازی و هێز و ڕەوت و حزبە ناسیۆنالیستی و ئیسلامییە دەسەڵاتدارەکانیدا، بێگومان کاریگەری لەسەر تایبەتمەندییەکانی خەباتی سیاسی شۆڕشگێڕانە لە کۆمەڵگادا بە گشتی دادەنێت.

ئیتر ناکرێ لاوانی شۆڕشگێڕ لە خولگەی سیاسەت و گۆڕانکارییە سەرەوەییە (فەوقی) سیاسییەکاندا بمێننەوە، تەنانەت ئەگەر ڕادیکاڵیش بن، و خەباتیان دابراو بێت لە ململانێی نێوان چین و توێژەکان لە وڵاتدا. هەر لەم ڕاستایەشدا ئیتر ناکرێ بەبێ بەرگری و بەرجەستەکردنەوەی، سەربەخۆیی چینایەتییان وەک گەنجانی کرێکار و بەشێک لە چینێکی کۆمەڵایەتی کە بەدیلی سۆسیالیستی خۆی هەیە، خەباتیان بەرەوپێش نەبەن. بەهەمان شێوە، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان و ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش لە خەباتی چینایەتی خۆیاندا و لە خەباتیاندا دژ بەو ستەم و چەوساندنەوەیەی کە بەسەر ژناندا سەپێنراوە، دەبێ سەربەخۆیی چینایەتی خۆیان وەک ژنانی کرێکار و بەشێک لە خەباتێکی کۆمەڵایەتی و چینایەتی سۆسیالیستی زامن بکات بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت.

پەرەسەندنی خەباتی چینایەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان کە ناوەستێ لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا، و هەر گۆڕانکارییەکی جددی لە هاوسەنگی هێز لە بەرامبەر بۆرژوازی دەسەڵاتداردا بە قازانجی ئەوان و سەپاندنی چاکسازی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەسەریدا، ڕێگا بۆ گەشەسەندنی زیاتری خەباتی ڕزگاریخوازانە و ئاسۆ و بەدیلی ڕەوتی سۆسیالیستی لەناو ڕیزەکانی جەماوەری کرێکاراندا دەکاتەوە.

هەر لەم ڕیگەیەوە ئاسۆی سۆسیالیستی پرۆلیتاری و بزوتنەوەی سۆشیالیستی ئەم چینە ئەتوانی سەرمەشق و پێشەنگی مارشی ڕزگاریخوازانەی ڕیزی بەرینی هەموو جەماوەری بێبەش و ئازادیخوازن بێت بۆ ڕزگاری و خۆش گوزەرانی و یەکسانی و دەرچوون لەم بنبەستەی کە کۆمەڵگە دەرگیری بووە لە ژێردەستی کەپیتالیزم و نوێنەرە ئیسلامی و قومییەکانی.

٢٠٢٣-٢-٨

رأسمالیة اللیبرالیة الجدیدة (النیو لیبرالیة). فؤاد قاسم الأمیر. حزیران (٢٠١٩). ص ٢٧
هەمان سەرچاوە لاپەرە ٢٨

# بانیژەی ئەدەب و کلتوور

ئامادەکردنی/ عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) و جەمال کۆشش

## ئەوان دەڕۆن و ئێمە دەمێنینەوە

شیعری : ناڵە حەسەن

٢٥ ی شوباتی ٢٠١١



با شەقامەکان بکەین بە ماڵمان
تا ڕێژنە بارانی ئاسوودەیی و
ڕێژنە بارانی موحیبەت
تەڕمان نەکات نەڕۆینەوە
بەیەکەوەش
گۆرانییە پڕ سۆزەکانی عەشق و
سروودە پڕ ڕازەکانی خۆرەتاو و
لاوکە پڕ ڕەنگەکانی باخچە و
بەستە پڕ نەغمەکانی
بەهارێکی نوێ بڵێینەوە...!

***

با شەقامەکان بکەین بە ماڵمان
تا پەیکەری خەون و ئارەزووەکانمان
دێنە قسە و زەردەخەنەکانیان
بە سنەوبەر و ڕەشەڕەیحانەی
ئومێدەکانمان دەبەخشن
تا دەبین بە تابلۆیەک
ڕەنگینتر و ناسکتر لە ئێستامان
ئێمە ، لەم کەرنەڤاڵی
ڕاسان و لەدایکبوونەوەیەدا
هیچ لە دەست نادەین
جگە لە مەرگی شێنەیی هەمیشەمان...!

***

با شەقامەکان بکەین بە ماڵمان
تا جێهێشتنی دوا مەنزڵگەی مردنمان
تا هەڵوەرینی دوا گەڵای خوداکانمان
لەم کەرناڤاڵی عەشق و
لەم کەژاوەی لە دایک بوونەوەمان
نارۆینەوە
تا ماڵەکانمان پڕ نەبێ لە خۆشەویستی و
شەقامەکانمان پڕ نەبێ لە ڕووناکی
ئێمە لەم ڕووبەری ڕاسان و ( ڕێژوان ) ەدا
هیچ لەدەست نادەین
جگە لە خەونە کابووسییەکانی شەوانەمان

***

با شەقامەکان بکەین بە ماڵمان
تا گەیشتن بە دنیایەک
( کە جوانتر بێت لە هەمیشە
تا گەیشتن بە نیشتیمانێک
کە ڕەنگینتر بێت لە هەمیشە
تا گەیشتن بە ئایندەیەک
کە سپیتر بێت لە هەمیشە
ئێمە لەم کەرنەڤاڵی ڕاسان و ژیانەوە
تا کرێوەی دوا ڕێگاکانی ڕەهابوون
تەڕمان نەکات ، نارۆینەوە
تا چرینی دوا هەڵبەستی هەستانەوە
مەستمان نەکات ، نارۆینەوە
چونکە دواجار
..!( ئەوان دەڕۆن و ئێمە دەمێنینەوە )

## زمان نەخشەی دورگەیەکە لەجوانی

نووسینی : ستار ئەحمەد

زمان فاکتەرێکی کاریگەرە لەبنیاتنانی دەقدا، هەر ئەمەیشە وادەکات نووسەر بتوانێت پانتاییەکی دەوڵەمەند و فراوان لەدنیای وردبینی و داهێناندا داگیر بکات. دەوڵەمەندی زمان نووسەر و شاعیر لەخۆ جوینەوە و خۆخۆردانەوە رزگار دەکات، وێردی گیانەلا لەنووسەردا دەسڕێتەوە، زمانە وێنەی شیعریی تازە و بەپێز دەکات . ڕەونەق دەدا بەخەیاڵ. کاریگەری ریتم لەگوێی خوێنەردا دەنەخشێنێ. زمان دورگەیەک لەجوانی و نەخشەیەک لەنوێگەری دروست دەکات. ڕۆڵی کارا دەبینێ لەمانەوە و نەمری دەقدا، هەموو شیعرێکی زیندوو دەچێتە خانەی دەقەوە. شیعر پێشەنگی ژانرەکانی دیکەی ئەدەبە. زۆرجاریش شیعر لێکخشانە لەگەڵ زماندا. شارەزایی لەزماندا مەودای شیعر و نووسین دیاری دەکات، زمانە ڕەهایی و تەمەن بەبابەت دەدات . خۆنەدانە دەستەوەی شیعر و نووسین ، بێزارکردنی خوێنەرو هەناسەسوارکردنی مەرج نییە چاکی بەرهەم بگەیەنێت، بەڵکو پسپۆری لەزماندا قووڵبوونەوەی شیعر و نووسین لەرۆکاری ژیاندا دەرەخسێنێت و شۆڕت دەکاتەوە بۆ دونیای جاویدانی. ئاڵۆزی لەنووسیندا چەشنی گورزێکە لەهەناوی زەمین دەدرێ. لەکوێوە ئاراستەی شوێنەوارەکان دەکرێت ..؟ بۆ..؟ لەبەرچی ..؟ کەی ..؟ چۆن ..؟بەچ شێوەیەک لێیدەگەیت ..؟ ئاراستەی بەرەو کوێ دەڕوات..؟زمان لەنەشونماو کاریگەری و جوانیاندا بەرپرسیارو شارێچکەیە. کۆڵەواری لەزماندا جۆرە ئاڵۆزی و ناحاڵیبوونێکی لە نووسین و شیعری ئەمڕۆماندا دروست کردووە . گوایە بۆ نوخبە دەنووسن . نازانم ..؟ کام نوخبە ..؟ ئەوانەی میوانی ماڵ و زێدیانن ..! یاخود ئەوانەی چەکەرەی زام و بۆسۆی وشەی داگیرساو و جەستە و ئێسقانی خاک و ئینسانن. کەس گەواهی لە سەر چاکی ئەم جۆرە بەرهەمانە نادات ، لەدوولا مەست و حەیرانن . نوخبەش بەرهەمی ئەم جۆرە نامە هەڵگرانە ناخوێننەوە، شاعیر یاخود نووسەر هەرگیز موڵکی خۆی نەبووە، دەبێت زمانی گەلەکەی بەچاکی بزانێت، هەڵگری کلتوور و دیرۆکی



نەتەوەکەی بێت بە میللەتانی تریشی بگەیەنێت ، ئیتر دێری تژی لەتەمتومان و سووتانی وشەی داڕسکاو ،خەملاندنی ناونیشانی دووبارە و سێبارەی شاعیرانی حەفتاکان، بەمۆدێرن و نوێخوازی دانانرێن. لێرەدا شیعرم کردووە بەنموونە، چونکە ناکرێت لەسەر داخوازی ڤیستیڤاڵێ یاخود لاساییکردنەوەی شاعیرانی تر شیعرێک بنووسیت و ناوی بنێیت شیعری تازەگەری، شیعر مەرج و پەیوەست و سنوور و بەربەستی نییە ، شیعر هەڵچوون و داچوونی ڕۆحییە ، ورژمی دەروونی و هەست و نەستی ناوەوەیە .. چرکەساتی بۆ نییە کەی هات ئەوە هەوارگەی خۆی دەست نیشان دەکات. نیشتمانێک لەپەیڤی شرین پێکەوە دەنێت . هەندێکجار کردەیەکی خۆڕسکییە ، دواجار دەبێتە ماڵ و موڵکی شاعیر. ناکرێت ئێمە کۆمەڵگەیەکی شیعری دروستکەین و ناوی بنێین خێوەتی هەڵبەست ، گەر وابێت ئەوە شیعر لەتاراوگەو تراویلکەدا دەژیت . هەرگیز نابێتە سایەی لوتکەی خەونی شاعیرو هیچ خاوەن قەڵەمێکی دیکە. لەشیعرا پێویستە گرێ کوێرەکان بکرێنەوە، ئاراستەکان ستوونی و شاقوولی دەوروبەر ببڕن، ئیتر مەوداکان دەگەنە کوێ..!! زمان هۆکارێکە لەدەست نیشانکردنیدا . ئاوزەدکردنی شیعر خۆی لەخۆیدا سنوور دانانە بۆ مەودای بیرکردنەوە، ئاراستەکان هاودژ دەکات لەگەڵ شاعیردا و بەهای ویژدانی کاڵ دەکاتەوە، چونکە زمان وابەستەی دەقی زیندووە ، کردە ڕۆحییەکان موچڕکی ناخن. ڕێگەیان سەرچاوەی دەروونە،زمانیان هزرو پێنووسەو ڕێگریان خەونی لەخۆبایی بوونە .

## من کە ئێوەشن

شیعری : بەندی عەلی



*من ڕەشەبایەکم دەوێ*
*پوشی بێ دەنگی بەبادا*
*من ڕەهێڵەیەکم دەوێ*
*کێوی سەر ئەم دڵەم لادا*

*لەخۆڕا نەبوومە شەختە*
*کزەی ئێوە وای لێکردم*
*پاییزی غەدر بوو یەک یەک*
*گەڵای هەوڵی بەبا بردم*

*من لەنەسلی خۆرەتاوم*
*سەد شەوی تار نام خەوێنێ*
*خەمێکم ، سەد ئازارشکێن*
*بێ ویستی خۆم نام ڕەوێنێ*

*من لەتوخمی بەردی گڕم*
*کە هەڵچووم نا گیرسێمەوە*
*کێوە بەفری کۆسارێکم*
*بە دزە هەتاو ناتوێمەوە*

*لێم دەپرسن دەڵێن تۆ کێی*
*سێبەری یان گیانی چەقیو*
*دەڵێم من خەونی شەوتانم*
*براوەی حەق ، ئێوەش بەزیو*

*دەڵێن نابێ ، ئەبەد وابێ*
*شەو بە تامی سێبەر بدوێ*
*دەڵێم گەر حەق ڕەق بێ وەک بەرد*
*سەیلی پاساو ڕوو بکاتە کوێ ؟*

*جیهانێکەو جوتێ سەنگەر*
*ستەمدیدەو ستەملێکراو*
*لەیەک ناچن گڕی مۆم و*
*بڵێسەی خەرمانی سوتاو !!*

.............................................

بەداوای لێبووردنەوە ئەو منە ئێوەشن !

## تەنگە بە پێی خەونەکانمان شار

شیعری : سوممەیە جەلال



دارمێوێکمان بە هەورەوە هەڵواسی
پیایدا هەڵدەگەڕێین
بەرەو ماڵە خەیاڵییەکەمان
ئەوانەی بەوێدا تێدەپەڕن
سەبەتەکەیان پڕ دەکەن لە ترێ
شەرابی نەمری لێ دروست دەکەن و
تۆوەکەی بە دوعا دەچێنن
هاکە ئەوانیش
ماڵێکی ڕاستەقینەییان هەبێت و
ڕۆحیان بێتەوە بەر.
کە سەرمامان دەبێت
بە وشە خۆمان گەرم دەکەینەوە
برسێتیمان لەسەر سفرەی شاعیرێک دەشکێنین
. دەچین بەرەو کۆشکی خەیاڵ و
کەلاوەی ژیان بە جێ دەهێڵین.
بە پێی خەونەکانمان تەنگە شار
لەناو تەمدا بزر دەبین و
هەر خۆمان دەبینین
بە کۆڵەکەی خەونەکانمان.
یەک ڕەنگمان هەیە
گشت ڕەنگەکانی لێ دێتە بوون
"ڕەش"
یەک خودا کە ئێوە هەزار و یەکتان لێ دروست کرد.
سەری ئێوە بە هەسارەیەکدا دەگەڕێت
هەسارەیەک لە سەری ئێمەدا.
کە بە دەرنەفیزێکەوە دێن
بوورغوەکانی سەرمان شل بکەنەوە و
چاوی خەونەکانمان هەڵکۆڵن
هەڵدێین...
کە لەبارەیان دەپرسن
هیچتان بۆ ناگێڕینەوە
دەترسین تاڵانیان بکەن و
ئەنفالێکی دی بنووسنەوە
لە دەفتەری بیرەوەرییەکانمان.
میکرۆبەکانتان ڕۆبکەنە
نێویان و تاڵانیان بکەن
وەک لادێیەکی خاپوورکراو
کە دەنگی ژیان تیا نەبیسترێ.
بۆیە هەڵدێین و
ئێمە هەڵهاتوویەکی هەمیشەیین.
بۆ چنگخستنی مشتێ ژیان و
ڕەتکردنەوەی قومێک مردن
نا ژیانمان لێ دەڕژێ و
دەیان جار پێکی مردنمان هەڵداوە.
بەڵام ئێمە دارمێوێکمان هەیە
پیایدا هەڵدەگەڕێین
بەرەو ماڵی خەیاڵیمان و
پاسەوانی جوانی دەکەین.
تۆش سەبەتەکەت پڕکە
پڕیکە لە ترێ
شەرابی نەمری لێ دروست بکە و
تۆوەکەی بچێنە
تا ماڵێکی ڕاستەقینەیت هەبێ.

## کتێبخانەی کاریز؛ ماڵێک بۆ هەمووان

ئامادەکردنی : بانیژەی ئەدەب و کلتوور

کتێبخانەیەک لە شاری کەرکووک، کەوتۆتە نێو ڕێگە پێچاوپێچەکەی هەناوی گەڕەکی باروتخانە، لە سنووری کتێبخانەی ئاسایی تێپەڕاندووە و بووە بە ناوەندێکی فەرهەنگی و کلتووری کە دەرگای هەمیشە بەڕووی خوێنەران و نووسەران و ڕۆشنبیران و هونەرمەنداندا کراوەیە. کاک تاریق کارێزی نووسەر سەرپەرشتیار و خاوەندارێتی ئەو ناوەندە مەعریفییە دەکات. کتێبخانەکە لەژێرخانی ماڵەکەی کاک تاریق کارێزی دایە و وەک کاک تاریق دەیوت بەڕێزیان تەنها لەڕووی یاساییەوە خاوەندارێتی لە ناوەندەکە دەکەن، ئەگینا ئەو ناوەندە بەبێ جیاوازی ناوەندی سەرجەم نووسەران و خوێنەرانە بە کورد و عەرەب و تورکمان و کلدان و ئاشوورییەوە.

وەختێک سەر لەم کتێبخانەیە دەدەیت، پێشوازییە گەرمەکەی کاک تاریق و نووسەرانی خۆبەخشی وەک کاکە سەید و ئەوانی تر لەوێ تووشی سەرسامیت دەکەن و باوەشی گەرم و ئاو و قاوە و چا بووەتە نەریتێکی فرە جوان و بەشێکی دانەبڕاوی ئەو ناوەندە کلتوورییە. ئەمە جگە لە بەخشینی ڕۆژنامەکان و هەندێک لە گۆڤار و کتێب بەخۆڕایی. ئەم کتێبخانەیە بەمانای وشەکە ناوەندێکە دوور لە بازرگانییە و تا ئێستا هیچ پاڵپشتێکی دارایی نییە جگە لە کۆمەکی خوێنەران و نووسەران و کارێزدۆستان نەبێت.

کتێبخانەی کارێز ؛ هەموو چوارشەممانێک چالاکییەکی کلتووری یان ئەدەبی و ڕۆشنبیریی هەیە. شوێنێکە جێی هەموو ڕایە جیاوازەکان و بۆچوونە ڕەنگاوڕەنگەکانی تیا دەبێتەوە. شایانی باسە سەردانیکەرانی کتێبخانەی کارێز هەر تەنها نووسەران و ئەدیبان و هونەرمەندان نین، بەڵکوو منداڵانیش بەردەوام سەر لە کتێبخانەکە دەدەن و بە جێگایەکی گونجاوی دەزانن تا کتێب و گۆڤاری تیا بخوێننەوە و فێر بن. ئەم کتێبخانەیەخۆی ئەرشیفخانەیەکی گەورەیە لە کەرکووک. کتێبخانەی کارێز بەردەوام ناوی ئامادەبووانی کۆڕە فیکریی و ئەدەبیی و ڕۆشنبیرییەکان لە دەفتەری تایبەت تۆمار دەکات و هەروەها دەفتەری تایبەتیشی هەیە بۆ سەردانیکەرانی نوێ تا بۆ مێژوو ڕا و سەرنج و بۆچوونی خۆیانی تیا تۆمار بکەن. ئەم جوانییەی لە کتێبخانەی کارێز هەیە وای کردووە کە ئەهلی مەعریفە لە کەرکووک و دەرەوەی کەرکووک نەتوانێت سەردانی نەکات و بەسەری نەکاتەوە. سڵاو لە کاک تاریق کارێزی و خۆبەخشە ماندوونەناسە بەڕێزەکانی ئەو ناوەندە و بەردەوامیش بۆ کتێبخانەی کارێزی جوان.



# مەشخەڵی هیوا بۆ ڕۆژگاری نوێ

شیعری : چاوە / فاتیح شێخ

٢٥/ ١٠/ ١٤٠١ - ١٥/١/٢٠٢٣



وەختارێ
دەرکەوتی
دڵ کەوتە گەرمەتاو
بە خورپەی بێوەستان
دڵ هەژا
وەک ئەسپی بێ لەغاو
وەک تینووی چاو لە ناو

***

جارجارێ
جارانیش
بە هەڵکەوت
ئەهاتی
سەرێکت ئەکێشا
دزەیەک، بزەیەک
لە چاوتا هیوایەک ئەدرەوشا
لە دڵتا خەمێکیش ئەجۆشا
بەڵام هەر ئەهاتی
دەسرەیەک دڵخۆشیت
دائەنا و ون ئەبووی
ئەڕۆیت و دەستێکت ڕائەهێشت
چاویشت دائەگرت، یانی ها:
خەم مەخۆ، دێمەوە.

***

ماوەیەک دیار نەمای
دەمێک بوو، لەمێژ بوو
عومرێکی درێژ بوو
دیار نەبووی.

***

کە هاتی
دەستێکت وێنەکەی ژینا بوو
ئەو دەستت چڵۆسکی ئاگر بوو،
گڕێکت بەردایە دڵی من
دەسبەجێ گەرمایی گەیاندە گشت گیانم
دڵ کەوتە ڕاشەکان
بە خۆرپەی بێوەستان
ڕێژنەیەک لە هەستی سەربەستی
پۆمپاژ کرد بۆ مێشکی تامەزرۆی داگرساو
داگرساو بە تیشکی عیشقێکی گڕگرتوو
بێ سنوور، وەک دەریا
ئەوپەڕی ئەدیار و ئەدیو بوو

***

پۆمپاژی هەستی دڵ
بە میلیارد گوڵۆپی لە مێشکا داگرساند
بەشێکی دڵ لەدوا
دوو بەشی خاترجەم،
کۆمەڵی خاترجەم،
دوو مەلی تیژباڵ بوون،
دوو چاوی تیژپەڕ بوون،
دوو چاوگەی بینایی
بۆ پێشیان ئەڕوانی

***

کە هاتی
مانگەشەو
شەوگاری شەق کرد و
سەرپۆشی تاریکی دادڕی
تۆ هاتی
باڵندەی ئازادی
پۆل دوا پۆل هەڵفڕین
تۆ هاتی
ڕووناکیت پژاندە ڕۆژان و شەوانم
خەوناوخەون شەوگارم بردەسەر
چاویلکەی بەیانم کردەسەر
بۆ ئەوی بتوانم
بەملاولای جیهانا بڕوانم

***

کە هاتی دڵ کەوتە گەرمەتاو
هەرتک پێم
گورج و گۆڵ
کەوتوونە پێبڕکێ
تا بەجێ نەمێنن
لە ڕەوتی توندئاژۆی
مێشک و دڵ

***

بە هیوای دواڕۆژی کۆتایی کەجبەختی
ڕۆژگارێکی نوێ بێ
پڕپڕ بێ لە هەستی سەربەرستی و بەدەربەستی
لێوانلێو لە هەستی شادمانی پایدار
هاومیزان بۆ هەموان،

# بۆ سەڵاح فایق

بۆ شاعیری کەرکووکی کاک سەڵاح فایق کە ئێستا لە فیلیپین دەژیت

شیعری : سەلام محەمەد

کانوونی دووەمی ٢٠٢٣



ماوەیەکە شیعرە تازەکانت دەخوێنمەوە برام
خۆت دەزانیت، بست بە بستی زەوی داگیرکراوە
ببوورە، دابەشکراوە
هەروەها دەریا و ئۆقیانووس و ئاسمانیش
تکایە ئەگەر بە تێلسکۆپی شیعر
کونجێکت بینی داگیرنەکرابێت یا دابەش نەکرابێت
واتە پڕ بە پێستی وشە: ئازاد
ئاگادارم بکەوە
دێم لەوێ بۆ دەقیقەیەکیش بێت
بە دەم هەڵمژینی ئەو هەوا پاکەوە دەمرم
دەشێ وشەی ئازادیش وەک دەیانی دیکە
هەر لە ناو فەرهەنگەکاندا داتاشرا بێت
وا نییە؟

# نارین ڕۆستەم و سوریالیزم

نووسینی : تەلار تاهیر



سوریالیزم قوتابخانەیەکی مۆدێرنی ئەدەبیی و هونەریی بوو، لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوو لە فەڕەنسا ، لەسەر دەستی ( ئەندرێ بریتۆن ) و چەند هاوڕێیەکی دامەزراوە . بەتایبەت دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و بە مەبەستی گۆڕانی ژیان و گەڕاندنەوەی ئومێد بۆ مرۆڤەکان . سوریالیستەکان بە چڕی ئیشیان لەسەر خەون و ڕووبەری ناخودئاگایی دەکرد ، بۆیە بە ستایل و فۆڕمی جیاواز دەیاننووسی و نیگاریان دەکێشا. ( سلفادۆر دالی ) یەکێکە لە نیگارکێشە ناودارەکەیان. سوریالیستەکان لەڕووی ئەدەبی و هونەرییەوە ، لەژێر کاریگەری تیۆرە دەروونییەکانی ( سیگمۆند فرۆید ) و لە ڕووی سیاسەت و سیستەمی ئابووری و کۆمەڵگەوەش لەژێر کاریگەری ( کارل مارکس ) دا بوون. دوای ئەم سەرەتایە کورتەمان دەمانەوێت بڵێین .. ئەگەر ( ئەحلام مەنسور ) لە سەردەمانێکدا ڕێچکەشکێن بووبێت بۆ زۆر لە ئافرەتان، یاخیبوویەکی سوریالیزم و سەربە ڕێبازی سوریالی بوو بێت ، ئەوە ( نارین ڕۆستەم ) لە سەردەمێکی تر و بە تەوژمێکی تر و بە ژانرێکی تر، هەر سەر بەو ڕێبازەیە، ڕەنگە، بەستنەوەی دوو کەسایەتی لە دوو سەردەمی جیاوازە شتێکی سەیر و کەمێک نامۆ بێت ، بەڵام دواجار کۆرپەی نووسینەکانیان لەناو لانکەی ڕێبازێکە دەبینرێت، ئەگەرچی ئەم ڕێبازە تەواوی ئاسمانی شیعرەکانی نارین ڕۆستەمی نەگرتۆتەوە، بەڵام دواجار هەنگاوێکی ناوە، بەرەو سوریالیزم. لەکۆتاییشدا گرنگ چەندێتی نییە، بەڵکو گرنگ چۆنیەتی بەرهەمەکەیە، چونکە جاری وا هەیە کەمترین نووسین زۆرترین کاریگەری جێدەهێڵێت، هاوشێوەی بەرهەمی (بەرەواژ)ی نارین ڕۆستەم، کە لە نۆ بەرهەمی دانسقە پێکدێت. نارین ڕۆستەم شتی زۆر ناوازە لە هەگبەی ئەزموونی نووسینیدا دەبینرێت، ئەگەر بە تەوژمی ئێستەو بە ئەزموونێکی تری تەمەنی لەناو فەزای نووسین و مەعریفەدا بمێنێتەوە، نووسینی ناوازەتر دەخولقێنێت. لێرەدا دەمانەوێت وەک نموونە باس لە ناوەڕۆکی یەکێک لە شیعرەکانی بکەین بەناوی ( شەڕە پشیلە ) لە کۆپلەیەکدا دەڵێت :

لە کن عەریزەنووسی ئاسنامە
کە قەڵەم گەیشتە سەر ڕەگەز
سەرەوخوارم کردەوە،
فرمێسکێکی لێ کەوت:
نییەتی
دەرکراین.

واتە لە کومەڵگە ئەزان و پیاوسالارییەکان لەو عەقڵێتە مانەتەوە کە جیاوازی دەکرێت لە نێوان ئافرەت و پیاودا، ئافرەت هەر لە کۆنەوە بەزەعیف و لاوازە لە قەڵەم دراوە، چونکە هێزی سۆز و میهرەبانییەوە، بەبۆچوونی من گەر خۆشەویستی خۆشەویستییەکی ژیرانە بێت، وەک دایک بۆ ڕۆڵەکانی ئەو کاتە دڵ بە ئەندازەیی عەقڵێکی کامڵ، ڕەنگە بتوانێت حوکمی جەستە بکات. یان دەڵێت :

کتێبخانەی گشتی
تایبەت بە بێناسنامان لە بەشی ئەرشیف،
زبڵدانێکیان هەبوو
بازمان بەسەردا.

واتە خودی کەسە بێناسنامەکان، زبڵدانی مەعریفە بووەتە ماڵ و شوناسیان، یاخۆ خۆر و چرای ڕۆشنبیری و عیلم و مەعریفە لە کۆمەڵگەی ئێمە ئەو هێز و تینەیە بتوانێت گۆڕانکاری پێویست لە جیهانی ڕوحە تاریکەکان بکات و هێزی مەعریفە ڕووناکیان بکاتەوە. لە کۆتایی دەڵێم هەر ڕۆشن و گەشاوە بێت ماڵی شیعری نارین ڕۆستەم .

# باران

شیعری : ستار ئەحمەد(*)



دەزانم ئەوینت وەک شەستەی باران
ناخم دادەگرێ و گریان فرمێسکم دەژمێرێ
لەو باسانە ئاگادارم بۆ دایکم دەتکردە کلدان و
توێشووی مەراقەکانت پێ دەگۆڕی
لێوەکانیت لەبزەی خۆرەتاو هەڵدەکێشا
ئاگادارم لەو کاتانەی شەو بەسەر پەیژەی ئومێدا ڕادەکشا
ئەستێرە لەو دیوی تەمەوە
دەچووە گیانی هەورەوە
باشتر بوو تۆیش ببیتە قەڵای ئەندێشەو
بەباری ژیانم گوزەری شارەکەم تەی بکەیت
هەتا کەی ..؟
لەچرۆی ڕێواسا تاریکی بنۆشم
لەجەستەی بارانا ژانی گوڵ بەدرک هەڵواسم
دەچیتە گردەکەی ژوور ماڵان
چاوەڕوانیی بەکێلی هیوادا ڕەت دەکەیت
دەباریت بەسەر شۆستەی بێ چراو
دەگری بۆ دووری ساڵانێک
پەچەیان لەڕوومەت مانگ وەردا
لەخوێنی ئەو خاکەی تۆ تێیدا مت دەبوویت
ئەدەبوو پاژنەی لوتکەکان
بخەیتە سەر چیای خۆر بباره .
ئەوەتا عەشق ڕەونەقی لەگوڵزار بردووە
گەڵای هەنارێک بەسەرما دەوەرێ
لەسنگی سێوێکا ڕەنگینیم پێدەگا
بەسووری گزنگ ..تارمایی گەواڵە هەڵدەکا
بۆ ئەوەی بەرکم پڕ بکات لەنووری هاتنت
کەی ڕۆحم بەتافی جوانیەکەت دەشۆیت و
لەگەڵما بەرەو ژوور دەچیتە سەر باڵی بەفرو با
زوو وەرە کەژاڵم
ئەوەکوو دڕکەزێ داوێنی خاکەکەم ڕەنگ بکا.



(*)ساڵی١٩٦٢ لەشاری کەرکووک هاتووەتە دنیاوە .ئامادەیی لێرە تەواو کردووە . ساڵی ١٩٨٠ چووەتە کولێژی ئەندازیاری بەغدا و پاش دووساڵی خوێندن لەبەر باری تایبەتی و رامیاری دەستی لەخوێندن هەڵگرتووە .ساڵی ١٩٨٧ یەکەم بەرهەمی لەگۆڤاری بەیان بڵاوکرایەوە ، لەو کاتەوە بەردەوامە و خاوەنی ١٠ کتێبە. پاش ئەوەی بەر شاڵاوی راگواستن دەکەوێ و لەشاری سلێمانی دەگیرسێتەوە ، لەدوو هەزارەوە خەریکی کاری رۆژنامەوانییە. شیعرەکانی وەرگێڕراون بۆ زمانەکانی دیکەی وەکوو عەرەبی ـ ئینگلیزی . فارسی ـ ئەمازیغی . نزیکەی چل شیعری کراون بەعەرەبی . زیاتر لە پەنجا شیعری لەلایەن گۆرانیبێژانەوە کراون بەسروود و گۆرانی . بەدوو زمانی کوردی و عەرەبی دەنووسێت . پەنجا شیعری زیاتری بەزمانی عەرەبی لەرۆژنامە عەرەبییەکاندا بڵاوکردووەتەوە . هەشت کتێبی ئامادەن بۆچاپ کەشەشیان بەزمانی کوردین و دووانیان بەزمانی عەرەبییە . سکرتێری نووسینی رۆژنامەی ( سیروان ) ە کە لەکەرکووک دەردەچێت .

# گڕێژنە

عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) دەینووسێت



## ئەدەب و فۆبیای تەحەزوب

ئەدەب وەک بەشێک لە جیهانی هونەر جگە لەوەی پانتاییەک لەسەرخانی سیاسی کۆمەڵگە پێکدێنێت، خۆشی بەرهەمی هەلومەرجی مادی و بابەتیی کۆمەڵگەیە. ئەدەب بەگشتی شێوەیەکە لەشێوەکانی هۆشیاری کۆمەڵایەتی کە بە سێ هۆکاری بنچینەیی دەناسرێتەوە ئەوانیش هۆکارەکانی مەعریفی و ئایدیۆلۆژی و ئیستاتیکین. بەوپێیەی ئەدەب ڕەنگدانەوەی واقیعە، بۆیە بۆ ئێمەی نووسەران و ئەدیبانی مارکسیستی پەیوەندی نێوان ئەدەب و واقیع زۆر گرنگ و جێی بایەخە. واقیعی کۆمەڵایەتی و گەشەی ململانێی نێوان هێزەکان یان چینە کۆمەڵایەتییەکان و جێوشوێنی ئەو چینانە لە واقیع و ڕەنگدانەوەیان لە دەقی ئەدەبی، شوناسی چینایەتی ئەدەبە. مادام کۆمەڵگەی ئەمرۆی سەمایەدارییە و ململانێی نێوان کار و سەرمایە بناغەی ململانێی چینایەتییە، بۆیە دەبێت ئێمەی نووسەران لەم جەنگە چینایەتییەدا لایەنگری لە خەباتی ڕەوای کرێکاران و زەحمەتکێشان بکەین لەدژی بۆرژوازی. ئەم لایەنگرییەی ئەدەب و هونەر لە خەباتی سۆشیالیستی کرێکاران؛ جەوهەری تەحزوبی ئەدەب و هونەرە. ئەدەب دەبێت حیزبیی بێت بەواتای لەسەنگەری کرێکارانەوە دژ بە ستەم و چەوسانەوەی بۆرژوازی بوەستێتەوە. حیزبی بوونی ئەدەب وەک لینین دەڵێت بەدەستەوەگرتنی بیرۆکەی سۆشیالیزمە، ناحیزبیبوونی ئەدەبیش لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری بیرۆکەیەکی تەواو بۆرژوازییانەیە. بۆیە بێهۆ نییە نووسەران و ئەدیبانی بۆرژوازی کوردی لە چەند دەیەی ڕابردوودا و تا ئێستاش بێوچان جارێک گاڵتەئامێزانە و هەندێکجاری تریش بەترسەوە دژ بە سیاسیبوونی نووسەر و بەئایدیۆلۆژیاکردنی دەق و دژ بە حیزبیبوونی ئەدەب نووسیویانە و دەنووسن. ئەو نووسەرانەی ئەدەبی بۆرژوازی چاک لە جەوهەری تەحەزوبی ئەدەب حاڵیبوونە و دەترسن لەوەی نووسەران لەململانێی خەباتی چینایەتیدا لایەنگیریی کرێکاران بکەن لەدژی سەرمایەداری. فۆبیایەک کە ئەم نووسەرانەی بۆرژوازی لە تەحەزوبی ئەدەبی هەیانە، فۆبیایە لە شۆڕشی سۆشیالیستی و سۆشیالیزم. هەوڵێک کە ئەم نووسەرە کۆنەپەرستانە داویانە، توانیویانە تا ئاستێک بەهۆی ئەو پاڵپشتییە ماددی و مەعنەوییەی دەسەڵاتی بۆرژوازییەوە و بەهۆی سەپۆرتی میدیای بۆرژوازی کوردییەوە ماددی بکەنەوە و بیکەنە فۆبیای توێژێک لە خوێنەران و نووسەرانی ناحاڵی و سادەی کوردزمان و لێرەشەوە هێرش بکەنە سەر ئەدیبانی سۆشیالیستی بەوەی بەرهەمەکانیان خاڵیین لە فکر و داهێنان. نووسەرانی کرێکاریی و سۆشیالیستی و ڕەخنەگرانی ئەدەبی مارکسیستی دەبێت بوێرانە و بەوپەڕی ڕوون و ڕاشکاوییەوە لە دەقەکان و نووسین و توێژینەوەکانیاندا، لەلایەکەوە بەرامبەر بەم هەوڵە دژە مەعریفییەی بۆرژوازی بوەستنەوە و لەلایەکی تریشەوە مەسەلەی تەحەزوبی ئەدەب و هونەر پەرە پێبدەن و تێبکۆشن لەنێوەندە ئەدەبیی و هونەرییەکانی کۆمەڵگەدا نەک وەک فۆبیا بەڵکوو وەک پێویستییەکی حەیاتی و فرە گرنگ بیخەنە بەرباس و هەوڵ بدەن نەک هەر خۆیان بەڵکو زۆربەی هەرە زۆری نووسەران و ئەدیبان لەدەوری ئەم بابەتە کۆبکەنەوە.

ڕەوت
البديل OCAI
ڕۆژنامەیەکی سیاسییە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# سەڵاح حەمەئەمین

# هونەرمەندێکی جوان و شاعیرێکی بەسەلیقە



**سەڵاح حەمەئەمین؛ هونەرمەند و شاعیر و نووسەر ناوێکە پێویست بە ناساندن ناکات و ئەو هەمیشە لە بۆنە و مەراسیم و کۆڕ و سمینارەکانی شاری کەرکووک و دەرەوەی کەرکووک ئامادەیی هەیە. ئەو لەڕێگەی بەرهەمەکانییەوە( تابلۆی هونەری و دەقی ئەدەبی)یەوە لەچوارچێوەیەکی بەرتەسکدا قەتیس نەماوە و پەلوپۆی هاویشتووەتە دەرەوەی سنوورەکانی زمان و جوگرافیا. مێژوویەک لە هەوڵ و تێکۆشان ، مێژوویەک لە نووسین و نمایشی هونەریی گەواهی بۆ دەدەن. بەپێویستیم زانی ئەم دیدارە کورتەی لەگەڵدا ساز بکەم و بۆ ئەمەش پەیوندیم پێوە کرد و ئەویش خۆشحاڵانە داواکەی قەبووڵ کرد.**

<u>عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) : کاک سەڵاح گیان زۆر سوپاست دەکەم کە ئەم دیدارەی ڕۆژنامەی ڕەوتت قەبووڵ کرد. با سەرەتا لەووە دەست پێ بکەم، ئێوە ساڵانێکی زۆرە دەست و پەنجە لەگەڵ شیعر بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی نەرم دەکەن. بەبڕوای ئێوە شیعری کوردی توانیویەتی خۆی تازە بکاتەوە و لەژێر تەنگەژەی خۆ دووبارەکردنەوەدا هەستێتەوە؟ ئەگەر نەیتوانیوە، هۆکارەکان چین و چۆن دەتوانین وەڵام بە گرفتەکانی بەردەم چوونەپێشەوەی شیعری کوردی بدینەوە؟</u>

سەڵاح حەمەئەمین : کاک عەبدوڵا گیان لەسەرەتادا سوپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی بەڕێزتان و ڕۆژنامەی (ڕەوت) ئەکەم بۆ ئەم ئاوڕدانەیەو بەسەرکردنەوەمان. وەک ڕوون و ئاشکرایە سەرەتای نوێباوی و تازەگەری لە ئەدەبی کوردیدا بەگشتی و شیعر بەتایبەتی بۆ سەرەتای ساڵی ١٩٧٠ ئەگەڕێتەوە ، ئەویش بێگومان بۆ ئەو کرانەوە ئەدەبیی و جیهانییە بەگشتی و ئەدەبی عەرەبی بەتایبەتی بەڕووی ئەدیبان و شاعیرانی کورد ئەگەڕێتەوە ، کەلەو قۆناغەدا ژمارەییێکی زۆر لە ڕۆمان و شیعری وەرگێڕاوی جیهانیی بۆسەر زمانی عەرەبی کەوتە بەردەستی خوێنەران و ڕۆشنبیران کەژمارەییێکی زۆیان ئەچوونە خانەی (نوێباوۆی وتازەگەری) لە ئەدەبی جیهانی بەتایبەتی شیعر، کە بەداخەوە تائەو دەمە زۆربەی هەرە زۆری نووسەرەکانمان لەو ڕەوتە ئەدەبییە نوێیە بێئاگابوون. هەروەها لەو سەردەمەدا ڕاستتر وایە بڵێن پێش ئەو مێژووە (گروپی کەرکووک – جماعة كركوك)ی ئەدەبی لەشاری کەرکووک لە هەڵکشان و درەوشانەوەدا بوون ، شایانی ئاماژە پێکردنیشە هەر لەو قۆناغەشدا گۆڤاری (شیعر ٦٩) و (بیان شیعر٦٩) ی عێراقی ڕاگەێنرا کە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ئەدەبی عێراقی بەجێهێشتبوو. سەرەڕای کاریگەرییەکانی لەسەر شیعری عەرەبی،بێگومان ئەدەب و شیعری کوردیش لەو ساتەوەختەدا بەدەر نەبوونە لە کاریگەرییەکانی ئەو ڕێباز و ڕەوتە ئەدەبییە نوێیە کە وردە وردە خۆی ئەخزانە نێو کایەکانی ڕۆشنبیری لە عێراق و جیهانی عەرەبی. ئەوەی گومانی تێدا نییە هەر ئەوەش هۆکارێکی سەرەکی بووە کەلەو قۆناغەدا چەند نووسەر و شاعیرێکی کورد بیریان لەوە کردووەتەوە کە پێویستە لە سەرشیعری کوردیش هەنگاوەکانیان چڕ بکەنەوە و هەوڵی جدی بدەن بۆ بەرەو پێشچوونی شیعرو ئەدەبی کوردی تا بەدوور نەبێت لەقافڵەی تازەگەری و نوێباوی کە لەو قۆناغەدا شیعری جیهانی وعەرەبیشی گرتبووەوە ، لەو ڕووەوە چەند شاعیر و نووسەرێکی کورد لە ڕێکەوتی ٢٥ / ٤ / ١٩٧٠ و لە ژمارە (١٠) ی هەفتەنامەی (هاوکاری) بانگەوازی (ڕوانگە)یان ڕاگەیاند، لەگەڵ ئەوەی ئەو ڕەوتە لەسەرەتای سەرهەڵدان و ڕاگەیاندنیدا هەندێ نەیارانی هەبوو کەڕاو بۆچونی جیاوازیان لەبارەی نوێباوی و تازەگەری هەبوو، بەڵام هەوڵەکانیان بۆ هەمان مەبەست بوو، ئەویش نوێباوی و تازەگەری لە شیعری کوردیدا بوو، کە ئێمە لێرەدا باس لە لایەنگران و نەیارانی ئەو ڕەوتە ئەدەبییە ناکەین . ئەفسووس لەو ڕۆژەوە تادەگاتە ئەمڕۆمان کە دەکاتە (٥٠) ساڵ نیو سەدە زیاتر، تەنها ژمارەییێکی دیار لە شاعیرە کوردەکان توانییانە خۆیان لە شەپۆڵەکانی دەریای تازەگەری و نوێباوی ئەدەب و شیعر بدەن و مەلە لەو دەریا بێکۆتاییەدا بکەن. بەڵام بەداخەوە زۆربەی ئەوانیش بەپێی پێویست تیشک نەخراوەتە سەر ئەزموونەکانیان و دەقە شیعرییەکانیان وەرنەگێڕاوەنەتە سەر زمانە جیهانییەکان، تا جیهان ئاگای لەو ئەزموونە شیعرییە کوردییانە بێت، تەنها چەند شاعیرێک نەبێت کە دەرفەتیان بۆ ڕەخساوە و هەندێ لە دەقە شیعرییەکانیان وەرگێڕاونەتە سەر زمانی عەرەبی و چەند زمانێکی زیندووی جیهانی. لەو ڕووەوە ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە زۆر کەمن ئەو شاعیرە کوردانەی کە توانیویانە لە دەقە شیعرییەکانیاندا زمانی شیعری بنووسن و جڵەوی زمان بەدەستی خۆیانەوە بێت و کار لەسەر داهێنانی زمانی شیعری و بەتەکنیک کردنی دەق بکەن، بەڵام ئەفسووس زۆربەی هەرە زۆری شاعیرەکانمان زمان دەقە شیعرییەکانیان ئەنووسێتەوە. هەر لەو ڕووەشەوە بەڕای من تا ئەمێستا زۆربەی هەرە زۆری شیعری کوردی نەیتوانیوە خۆی لەژێر کاریگەرییەکانی شیعری عەرەبی و تێڕوانین و گۆڕانکارییەکانی ڕزگار بکات و خۆی ئاوێتەی بەرەوپێشچوونی شیعری جیهانی بکات. هەروەها لەم دوو دەیەی دواییەدا شیعر و ئەدەبی فارسی کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ئەدەبی کوردی بەگشتی و شیعر بەتایبەتی بەجێهێشتووە . ماوەتەوە بڵێن لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ هەروەها ڕووخانی ڕژێمی لەناوچووی بەعس و نەمانی (سانسوری هەڵسەنگاندنی چاپکردنی کتێب) {بێگومان مەبەستمان ئاستی لایەنە ئەدەبییەکەیە} بەوهۆیەوە هەموو کەسێک ئەتوانێت لەم سەردەمەدا کتێب بەچاپ بگەیێنی و بڵاوی بکاتەوە، کە ئەمەش بێگومان کاریگەرییەکی پێچەوانەی لەسەر ئاستی ڕۆشنبیری تاکی کورد بەجێهێشتووە ، ئەمەش بێگومان ئەوە ناگەیێنێ کە کتێبی ئەدەبی ئاست بەرز لە شیعرو چیرۆک و ڕۆمان لە نێو بڵاوکراوە کوردییەکاندا بوونی نییە، لەو ڕووەوە چەندین شاعیر و چیرۆکنووس ڕۆماننووسمان هەیە کە توانیویانە خاوەن جێپەنجە و جیهانبینینی ئەدەبی وتازەگەری خۆیان بن .




<u>عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) : ئایا ڕەخنەی ئەدەبی کوردی چەند توانیویەتی لەئاست جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خۆیدا بێت؟ ئەی دەتوانین بڵێین ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لە سەردەمەکەی دانەبڕاوە؟ ئەی ئەگەر دابڕاوە هۆکار چییە؟</u>

سەڵاح حەمەئەمین : ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی دووهێڵی تەریبن هاوشانی یەکتر هەڵئەکشێن، یان پێکەوە تووشی نووشست و کزبوون ئەبن . بەو پێیە لە هەر قۆناغ و کاتێکدا ئەدەب لە هەڵکشان و بەرەوپێشچووندا بێت، ئەوە بێگومان ڕەخنەش هاوشانی ئەو لە هەڵکشان و بەرەوپێشچووندا ئەبێت، بە پێچەوانەوەشەوە ئەگەر ئەدەب لە هەر قۆناغ و سەردەمێکدا لە کزی و خامۆشیدا بێت، ئەوە بێگومان ڕەخنەش لە قۆناغێکی کزی و خامۆشیدا دەبێت . ڕەخنەی ئەدەبی تاوەکو ئەمڕۆمان لە ڕووی تێڕوانین و هەڵسەندنەکانی میتۆد و گۆشەنیگاوە بەچەندین گۆڕانکاریدا تێپەڕیوە و لەو ڕووەوە بەرەوپێشچوونێکی گەورەی بەخۆوە بینیوە. ڕەخنەی نوێ کەژمارەیێکی زۆر لە ڕەخنەگرە جیهانییەکان لەسەری کۆکن، سەرەتای ئەم زاراوەیە بۆ پتر لە سەدەیێک لەمەوبەر ئەگەڕێتەوە، کە دەستێوەردانی زانستە مرۆییەکان وەک مێژوو و سۆسیۆلۆجیا و سایکۆلۆجیا و فەلسەفە لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان ڕەت ئەکاتەوە و گرنگی بە خودی کارە ئەدەبیێکە و ئەوەی ئەیخاتە ڕوو و خۆی پێ بەیان ئەکات، ئەدات. بەو پێیە ڕەخنەی ئەدەبی لەم ڕۆماندا دوور لە کاریگەرییەکانی مێژوو و دەروونناسی تەنانەت وردە کاریگەرییەکانی ژیانی نووسەریش زیاتر کار لەسەر دەقە ئەدەبییەکان ئەکات. لەو ڕووەوە داهێنانی زمانی شیعری بووەتە بنەما و یاسایەک بۆ ناساندنی ئەرکی ڕەخنەگر. لەو سونگەیەوە بۆمان دەردەکەوێت کە داهێنان لە شیعردا تەنها نووسینەوەی شیعرێک یان دەقێکی نوێ نییە، بەڵکو بەمەبەستی خوڵقاندنی دەق و وێنەیەکی شیعری جوان و هاوچەرخانە پێویستە لەسەر شاعیر، کار لە سەر شکاندنی ئەو یاسا و ڕێسا تەقلیدییانە بکات کە ئەفراندن کۆت و بەند ئەکەن، لێرەدا ئەرکی ڕەخنەگر لەوەدا خۆی ئەبینێتەوە کە لەڕێی دید و ڕەخنەیێکی نوێ و هاوچەرخانە، هەڵسەنگاندن بۆ دەقە شیعرییەکە بکات، کە لەو ڕێیەوە جۆر و شێوازی داهێنانە شیعرییەکە دەسنیشان بکات. بەو پێیە ئەرکی ڕەخنەگر زۆر بەرفراوانتر و بەربڵاوترە لە ئەرکی خودی نووسەر، کە بێگومان پێویستە هەردووکیان خاوەن ژێر خانێکی ڕۆشنبیری و مەعریفی بەرفراوان بن ، کە لە زۆرکاتدا پێویستە ئەو ئاستە لەلای ڕەخنەگر زیاتر بێت. بێگومان لەو ڕووەوە لەناو کوردا ژمارەیەک ڕەخنەگری ئەدەبیمان هەیە ، کە توانیویانە جێپەنجەیان لەو بوارەدا بەجێبهێڵن، کە هەندێکیان کارە ڕەخنەییەکانیان لە ئاستێکی بەرزدایە. بەڵام ئەفسووس لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیێک نووسەرمان هەیە لەهەندێ کاتدا خۆیان لەقەرەی ڕەخنەی ئەدەبی ئەدەن بەبێ ئەوەی بنەما و شارەزاییێکی بەرفراویان لەو ڕووەوە هەبێت ، کەلە هەندی کاتدا تەنها بەهۆی ناسینی و هاوڕێیەتییان لەگەڵ نووسەرەکە یان هەر هۆیەکی تر بەو کارە هەڵئەستن.

<u>عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) : ئێوە لە هەردوو نێوەندی ئەدەبی عەرەبی و ئەدەبی کوردی ئامادەییتان هەیە. ئایا ئەدەبی عەرەبی تا چ ئاستێک بایەخ بە دەق و نووسەری کورد دەدات؟ ئایا بە ئەندازەی پێویست ئاوڕی لە دۆخی بزووتنەوەی ئەدەب و کلتووری کوردی داوەتەوە؟</u>

سەڵاح حەمەئەمین : ئەفسووس یەکێک لە گرفتە گەورەکانی ئەدەبی کوردی خۆی لەوەدا ئەبینێتەوە کە تا ئەم دەمە لە بازنەیێکی داخراودا ئەسوڕێتەوە، وەک لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا ئاماژەم پێدا زۆر کەمن ئەو بەرهەمە ئەدەبییە کوردییانەی وەرگێڕاونەتە سەر زمانی عەرەبی و زمانەکانی تر، بەڵام بەپێچەوانەوە وەک دەبینین نووسەر و وەرگێڕەکانمان زیاتر بایەخ بە وەرگێڕانی بەرهەمە ئەدەبییە عەرەبییەکان بۆسەر زمانی کوردی ئەدەن. لەو ڕووەوە گەر ئێمە ئەدەبەکەمان وەرنەگێڕینە سەر زمانی عەرەبی بەچ شێوەیەک ئەدیب و خوێنەری عەرەبی ئاگاداری بەرهەمە ئەدەبیێکانمان ئەبن؟، لەو ڕووەشەوە ئەوەشی وەرگێڕاونەتە سەر زمانی عەرەبی بەزۆری لە بازنەیێکی تەسکدا بڵاوکراونەتەوە، لێرەدا ئەتوانین بڵێن ئەرکی (وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان) و دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی و وەرگێڕەکانمانە کار لەسەر ئەوە بکەن کە ئەدەب و کلتووری کوردی وەرگێڕنە سەر زمانی عەرەبی و زمانەکانی تر و لەنێویاندا بڵاویان بکەنەوە . هەروەها ئێمە لە بەغدا خانەیەکمان هەیە بەناوی (خانەی ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی) کە سەر بە(وەزارەتی ڕۆشنبیری عێراق)ە و بوجەی ساڵانەی خۆی هەیە، پێویستە ئەرکی سەرەکی ئەو خانەیە چاپکردنی بەرهەمە وەرگێڕاوەکانی ئەدەبی و کلتوورییە کوردییەکان بێت بۆسەر زمانی عەرەبی و بڵاوکردنەوەیان لەسەرتاسەری عێراق و وڵاتە عەرەبییەکان. ئەوەی لە چەند ساڵی ڕابووردودا بۆمان دەرکەوتووە سەرەڕای ئەو ئاستەنگانە کە ئاماژەمان پێدا ناوەندە ڕۆشنبیری و نووسەرە عەرەبەکان تارادەیێکی زۆر بایەخ بەو بەرهەمە ئەدەبییە کوردییانە ئەدەن کە وەرگێڕاونەتە سەر زمانی عەرەبی، بەتایبەتی ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەی کە بوونی خۆیان لە ناوەندە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە کوردییەکان سەلماندووە، ئەمە سەرەڕای بەرهەمی ئەدەبی ئەو نووسەرانەی کە جێپەنجەیان لە بزافی ئەدەبی ڕۆشنبیری کوردی دیارە و خاوەن ئەزموون و دیدی ئەدەبی خۆیانن، هەروەها نووسەرە عەرەبەکان زۆر جار بە پەرۆشەوە پرسیاری بەرهەمی وەرگێڕدراوی هەندێ لە نووسەرەکانمان ئەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا وەک دەبینین لە هەندێجاردا شیعر و چیرۆک و بابەتی ئەدەبی کوردی وەرگیڕاو بۆ سەر زمانی عەرەبی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە عەرەبییەکان بڵاو ئەکرێنەوە، بێگومان کەمی ئەو بڵاوکراوانەش زیاتر وەک لە مەوبەر ئاماژەم پێدا بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کە وەرگێڕ و نووسەرەکانمان بە پێی پێویست بایەخ بە وەرگێڕانی ئەدەبی کوردی بۆ سەر زمانی عەرەبی و بڵاوکردنەوەیان لەناوەندە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە عەرەبییەکان نادەن. لەگەڵ ئەوەشدا وەک دەبیبین ناوەندە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە عەرەبییەکان و هەروەها نووسەرەکانیان تارادەیێکی زۆر گرنگی و بایەخ بە بەرهەمە ئەدەبییەکانی شاعیر و نووسەرە کوردەکان ئەدەن، بەڵام لێرەدا گرنگ ئەوەیە ئەو نووسەرانە لەڕێی بەرهەمە ئەدەبییەکانیانەوە تاچەند توانیویانە بوونی خۆیان بسەلمێنن و کار لەسەر ئەفراندن و تازەگەری و نوێخوازی لە ئەدەبدا بکەن. هەروەها لە میانەی وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارەدا ئێمە وەک نەتەوەی کورد چەند بەڵگەیەکی زیندوومان لەو بوارەدا هەیە، کە بەدرێژایی مێژووی هاوچەرخی ئەدەبی عەرەبی چەندین کەڵە شاعیری کوردمان هەیە کە بەزمانی عەرەبی شیعریان هۆنیوەتەوە و بوونەتە کۆڵەگەیەکی گرنگی شیعر و ئەدەبی عەرەبی، هەر لەو ڕووەشەوە لەم چەند دەیەی دواییەدا چەندین شاعیر و ڕۆماننووسی کوردی کوردستانی سوریامان هەیە کە بەزمانی عەرەبی بەرهەمە ئەدەبییەکانیان ئەنووسنەوە و لەو بوارەدا توانیویانە کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر ئەدەبی عەرەبی هەبێت و جێگای سەرسوڕمان و دەستخۆشی نووسەر و ڕۆشنبیرانی عەرەب بن .




<u>عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) : شوناسی شیعر لای تۆ چییە؟ ئایا ئینسان لە کوێی دەقە شیعرییەکانتدا گیرساوتەوە؟</u>

سەڵاح حەمەئەمین : تائەم دەمە بەهۆی ئەوەی شیعر بەردەوام لەگۆڕان و بەرەو پێشچووندایە، هیچ شوناسێکی جێگیری نەگرتووەتە خۆی، هەرلەو ڕووەشەوە دەبینین تێڕوانین و تێڕامانەکان بۆ شیعر بە پێی قۆناغەکان چەندین گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە . بەبێ ئازادکردنی زمانی شیعری لە کۆت و بەندە مردووەکانی زمان، ئەستەمە شیعر بەرەو پێشەوە بڕوات و بتوانێت لەدەریای ئەفراندندا تا نووقم بوون و خنکاندن مەلە بکات . شاعیر بەردەوام لەگەڕان و پشکنیندایە و شیعریش بەردەوام لە بازنەیێکی چۆڵدا لەجووڵەدایە و دەرگاکانی لەسەر خۆی کڵۆم داوە و لە پەنجەرەیەکی کراوەی گەورەوە ئەڕوانێتە گۆی گەردوون و دەوروبەری خۆی، بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە لە نەبووندا گرێکوێرەکانی بوون بکاتەوە. ئەوە شەپۆلێکە لەدەریاییێکی بێ ئاودا کەوتووەتە ژێر گڵی بوون و نەبوون، ئەوە منارەی مزگەوتێک و ئەوی تر خاچی کەنیسەیەکە، ئا ئەوەتا موسڵمانەکان لە کەنیسەکان نوێژ ئەکەن و مەسیحییەکانیش لە مزگەوتەکان. لەم زەمەنەدا و لەژێر کاریگەرییەکانی ئەو گۆڕانکارییانەی بەردەوام بەسەر دیدو بۆچوونەکانی مرۆڤ لە هەموو بوارەکاندا دێت، لە زۆر ڕووەوە شاعیر هەموو قورساییەکانی سەرشانی ئەخاتە سەر خوێنەر، داوا لە (وەرگر) ئەکات کە هاوشانی هزرە خوڵقینەرەکەی بەرێ سەختەکاندا بڕوات، کە بێگومان ئەوەش مەحاڵە ئەگەر (وەرگر- خوێنەر) خاوەن هزر و دنیا بینیێکی بەرفراوان نەبێت. شاعیر بەمەبەستی گەڕان و پشکنین لەزۆر کاتدا لە لێواری دۆزەخ نزیک ئەبێتەوە، لە زۆر کاتیشدا بە کوچە و شەقامەکانی بەهەشتدا گوزەر ئەکات و بە پەرۆشەوە بەدوای شتە ونبووەکانی ئەگەڕێت. هەر کاتێک هزر و دنیابینییەکانی شاعیر لە پلەی مەستی گەڕان و پشکنیدا بوو، لەو دەمەدا شیعر ئەگاتە لووتکەی جوانی و ئەفراندن، گەڕان و پشکنین مەوداکانی زانین و شارەزاییەکان لە ناخ و هزری شاعیر فراوانتر و بەربڵاوتر ئەکات، گرنگە لەو گەڕان و پشکنینانەدا بەردەوام چەکی شاعیر لەسەر پێ بێت و لە ڕێی هزر و خەیاڵەکانییەوە ڕاوی ئەفراندن و جوانییەکانی دەق بکات و بە پێنووس و پشکۆکانی کە لەسەری بنووسێت و بەتیمی فریاکەوتنی هزر و مەودا بەربڵاوەکانی عەقڵی ئاگرەکەی خامۆش بکاتەوە، تەنها لەوساتە وەختەدا (خوێنەر- وەرگر)هەست بە بۆن سۆی وشەکان و مەوداکانی ئەفراندن لەدەقی شیعریدا ئەکات. لەهەندی کاتیش لە بێئومێدیدا مردن و فەنابوون ئەخاتە سەر سینیێکی زێڕین و ئەیخاتە ڕوو. هزر و خەیاڵی شاعیر پانتاییێکی وشک و بەرینە، گەر ڕۆژانە شاعیر وێنە و دنیا بینییەکانی خۆی تیدا نوێ نەکاتەوە و زاڵ نەبێت بەسەر کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەم بەرەوپێشچوونیدا، ئەوە بێگومان ئەدەبەکەی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو خامۆشی و کزبوون هەنگاو ئەنێت .



<u>عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) : ئێوە جگە لە ئەدەب و نووسین، مێژوویەکی دەوڵەمەند و جوانتان لەهونەری شێوەکاریشدا هەیە و خاوەنی ژمارەیەکی زۆر تابلۆی هونەریـن و چەندین پێشانگای تایبەتی و هاوبەشتان کردۆتەوە. هونەر وەک ڕەنگدانەوەی واقیعی ژیان و کۆمەڵگە چ بۆشاییەکی لەژیانتا داگیر کردوە؟ ئایا لەڕێگەی تابلۆکانتەوە چ پەیامێکتان گەیاندووە؟</u>

سەڵاح حەمەئەمین : بەدرێژایی مێژووی هاوچەرخی ئەدەب و هونەر و لەمیانەی تێڕوانینمان خوێندنەوەمان بۆ سەرجەم ئەو ڕێباز و تەوژمانەی لە ئەدەب و هونەری هاوچەرخی جیهانیدا دەرکەوتوونە، دەبینین تێهەڵکێش ونزیکبوونەوەیەکی ڕەگوریشە داکوتراو لە نێوان ئەدەب بەگشتی و شیعر بە تایبەتی لە لایەک و هونەری شێوەکاری لە لایێکی ترەوە بە شێوەیێکی بەرچاو بەرجەستە بووە. لە میانەی خوێندنەوەمان بۆ سەرجەم ڕا و بۆچوونەکانی توێژەر و لێکۆڵەرە هونەرییەکان؛ دەبینین زۆربەیان لەسەر خاڵێکی سەرەکی کۆکن، ئەویش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هونەری شێوەکاری و گوزارشتەکانی ڕوو لە قوورسی لێ تێگەیشتن و ئەستەمی کردنەوەی گرێ کوێرەکانی ئەو هونەرە ئەکات، هەروەها لەو ڕووەوە هیچ کەسێک ناتوانێت ڕێباز و قوتابخانەیەکی هونەری دەستنیشان بکات و سوور بێت لەسەر ئەوەی کە ئەم ڕێبازە ویان ئەوی تریان گوزارشتی ڕاستەقینە لە هونەری شێوەکاری هاوچەرخ ئەکات و ئەوانی تر لەووەوە سەرچاوەیان گرتووە و ئەوانی تر هونەر نین. تیۆرە ئەدەبی و هونەرییەکان، هەریەکەیان دەرهاویشتەی قۆناغێکە لە قۆناغەکانی گەشەسەندن وبەرەوپێشچوونی عەقڵ و تێڕوانینی بیرمەند و نووسەرو هونەرمەندەکانی بۆ کایەکانی ژیانی ئەو قۆناغەی کە تیایدا ئەژیان و قۆناغەکانی تریش، کە لە ڕێیانەوە سەرجەم ئەو جەنگ و نەهامەتی و نائومێدییانەی ڕووبەڕووی تاکی مرۆڤ بوونەتەوە ڕەت ئەکەنەوە. وەک ڕوون وئاشکرایە لە بواری ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی لە لایەک و هونەری شێوەکاری لە لایەکی ترەوە، هەر قۆناغێک ڕەنگدانەوەو دەرهاویشتەی خۆی هەبووە، لەو ڕووەوە بێگومان شێوازی گوزارشت و دەربڕین، سەرەڕای دنیابینییە هونەری و ئەدەبییەکە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر گۆڕانکاری بنچینەیی بەسەردا هاتووە. وەک بەڕێزتان ئاگادارن بەندە نزیکەی نیو سەدەیە لە بواری هونەری شێوەکاریدا ئامادەییم هەیە و کاری تێدا ئەکەم، بەڵام لەسەرەتای هەشتاکاندا و لە میانەی گەڕان و پشکنینە هونەرییەکانمدا گەیشتمە ئەنجامی ئەزموونێکی نوێ لە بواری هونەری شێوەکاریدا، ئەویش پێکهاتووە لە ئاوێزان و ئاوێتەکردنی هونەری شێوەکاری لەگەڵ هونەری فۆتۆگرافدا، بەڵام بەهۆی ئەوەی لەو سەردەمەدا کەرەستەکانی هونەری فۆتۆگرافەرەکانم ڕەش وسپی بوون ناچاربووم تابلۆکانی ئەم ئەزموونەم تەنها بە ڕەنگی ڕەش و سپی بکێشم، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دوو ڕەنگە جوانییەکی تایبەتی بە تابلۆکانم بەخشی، ئەمە لەلایەک، لە لایەکی ترەوە لەبەر هەمان هۆ و سەرەڕای بارە سیاسییەکەی ئەو سەردەمە ئەم ئەزموونەم پانتایی وڕێبازێکی تایبەتی بۆ تابلۆکانم دەست نیشان کرد، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕێبازە گوزارشتی لە تێڕوانین و دنیابینییە هونەرییەکانم ئەکرد، ئەویش خۆی لە هەردوو ڕێبازی (سوریالی و ئەبستراکت) ئەبینییەوە، شایانی ئاماژە پێکردنە لەو ڕووەوە سەرەڕای تایبەتمەندی ئەزموونەکەم، لەو قۆناغەدا سەرجەم هونەرمەندە کوردەکان ناچار بوون بەشێوازی جیاجیا(ڕەمز و هێماکانی) تابلۆکانیان پەردەپۆش بکەن، لەو ڕووەوە لێرەدا ئاماژە بە دوو ڕاوبۆچونی جیاجیا بۆ ئەزموونە هونەری و گوزارشتی تابلۆکانم ئەکەم کە لە دەفتەری تێبینییەکانی یەکەم پێشانگای تایبەتیم لە ساڵی ١٩٨٥دا لە کەرکووک نووسراوەتەوە، نووسەری ناوداری کەرکووک (جەلیل قەیسی) تێیدا نووسیویەتی (لە میانەی گفتوگۆییێکی سەرنجڕاکێش لە نێوان ئەندریە مارلو و بیکاسۆدا، بیکاسۆی بەردەوام سەرسوڕما و وتوویەتی {تابلۆ پێکهاتووە لە کۆمەڵێک هێما، کە لەوانەیە لە هەندی کاتدا هونەرمەندەکە خۆشی لیێ تێنەگات ...} لە نێوان دارستانێک لە هێڵکاری و بەدوو ڕەنگی ڕەش وسپی، هونەرمەند صلاح توانیویەتی کۆمەڵێک شتی خەفەتاوی و ئازار بەخش بخاتە ڕوو، کە ئەستەمە بە هیچ شتێک گوزارشتیان لێبکرێت، تەنها بە هونەری وێنەکێشان نەبێت) . هەروەها بەڕێزتان (عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)) لە هەمان دەفتەری ئەو پێشانگایەمدا نووسیوتانە (تابلۆکان ئەگەر چی هەندێکیان (نەک هەمووی) شێوازی سوریالیزم بوون بەڵام هەڵگری ناوەڕۆکێکی واقعین! لە ئەندێشە وئازاری مرۆڤ دەدوێن ! لە هەندێ تابلۆدا بینەر واهەست دەکات کە پاڵەوانی ئەو چیرۆکە یان ئەو ڕووداوەیە کە باسی دەکەیت. ئەمەش خۆی لە خۆیدا (ابداع) ئەفراندنە وداهێنانە.) .



<u>عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) : کاک سەڵاح گیان؛ فرە سوپاس. ماندووم کردی. با ئەم پرسیارە ببێتە دەرفەتێک گەر شتێکت ماوە بڵێیت یان ئیزافەیەکی تر بخەیتە سەرقسەکانت.</u>

سەڵاح حەمەئەمین : لەکۆتاییدا جارێکی تر سوپاس پێزانینی خۆم ئاراستەی بەڕێزتان ڕۆژنامەی (ڕەوت) ئەکەم بۆ ئەم بەسەرکردنەوەیەمان. هیوادارم ئەم هەنگاوە پیرۆزەتان لە منەوە دەست پێنەکات لەمنیشەوە کۆتایی بێت و ئەم دیمانانەتان بەتایبەتی لەگەڵ هونەرمەندان و نووسەرانی کەرکووک بەردەوام بێت. لێرەدا حەز ئەکەم جارێکی تر ئەوە بڵێمەوە هونەری شێوەکاری و ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی دووانەیێکی لێک دانەبڕاون، ئەستەمە یەکێکیان پێش بکەوێت و ئەوی تریان هەنگاوەکانی لە شوێن خۆیدا جێگیر بێت و بەرەوپێشەوە نەچێت . بێگومان ئەم دووانەیەش زادەی کۆمەڵگەیەکی شارستانی و مۆدێرنن. لێرەدا وەڵام و بەدواچوونەکان بۆ لێکۆڵەر و ڕەخنەگرەکان بەجێ دێڵم.

ڕەوت — البديل OCAI
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

## دیالەکتیکی نێوان مارکسیزم و فیمینیزم

# گفتوگۆیەک لەگەڵ ژنە نووسەری فیمینیست - مارکسیست، جەمیلە سەعدون

سازدانی: ئەسیل ڕەمماح

(ئەم چاوپێکەوتنەی کە لێرەدا دەیخوێننەوە، ئەسیل ڕەمماح ئەنجامیداوە بە زمانی عەرەبی، بۆ ڕۆژنامەی (الغد الإشتراكي) ژمارە (٢٩)ی شوباتی (٢٠٢٣)، و ڕۆژنامەی (ڕەوت) لەبەر گرنگی بابەتەکە پێی باش بوو، بۆ خوێنەرانی خۆی وەریگێڕێتە سەر زمانی کوردی).

ئەسیل ڕەمماح: سەرەتا لە ڕۆژنامەی (الغد الإشتراكي)یەوە دەمانەوێت خۆشحاڵی خۆمان دەربدەبرین بۆ ئامادەبوونی جەمیلە، خانمی نووسەر و شۆڕشگێڕ، تا پێکەوە دەربارەی سروشتی پەیوەندی نێوان مارکسیزم و فیمینیزم بدوێین، بەتایبەت ئەم ژنە نووسەرە لەم دواییانەدا کتێبێکی دەربارەی پەیوەندی دیالەکتیکی نێوان مارکسیزم و فیمینیزم نووسیوە.

خۆشحاڵم کە ڕەزامەندیت لەسەر ئەم گفتوگۆیە نیشاندا. سەرەتا دەمانەوێت بزانین کە چ شتێک وای لە جەمیلە سەعدون کردووە کە ئەم کتێبە بنووسێت؟

جەمیلە سەعدون: سوپاسی ڕۆژنامەی (الغد الإشتراكي) دەکەم بۆ ئەم بەسەرکردنەوەیەم، بۆ دوان و قسەکردن لەسەر نووسینی ئەم کتێبەی دواییم کە هیوادارم زیادکردنێکی چۆنایەتی بێت بۆ سەر ئەو نووسینانەی کە پێشتر دەربارەی ژنان و بزوتنەوەی ژنان نووسراون لە ناوچەکە.

زیاد لە پاڵنەرێک هەیە بۆ نووسین لەسەر ئەو بابەتە؛ جگە لە پاڵنەرە خودییەکان (سوبژێکتیڤییەکان)، پاڵنەرێکی بابەتیش هەیە کە خۆی لە بوونی هەڵاواردن و ستەمدا بەرجەستە دەکاتەوە، کە لەسایەیدا ژنان و زۆرێک لە توێژە چەوساوەکان ستەمیان لێدەکرێت. ئەمە گەورەترین هۆکاری نووسینی کتێبەکەیە بۆ پەردەهەڵماڵین لەسەر واقیع و ئینجا هەڵوەشاندنەوەی، بۆ یارمەتیدانی ژنان و هێزە کۆمەڵایەتییەکان لە خەبات و تێکۆشانیان لەدژی ستەمکاران.

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک هۆکاری سوبژێکتی تریش هەن، لەوانە لە نوسینی ئەم کتێبەمدا، زۆر خۆم بە قەرزاری ئەزموونی (یەکسانی)، دەزانم. ئۆرگانی (یەکسانی)، کۆمەڵێک فیمینیستی مەغریبین و لەژێر کاریگەری بزووتنەوە جەماوەرییەکانی ناوچەکەدا سەریان هەڵدا کە ژنان ڕۆڵێکی پێشڕەوییان تیا دەگێڕا. ئەم کۆمەڵە فیمینیستە دەرگایان لەسەر گفتوگۆ فکرییە نوێیەکان و توێژینەوەی هەلومەرجی ژنان و لێکۆڵینەوە لە خەباتیان لەنێو ئەم شەپۆلە نوێیەدا، ئاوەڵا کردەوە.

ئەمەش خوازیاری ڕۆچوون و تێڕامانە لەسەر ناوەڕۆکی (ماهیەتی) فیمینیزم و ناوەڕۆکی باڵادەستی پیاوسالاری و شێوە زۆرە جۆراوجۆرەکانی ئەم باڵادەستییە. لە ڕاستیدا ئەمەش ئاسان نەبوو، پێویست بوو دژ بە شەپۆلی باو مەلە بکرێت، بەتایبەت لە ناوچەیەک کە بیری ڕزگاریخوازی لە کۆتایی سەدەی (١٩) و سەرەتای سەدەی (٢٠)ەوە گیریکردوە و وەستاوە.




وەرە (جەسارەت) بەتەنها، بەس نەبوو بۆ هەنگاونان بەرەو پێشەوە، بەڵکو بەناچاری خوێندنەوەی دووبارەی دەخواست بۆ ئەو پاشەکەوتەی کە بەردەستە لە سەدەی ڕابردوودا، ئەویش لە میانەی ڕێڕەوە مێژوویی و سیاسییەکانیدا، وە خوێندنەوەی دووبارەی دەخواست بۆ بنکە کۆمەڵایەتییەکەشی، لە پێناو ڕۆشنکردنەوەی ئەوەدا کە بزانین سنووری ئاسۆ و بیروڕای پێشەنگەکان و ئاڵاهەڵگرەکانی لەکوێ گیرساوەتەوە و بەرتەسکییەکانیان لە کوێدا بووە. ئەم ڕێگایەش بێگومان خاڵی نییە لە ململانێی ڕوانگە دۆگماییەکان و ڕووبەڕووبونەوە لە دژی تۆمەتی "ڕیڤیژنیزم" و "دەرچوون لە مارکسیزم و "لادان" لە ڕێگای ڕاست.

سەربارێ ئەوەش چەندین خاڵی لاواز لێرەدا بوونیان هەیە، کە لێکۆڵینەوە و گفتوگۆ سەبارەت بە کێشەی ژنان و فیمینیزم لە دوو دەیەی ڕابردوو لەنێو بزوتنەوەی پێشکەوتنخوازی و ڕزگاریبەخشدا لەسەر هەردوو ئاستی عەرەبی و مەغاریبی نەبووە. وە ئەمە هۆکاری بنەڕەتی بوو بۆ سوربوون و پێداگریم بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە تا گفتوگۆی جددی بکەوێتە نێو هەموو ئەو کەسانەی کە بڕوایان وایە فیمینیزم ڕێڕەوێکی گرینگە لە ڕێڕەوەکانی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

لە کۆتاییشدا هاندان و پشتیوانی زۆرێک لە هاوڕێیانی ژن و پیاو بۆ نوسینی ئەم کتێبەم لەبیر ناکەم.

ئەسیل ڕەمماح: لە کتێبەکەتدا، دەربارەی فیمینیزم و مارکسیزم هەروەها لە بارەی چۆنیەتی پەیوەندی نێوان ئەم دووانەوە نوسیوتانە، ئایا دەتوانی بۆ خوێنەرانی ڕۆژنامەکەی ڕوون بکەیتەوە، گەر بمانەوێت بزانین ئەو ئەنجامە بنچینییانەی کە لەم کتێبەدا بەدەستهاتوون چین؟ وە ئایا هیچ پێکەوەبییەک یان دابڕانێک لە نێویان فیمینیزم و مارکسیزمدا هەیە؟

جەمیلە سەعدون: کتێبەکە یەکەم شت لە پێناسەی فیمینیزمەوە دەست پێدەکات، دیارە ئەمەش یەکجار گرنگە. لێرەدا تێکەڵاوبوونێک هەیە لە نێوان چەمکی (فیمینیزم) و (بزوتنەوەی ژنان)دا کە زۆریش باوە.

فیمینیزم لە تێڕوانینی منەوە ئەو دیدگا فکرییانەن کە بیردۆزی کۆمەڵایەتی سەبارەت بە باڵادەستی پیاوسالاری بە شێوەیەکی تایبەت و هەژموونی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی گشتی؛ بنیاد دەنێت. فیمینیزم وەک هەر تیۆرییەکی کۆمەڵایەتی تر؛ بە تایبەتمەندییە هەمەچەشنییەکەی دەناسرێتەوە، بەتایبەت چ لەسەر ئاستی میتۆد و یان لەسەر ئاستی ئاسۆی شیکاری. وە لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی فیمینیزم وەک فکرێک لە بزووتنەوەی ژنان کتێبەکە ڕۆشنایی دەخاتە سەر مێژووی فیمینیزم لەمیانی ڕەوت و شەپۆلە جیاوازییەکانییەوە.

کتێبەکە باس لە (بەیەکگەیشتن) دەکات وەک میتۆدێک بۆ شیکاریکردنی بەیەکگەیشتنە کۆمەڵایەتییەکان و لێرەشدا لە سەدا ٩٩ پشت بە بەڵگە فیمینیستەکان دەبەستێت لە هەوڵداندا بۆ گرێدانەوەی ڕابردوو بە ئێستاوە. فیمینیزم و مارکسیزم چ پەیوەندییەکیان لەنێواندایە؟ چی وا دەکات فیمینیزم لە دڵی خەباتی چینایەتیدا بێت نەک لە پەراوێز. دوواجار کتێبەکە لەسەر چەمکەکانی کار و چین دەوەستێت بۆ دیاریکردنی سروشتی ئەو خەباتە مێژووییەی کە ئینسان بەرپای کردووە لە پێناو "ڕزگارکردنی کار" لە زۆرەملێیی و هەروەها بەرچاوخستنی پێگەی فیمینیزم، وەک بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و فکری لە هەر پرۆژەیەک کە خوازیاری گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی هەمەلایەنە بێت. ئەمەش وامان لێ دەخوازێت کە بێینەسەر باسکردنی ستراتیژییەکانی خەبات و بەرجەستەکردنەوەی عەمەلیانەی ئەم ستراتیژانە، لەسەر بنەمای چەمکی "هاوبەش" لە نێوان توێژ و کۆمەڵگەکاندا بۆ دووبارە دارشتنەوەی چەمکێکی نوێ بۆ سۆسیالیزم وەک ئەڵتەرناتیڤێکی ئابووری، کۆمەڵایەتی و فێمینیستی و ئیکۆلۆژی.




ئەسیل ڕەمماح: ئەی ئەو ڕێگریانە چیبوون کە لەکاتی نووسینی کتێبەکەتدا ڕووبەڕووبان بونەتەوە؟

جەمیلە سەعدون: هیچ کارێک بە بێ ئاستەنگ نابێت، هەموو سەرەتای کارێک کێشەی تایبەتی خۆی هەیە، هەندێک کێشەی تەکنیکیش هەیە وەک گەڕان بەدوای دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەدا، بەڵام گەورەترین بەربەست کێشەی زمانە. ئاگاداربوون لە گفتووگۆ و پلمیکە نوێکان و تێگەیشتنێکی باشی بیروبۆچوونەکان، پێویست دەکات ئەو زمانانە بزانیت کە نووسینەکانی پێ نووسراوە. وە ئەمەش ئاستەنگێکی گەورەیە بەتایبەتی لە نەبوونی گفتوگۆ و بزووتنەوەی وەرگێڕان لە ناوچەکەدا.

لە ڕابردوودا کاتێک قوتابخانەی کۆمەڵناسی فەرەنسی پێشەنگ بوو لە مەیدانی ئاکادیمیدا، ئەو کەسانەی کە زمانی فەرەنسییان دەزانی ئاسان بوو بەدواداچوون بکەن بۆ نوسینەکان و داهێنانەکان، بەڵام لە ئێستادا قوتابخانەی ئەمەریکی لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی مەعریفییەدا باڵادەستی پەیداکردووە، بۆیە فێربوونی زمانی ئینگلیزی زۆر پێویستە تا لە کاروانی پەرەسەندنی مەعریفە داوانەکەوین.

لێرەدا و لەم ئاستەدا پێویستە جیاوازی بکەین لە نێوان دامەزراوە و ناوەندە فەرمی و نیمچە فەرمییەکانی ئەمریکی لەگەڵ بزوتنەوەی ڕۆشنبیری ئەمەریکی کە زۆر بیرمەند و پێشەنگی پیاو و ژنی وەک (چومسکی، فرایزەر، فێدریشی...) هەن، کە لە پێشەنگی لیستی بەرهەمە فکرییەکانی ئەم سەردەمەی ئێستان. هەروەها پێویستە ئاماژەش بە ئەو بۆشاییە بکەم کە لە نێوان زمانی عەرەبی ( ئەکادیمی) و زمانە جیهانییەکانی تردا هەیە.

ئەسیل ڕەمماح: ئەی پەیوەندی نێوان فیمینیزم و مارکسیزم چۆنە؟

جەمیلە سەعدون: دوور لە هەموو ناساندنێکی یەکجەمسەرە لە فۆرمی تاکدا، دەبێت دان بە سروشتی فرەیی دووانەیی فێمینیزم و مارکسیزمدا بنرێت. فێمینیزم بزووتنەوەیەکی هزری دێرینە و بەو هۆیەشەوە کە بزووتنەوەیەکی مێژووییە، لەگەڵ گەشەسەندنی کۆمەڵگە مرۆییەکان و پەرەسەندنی مەعریفەی مرۆڤ بە هەلومەرجی بوونی خۆی، فێمینیزمیش گەشە دەکات. هەر بۆیە لەمیانەی ئەو شەپۆلانەوە کە بزووتنەوەی خەباتکارانە دژی چەوسانەوەی جێندەری بەخۆیەوە بینیوە لەسەردەمی سەرمایەداریدا، هاتووم لە کتێبەکەمدا باسم لە ڕێڕەوەکانی پەرەسەندنی فێمینیستی کردوە. وە بەئاسانی دەتوانین جیاوازی نێوان شەپۆلە جۆراوجۆرەکان دەستنیشان بکەین، هەم لەسەر ئاستی شیکردنەوەی هۆکار و میکانیزمەکانی چەوساندنەوەی جێندەری، وەهەم لەسەر ئاستی خواستەکانیان و ئەو چارەسەرەش کە خستویانەتەڕوو. لەم ڕێڕەوەدا پەیوەندی نێوان فێمینیزم و مارکسیزم وەک دوو بزووتنەوەی فکری ڕزگاریخواز دەخرێنەڕوو. مارکسیزم وەک تیۆرێکی کۆمەڵایەتی هەمەلایەنە ناتوانێ چەوساندنەوەی جێندەری و نێرسالاری لە کۆمەڵگە چینایەتییەکاندا پشتگوێ بخات، و فێمینیزمیش وەک ڕێبازێک بۆ شیکردنەوەی هۆکارەکانی چەوساندنەوەی ژنان و باڵادەستی پیاو، ناتوانێ بنەمای ماددی و چینایەتی چەوسانەوە پشتگوێ بخات. هەر بۆیە من وای دادەنێم کە فێمینیزم و مارکسیزم بەردەوام لە پەیوەندیەکی بەیەکگەیشتندان پێکەوە، بەجیا لەوەی کە ناکۆکیش هەبێت لە نێوان فێمینیستەکان و مارکسیستەکاندا. من خۆم بە فێمینیستێکی مارکسیست یان مارکسیستێکی فێمینیست دەزانم. لە ڕوانگەی ماتریالیستی مێژوویی مارکسیزمەوە، فێمینیزم ناتوانێت مارکسیست نەبێت. وە لە ڕوانگەی ڕزگاریخوازانەی فێمینیزمیشەوە، مارکسیزم ناتوانێت فێمینیست نەبێت.

https://www.facebook.com/MOSAWATE

## ولیەم هەیوود (١٨٦٩ – ١٩٢٨)

# ئەو ڕابەرە کرێکارەی خەوی لە چاو سەرمایەدارانی ئەمریکا تۆران

ئامادەکردن و وەرگێڕانی: عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

### کەسایەتی (ولیەم هەیوود)

(ولیەم دادلی هەیوود) ناسراو بە (بیگ بیڵ)؛ ڕابەرێکی بزووتنەوەی کرێکاری ئەمریکا و دامەزرێنەری (یەکێتیی کرێکارانی پیشەسازی جیهانیی) و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی (حیزبی سۆشیالیستی ئەمریکا)(١) لە چواری مانگی شوباتی ساڵی (١٨٦٩) لە شاری (سەڵت لەیک) لە ویلایەتی (یوتا) لەدایک بووە. ولیەم لە دوو دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بەشداری چەندین نەبەردی کۆمەڵایەتی چینایەتی کرێکارانی کردووە دژ بە سەرمایەداران، وەک نەبەردی کرێکارانی (کۆلۆڕادۆ) و مانگرتنی کرێکارانی ڕستن و چنینی (لۆرانس) و (مەساچوستس) و (نیوجێرسی).

ولیەم داکۆکیکارێکی سەرسەختی ڕێکخستنی کرێکاران بوو لە یەکێتیی و سەندیکاکانیان. ئەمەش فەلسەفەی ململانێی چینایەتی کرێکارانە تا کرێکارانی ڕشتە جیاوازەکان لە ڕێکخراوی خۆیاندا ڕێکخراو بن. (ولیەم) باوەڕی وابوو کە کرێکارانی هەموو نەتەوە جیاوازەکان دەبێ یەکگرتوو بن. چونکە یەکگرتوویی کرێکاران بەمانای بەهێزبوونیان دێ لەبەرامبەر سەرمایەداران. هەروەها (ولیەم) ئەوەندەی باوەڕی بە کردەی ڕاستەوخۆ هەبوو ئەوەندە باوەڕی بە کردەی سیاسی نەبوو. (ولیەم) سازشکار نەبوو لە خەبات بۆیە هەمیشە بەوە تاوانبار دەکرا کە لایەنگری توندوتیژییە. دیارە توندوتیژی بەمانا چینایەتییەکەی. بۆیە سەرمایەداران هەوڵیاندا لە ساڵی (١٩٠٧) بە کوشتنی (فرانک ستونینبێرگ) تاوانباری بکەن، بەڵام لەو پلانە چەپەڵەیان سەرکەوتوو نابن. ساڵی (١٩١٨)، بەبیانووی چالاکی دژی بە جەنگی جیهانی یەکەم، حکومەتی ئەوسای ئەمریکا سەد و یەک ئەندامی ڕێکخراوی (یەکێتیی کرێکارانی پیشەسازی جیهانی) دەستگیر کرد و (ولیەم) یەکێک بوو لەوان. (ولیەم) بیست ساڵ زیندانی بۆ دەبڕنەوە. بەڵام ساڵی (١٩٢١) لەکاتی پیاچوونەوەی بڕیارەکەی (ولیەم) دەرفەتی بۆ هەڵدەکەوێت و هەڵدێت بەرەو وڵاتی یەکێتیی سۆڤییەت.

### ژیانی (ولیەم هەیوود) لە یەکێتیی سۆڤییەت

لەیەکێتیی سۆڤییەتی حکومەتی بەلشەفییەکان، هەیوود بووە ڕاوێژکاری کار لە حکومەتی بەلشەفیکی لینین و تا ساڵی ١٩٢٣ لەو پۆستەدا مایەوە. هەروەها هەیوود بەشداری لە دامەزراندنی کۆلۆنی پیشەسازیی سەربەخۆی کوزباسدا کرد(٢). میوانە هەمەچەشنەکانی هەیوود بۆ شوقە بچووکەکەی لە مۆسکۆ هەستییان بە تەنیایی و خەمۆکی ولیەم و ئارەزووی گەڕانەوەی بۆ ئەمریکا دەکرد. لە ساڵی ١٩٢٦ هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێکی ڕووسی پێکهێنا، هەرچەندە ولیەم و هاوژینەکەی دەبوو بە زمانی ئاماژە قسە لەگەڵ یەکتردا بکەن، چونکە هیچ کامیان زمانی ئەوی دیکەی نەدەزانی. ئەم دۆخی غوربەتە زۆر درێژەی نەکێشا و بەداخەوە ئەم ڕابەرە مارکسیستەی چینی کرێکار لە ١٨ی ئایاری ١٩٢٨، لە نەخۆشخانەیەکی مۆسکۆ بەهۆی جەڵتەی مێشکەوە گیانی لەدەستدا. پاش مردنی تەرمەکەی سووتێنرا و نیوەی خۆڵەمێشەکەی لە نەکرۆپۆلیسی دیواری کرێملین نێژرا؛ دەبەیەک کە نیوەکەی تری خۆڵەمێشەکەی تێدابوو ڕەوانەی شیکاگۆ کرایەوە و لە نزیک مۆنۆمێنتی شەهیدانی هایمارکێت نێژرا.



### (ولیەم) و (یەکێتیی کرێکارانی پیشەسازی جیهانیی)

لە کۆتاییەکانی ساڵی (١٩٠٤) ژمارەیەک لە ڕابەرانی کرێکاری ڕادیکاڵ و بەرجەستەی ئەمریکا لە (شیکاگۆ) کۆبوونەوە بۆ نەخشەدارشتن لەپێناو پێکهێنانی یەکێتییەکی کرێکاریی شۆڕشگێڕی نوێ. بۆ ئەو مەبەستە بەیاننامەیەک نووسرا و ڕەوانەی سەرتاسەری وڵات کرا. ئەو ڕابەرە کرێکاریی و سەندیکاییانەی کە لەگەڵ مانیفێستەکەدا هاوڕا بوون، بانگهێشت کران بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسی دامەزراندنی یەکێتییەکی نوێ کە دواتر بە (یەکێتیی کرێکارانی پیشەسازی جیهان) ناونرا.

کاتژمێر (١٠)ی بەیانی؛ ڕۆژی (٢٧ی حوزەیرانی ١٩٠٥)، (هەیوود) قسەی بۆ ئەو خەڵکە کرد کە لە هۆڵی (براند) لە (شیکاگۆ) کۆبببوونەوە. ئامادەبووانی کۆنگرەکە بریتیبوون لە دوو سەد نوێنەری ڕێکخراوە کرێکارەکانی سەرتاسەری ئەمریکا، کە نوێنەرایەتی سۆسیالیستەکان، ئەنارکیستەکان، کرێکارانی کانەکان، سەندیکاییەکانی پیشەسازی و کرێکارانی یاخیبوویان دەکرد. (هەیوود) یەکەم کۆنفرانسی بەم وتانەی خوارەوە دەستپێکرد.

(هاوڕێیان، ئەمە کۆنگرەی کیشوەریی چینی کرێکاری ئەمریکایە. ئێمە لێرەین بۆ ئەوەی کرێکارانی ئەمریکا یەکگرتوو و یەکپارچە بکەین لە بزووتنەوەیەکی چینیایەتی مەزن بە مەبەستی ڕزگارکردنی خۆی لە کۆیلایەتی سیستەمی سەرمایەداری. خواست و ئامانجەکانی ئەم یەکێتییە دەبێت ئەوە بێت کە چینی کرێکار دەسەڵاتی ئابووری، هۆکارکانی خۆشگوزەرانی ژیان، ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردن لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا بێت، دوور لە چاودێری کارفەرما و سەرمایەداران.)

جگە لە (ولیەم هەیوود)؛ قسەکەرانی تری ئەم کۆنگرەیە لەم کەسایەتییە شۆڕشگێڕانە پێکهاتبوون وەک (یوجین دێبس) ڕابەری (حیزبی سۆشیالیستی ئەمریکا) و (مەری هاریس) دایکە (جۆنس) ڕێکخەری گشتی (یەکێتیی کرێکارانی کانەخەڵووزەکانی ئەمریکا) و (لوسی پارسنس) ڕێکخەرێکی گەورەی کرێکاران بوو. دوابەدوای پێکهاتنی یەکێتییەکە، ئەم ڕێکخراوە، سەرسەختانە بەشداری تێکۆشان و خەباتی چینی کرێکاری ئەمریکای کرد. (ولیەم هەیوود) لە ساڵی (١٩١٥ تا ١٩١٨) بوو بە سکرتێری گشتی ئەم ڕێکخراوە کرێکارییە شۆڕشگێڕە.

### دادگایی و تاوان هەڵبەستن

لە (٣٠ ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٠٥) (فرانک ستێننبێرگ) حاکمی گشتی ویلایەتی (ئایداهۆ) لەلایەن (هاری ئۆرچارد)ەوە لەبەردەم ماڵەکەی خۆیدا دەکوژرێت. (فرانک) لەڕووبەڕووبوونەوەی کرێکارانی مانگرتوو زۆر وەحشیگەریانە جووڵابۆوە. (هاری)ش پاسەوانی (چارڵس مۆیەر) بوو کە سەرۆکی ڕێکخراوی کرێکارانی کانەکان بوو. (هاری) لە زیندان کەوتە ژێر کاریگەری سەرمایەداران و بە تەماحی پارە و ئازادکردن ئیفادەکەیان پێ گۆڕی و (هاری) کرداری کوشتنەکەی خستە ئەستۆی چوار لە ڕابەرانی کرێکارییەوە، واتە بە فەرمانی ئەوان ئەو کارەی کردووە. ئەوە بوو یەکێکیان هەڵات و سێ ڕابەرەی تر لە (١٧ ی شوباتی ساڵی ١٩٠٦) لە شاری (دێنڤار) پایتەختی ویلایەتی (کۆلۆڕادۆ) دەستگیر کران. لەکاتێکدا ئەو ڕابەرانە لە کاتی تاوانەکەدا هەر لەوێش نەبوون. ئیتر پەڕاوی دادگاییان بۆ ئامادەکردن. (هەیوود) ئەوکاتەی لەزیندانیش بوو وەک کاندیدی (حیزبی سۆشیالیستی کۆلۆرادۆ) خۆی کاندیدا کرد و (١٦٠٠٠) دەنگی بەدەستهێنا. دادگاییەکە لە (٩ ی ئایاری ١٩٠٧) دەستی پێکرد. لە دادگاییەکەدا (هاری) دانی بەوەدا نا کە ئەو بەر لە ناسینی (هەیوود) و (مۆیەر) پارەی وەرگرتووە. سەرمایەداری لەم پلان و نەخشەیەیدا دژ بە ڕابەرانی کرێکاری سەرکەوتوو نەبوو.

### هەیوود و حیزبی سیاسی

بۆ چەندین ساڵ؛ (ولیەم هەیوود) ئەندامێکی چالاکی (حیزبی سۆشیالیستی ئەمریکا) بوو، لە تێڕوانینە سیاسییەکانیدا مارکسیست بوو. هەروەها (هەیوود) لە ساڵی (١٩١٠)، نوێنەری حیزبەکەی بوو بۆ (ئەنتەرناسیونالی دووەم). ساڵی (١٩١٢) بووە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ئەو حیزبە. (هەیوود) بەردەوام تاکتیکی خەباتی ڕادیکاڵانە و توند بووە. بۆیە هەمیشە پشتی بە مانگرتن و ئاکسیۆن بەستووە نەک تاکتیکی سیاسی. دوای، مشتومڕێکی سیاسییانە دەربارەی ئەو تاکتیکانەی (هەیوود)، ئەوەبوو (هەیوود) لە (شوباتی ساڵی ١٩١٣) ڕیزەکانی (حیزبی سۆشیالیستی ئەمریکا)ی جێهێشت و وەک یەک ڕابەری بەرجەستەی کرێکاریی خۆی بۆ (یەکێتیی کرێکارانی پیشەسازی جیهانیی) تەرخان کرد. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەمە بەو مانایە نایەت کە (ولیەم) هیچ بایەخی بە تیۆر و فێربوون نەداوە، بەڵکو خودی خۆی چەندین نامیلکە و وتاری گرنگی نووسیوە کە ئێستا بوونەتە بەشێک لە مێژووی خەباتی چینایەتی کرێکارانی ئەمریکای باکوور.(٣)




### دوا قسە

(ولیەم هەیوود)ی سەرڕاست و جیددی و بەوەفا و مارکسیست؛ شانبەشانی بزووتنەوەی چینی کرێکاری ئەمریکا لەتێکۆشاندا بوو. چینی کرێکاری ئەمریکا ڕێزێکی زۆریان بۆ (هەیوود) هەبوو. ئەویش هەموو ژیانی بۆ ئەو چینە تەرخان کرد. وتەکانی، قسەکانی، نووسین و کتێبەکانی گەواهی دەدەن لەسەر جیددی بوون و سەرسەخت بوونی ئەم ڕابەرە مەزنەی خەباتی چینایەتی لە بەدیهاتنی خواست و ئاواتەکانی کرێکاران. تا چینی کرێکاری ئەمریکا مابێت ئەو قسەیەی (هەیوود)ی لەیاد ناچێت کە دەیوت (دڵڕەقی سەرمایەداری بەجۆرێکە ئەوەی بەزەیی بێت، تێیدا نییە). (ولیەم) (٥٩) ساڵ ژیا، بەڵام سەربەرزانە ژیا لەپێنا و ملیۆنان ئینسان کە چیتر برسی و چەوساوە نەبن. ئەو شەو و ڕۆژی پێکەوە گرێ دەدا تا ئاواتە چینایەتییەکانی کرێکاران کە لە (مانیفێستی کۆمۆنیست)دا ئاماژەی پێدراوە، بێتە دی. هەر ئەو تێکۆشانەی (هەیوود) بوو کە بۆ ماوەی سێ دەیە خەوی لەچاوی سەرمایەدارانی ئەمریکا تۆران.(٤)

### تێبینییەکان:

(١)- (حیزبی سۆشیالیستی ئەمریکا) لە ساڵی (١٩٠١) لە ئەمریکا لە ئەنجامی لێکنزیکبوونەوەی (حیزبی سۆشیال دیموکراتی ئەمریکا) و (حیزبی کاری ئەمریکا) هاتە دامەزراندن. لە دەیەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم ئەم حیزبە پشتیوانییەکی زۆری لەلایەن ڕێکخراوە کرێکارییەکان و سۆشیالیستەکان و جووتیارە پۆپۆلیستەکان و پەناهەندەکانەوە بەدەستهێنا.

(یوجین ڤی دێبس) دوو جار لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا زیاتر لە (٩٠٠) هەزار دەنگی بەدەستهێناوە لە هەمان کاتدا (حیزبی سۆشیالیست) دوو نوێنەری ئەمریکای (ڤیکتۆر ئێڵ بێرگەر و مێیەر لەندەن) و دەیان یاسادانەر و زیاتر لە (١٠٠) سەرۆکی شارەوانی و بەرپرسی هەڵبژارد.

دژایەتی توندی ئەو پارتە لەگەڵ تێوەگلانی ئەمریکا لە جەنگی جیهانی یەکەمدا، هەرچەندە لەلایەن زۆر کەسەوە پێشوازی لێکرا، بەڵام بووە هۆی لادانی دیار و سەرکوتکردنی فەرمی ئەو حیزبە. (حیزبی سۆشیالیست) زیاتر بەهۆی شەڕێکی کوتلەیی لەسەر چۆنیەتی وەڵامدانەوەی (شۆڕشی ئۆکتۆبەر) لە (یەکێتیی سۆڤییەت) لە ساڵی (١٩١٧) و دامەزراندنی (ئینتەرناسیونالی کۆمۆنیست) لە ساڵی (١٩١٩)دا لەت و پەت بوو- زۆرێک لە ئەندامان پارتەکەیان بەجێهێشت و چوونە نێو (حیزبی کۆمۆنیستی ئەمریکا).

(٢)- لەسەرەتای دەسەڵاتی سۆڤییەتەکان، حکومەتی بەلشەفیکەکان بە پێویستی زانی کە سوود لە سەرمایە و زانیاری و ئەزموونی بیانی لە ڕێگەی ئەنجامدانی ڕێککەوتنی ئیمتیازەوە، وەربگرێت، ئەم بڕیارەش لە یەکەمین کۆنگرەی سەرتاسەری ڕووسیای سۆڤیەتدا کە لە (کانوونی دووەمی ١٩١٧)دا بەڕێوەچوو، بڕیاری لەسەر درابوو.

(٣)- بۆ نموونە: سۆشیالیزمی پیشەسازی لەگەڵ (فرانک بۆهن) شیکاگۆ ١٩١١، مانگرتنی گشتی ١٩١١، وتاری (هەیوود) دەربارەی کەیسی (ئیتۆر) و (جیانۆڤیتی ١٩١٢)، (بیل هەیوود) مانگرتنی (پیتەرسنی ساڵی ١٩١٣ی لەیادە. ١٩١٣، مێژووی کرێکارانی پیشەسازی جیهانیی دڵۆپ دڵۆپ بە خوێن نووسراوە. ١٩١٩، هەڵکوتانەسەر بەبەردەوامی ١٩١٩، ژیاننامەی بیڵ هەیوود ١٩١٩.

(٤)- هەندێک ناو لەم نووسینەدا هاتوون کە خوێنەر دەتوانێت گوگڵیان بکات و زانیاری پێویستیان لەبارەوە بەدەست بهێنێت.

سەرچاوە:

بۆ ئامادەکردنی ئەم بابەتە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە.

https://www.oregonencyclopedia.org/articles/industrial_workers_of_the_world_iww

https://www.forewordreviews.com/reviews/frank-little-and-the-iww

https://libcom.org/article/iww-canada-g-jewell

ڕووت البدیل

ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# فێمێنیزم و جێندەر، خوێندنەوەیەک بۆ دۆخی کۆمەڵایەتی ژن

بەشی دووەم

نووسینی: سەفوەت واجد حەمید

## درێژەی چەمکی جێندەر

ئەو نۆرمەی ئێمە لە نێو کۆمەڵگا ئەیناسین و لەسەری پەروەردە کراوین تەنیا ڕەگەزی ژن و پیاو بوونیان هەیە و تەنیا هیترۆسێکسوالیتی (خوازیاری سێکس لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر) وەک هۆی دروست کردنی خێزان و وەچەخستنەوە باش و تەندروست و سروشتییە، بەڵێ هیچ گومانێک لەمە نییە، بەڵام ئەمە تاکە ڕێگە نییە بۆ وەچەخستنەوە (تکاثر) چونکە زانست لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو سەلماندی دەکرێ مرۆڤ کۆپی بکرێت لەڕێی (cloning) (٤) کە چۆن یەکەم بەرخ و یەکەم گۆلک کۆپی کرا بەم ڕێگایە و دەستبەجێ دادگاکانی ئەمریکا ڕێگربوون لە کۆپی کردنی مرۆڤ. جگە لەمەش زۆر لەزووەوە توانراوە هێلکەی ئافرەت و تۆوی پیاو لە ژێر پلەی سەد بپارێزرێت بۆ ماوەی چەندەها ساڵ و لەدەرەوەی لەشی ژن و پیاو دوایش پێکەوە منداڵی لێ دروست بکەن.

کاتێ باس لە جێندەر ئەکرێت هەر زۆر زوو کۆمەڵگە ئەبێتە دوو بەشەوە. بەشێک سەر بەلایەن و بەرگریکەر، بەشێکی دژ و ڕەفزکردن.

جێندەر لەڕاستیدا پێویستی نە بە بەرگری و نە بە دژایەتی نییە، چونکە جێندەر پرسی بەئاگایی کۆمەڵگەیە، تیایدا هەموو مرۆڤەکان بە هەموو ڕەگەزەکانەوە یەکتر قبوڵ ئەکەن و دەوڵەتیش بەهەمان شێوە ڕەفتار لەگەڵ هەموو تاکێک ئەکات بێ جیاوازی.

زۆرجار گوێمان لێئەبێت گوایە جێندەر هاتووە بۆ لەناوبردنی خێزان و بەئاژەڵکردنی مرۆڤ و تێکدانی عورف و نەریت و ... هتد.

ئەوەی کە گرنگە بەئاگابین لێی جێندەر پرسێکی جیهانییە و هاتووە بۆ گێڕانەوەی مرۆڤایەتی بۆ مرۆڤ، ئەمڕۆ لە جیهاندا سەرووی (٥٣) ڕەگەز هەیە کە سەرچاوەکانیان هەر هەمان ڕەگەزی نێر یا مێیە. بەڵام بەهۆی لادان لە چەند خانەیەکی دەماغ و زیاد و کەمی هۆڕمۆنات و جینات جۆری ڕەگەزایەتی ئەگۆڕێت. بەشێک لە ترانسەکان بەیارمەتی نەشتەرگیری چارەسەریان هەیە، بەڵام هەرچی هاوڕەگەزخواز و ئەوەندە لە ڕەگەزە جیاوازەکانی تر نەشتەرگەری هیچ سوودێکیان پێناگەیەنێت، بەڵکو ئەوە زیاتر بەهۆی هۆرمۆنات و جیناتەوە ئەشێ وابژێن.

با لە یادیشی نەکەین غەریزە زاڵە لەسەر ڕەفتاری مرۆڤ. لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو ئەمریکا و بەشێ زۆری کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان دیاردەی هاوڕەگەزخوازیان لە لیستی نەخۆشی لابرد دانیان بەوەدانا کە ئەم دیاردانە نەخۆشی نین و سروشتین، تەنانەت پاپای ڤاتیکانیش سەرەرای توندڕەوی ڕەوتی کاتۆلیزم وەک گەورەترین باڵی ئاینی مەسیحییەت جۆری لە تۆلێرانسی سەبارەت بەهاوڕەگەزخوازان پیشانداوە.

تۆ بڵێی ئەم گرووپە ویستی خۆیان بووە بەم جۆرە بن، لە ڕەگەزی سێیەم یا چوارەم خۆیان ببیننەوە، ئەی باشە گەر دیاردەیەک مرۆڤ نە بەحەز و نە بەویستی خودی مرۆڤ خۆی بێت، بۆ گاڵتەی پێبکرێت بۆ قبوڵنەکرێت، خۆ زۆر زەحمەت نییە مرۆڤ خۆی بخاتە جێی ئەوان بۆ ئەوەی بزانێت ئەبێ هەستی چۆن بێت. شایەنی باسە جێندەر ئاوڕ لە پیاویش ئەداتەوە لە نێو کۆمەڵگە پیاوسالارییەکان و چۆن زۆرجار ئەکرێتە قوربانی نەریتەکان، کورد ئەڵێت: پیاوەتییەکم لەگەڵ بکە، پیاوەتیم زۆرە لەسەری، مەری نێر بۆ سەربڕین باشە ...هتد .تا ئەمڕۆش عەیبەیە پیاو بگیرێت و فرمێسک بەچاویا بێتە خوار، عەیبەیە لە کارەکانی ناوماڵ بەشدار بێت، عەیبەیە سۆز و عاتیفە پیشاندات .ئەوەی حەز ئەکەم بیڵێم ئەوە جێندەر نییە ئەیەوێت کۆمەڵگە فاسد بکات، بەڵکو هەر کۆمەڵگەیەک پرسی جێندەری تیا نەبێت یا لەژێر کاردانەوەی وتاری سیاسی ئاینیدا بێت، ئەوا کۆمەڵگەیە لە بنچینەوە پەرتەوازەیە و فاسیدە.

## (٦) قوتابخانەکانی فێمێنیزم

هەروەک فێمێنیستەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە ژنان بەهۆی ڕەگەزبوونیانەوە دەچەوسێنەوە و جۆری ئەو چەوسانەوەیەش هەمیشە پەیوەست بووە بە ئاستی بەئاگایی کۆمەڵگەکان و چینایەتی و ڕەنگی پێست و ئایین و کات و شوێن، بۆیە بەدرێژایی مێژوو چەندەها قوتابخانەی فێمێنیزم دروست بووە و تەنانەت هەندێجار ئەم قوتابخانانە ڕووبەڕووی یەکتر بوونەتەوە و یەکتریان ڕەتکردۆتەوە.

بەهۆی زۆری ژمارەی ئەو قوتابخانانە ناکرێت لێرە جەخت لەسەر هەموویان بکەمەوە بەڵکو زیاتر قوتابخانە هەرە گرنگ و ناسراوەکان دێنمە سەرەوە.

فێمێنیزمی لیبرال: ئەمە یەکەم قوتابخانە بوو لە نێو دونیای فێمێنیزم دروست بوو. وشەی لیبرال بەمانای سەربەستی دێت، ئەم قوتابخانەیە سوودی لە ئایدیۆلۆژیەکان و شۆڕشەکانی ئازادی سەدەی هەژدەهەم وەرگرت. بەگشتی لایەنگرانی لیبرالیزم بانگەشە بۆ کراوەیی و ئازادی و دادپەروەری ئەکەن و بە پێویستی ئەزانن دەوڵەت دان بە بەهای یەکسانی تاک بنێت چ نێر چ مێ بێت. فێمێنیزمی لیبرال جەخت لە بواری یەکسانی ئابوری نێوان ژن و پیاو ئەکات و بە پێویستی ئەزانێ یاسا مەدەنییەکان لە خزمەتی یەکسانی بێت. بە بۆچوونی ئەمان پەروەردەی منداڵ لە قوتابخانەوە دەست پێئەکات و پێویستە دەوڵەت قوتابخانە و خوێندنی ئاست بەرز بۆ منداڵان تەرخان بکات بێ جیاوازی ڕەگەزی.

فێمێنیزمی ڕادیکاڵ: ئەم قوتابخانەیە بڕوای بە هەندێک توندڕەوی هەیە، هەروەک ناوەکەی ڕادیکاڵ، بەمانای ڕیشەیی یان جۆرێک لە توندرەوی .بە بڕوای ئەمان گۆرانکارییە کۆمەڵایەتییەکان پێویستە لە پەیوەندییەکانی نێوان ژن و پیاو دەستپێبکات و ئینجاش بکەوێتە ڕێ بەرەو ناو چینەکان و کۆمەڵگە بە گشتی .سەندنەوەی دەسەڵات لە پیاو و لەناوبردنی کۆمەڵگەی پیاوسالاری. فێمێنیزمی ڕادیکال بەئەرکی خۆی ئەزانێت، تەنانەت شیرازەی ستراکچەری خێزان بۆ ئەمان ڕاست نییە، چونکە ئەو بەهاو چەمکانەی ئەمڕۆ و دوێنێ لەکۆمەڵگە بەرچاون سروشتی نین، بەڵکو پیاو دایرشتووە بۆ ژێردەستەیی ژن و ئینجاش بۆ قازانجی خۆی.

فێمێنیزمی مارکسی: تێکرای ئەم قوتابخانەیە سەد دەرسەد پابەندە بە ئایدیۆلۆجی و فەلسەفەی مارکسییەت و قوتابخانەیەکی شۆڕشگێرە. بەلای ئەمان ماف نادرێت بەڵکو ئەبێت بسەنرێت. ئیلهامی فێمێنیزمی مارکسی زیاتر لە کتێبە زۆر بەناوبانگەکەی ئەنجلس سەرچاوەی گرتووە (بنەچەی خێزان و موڵکایەتی تایبەتی و دەوڵەت). فریدریک ئەنجلس ئەم کتێبەی بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی لویس مۆرگان لەسەر خێڵە هندییە سوورەکانی ئەمریکا نووسیوە گوایە لە سەرەتای مرۆڤایەتی شتێک نەبووە بەناوی خێزانەوە بەڵکو دوای قۆناغەکانی وەحشییەت و بەربەرییەت و مەدەنییەت خێزان دروست بووە و ژنیش بۆتە موڵکی پیاو.

فێمێنیزمی ئیسلامی: ڕۆژەیەکی هزرییە بە مەبەستی بەدەستهێنانی پێگەیەک بۆ ژن، لە ڕێگای گەڕانەوەی بۆ سەرچاوەکانی ئیسلام و ئیلهام وەرگرتن لە قورئان و سونەتی پێغەمبەر و وەرگرتنی بەها باڵاکان لێیانەوە .ئەم قوتابخانەیە لەناو خۆیان ناتوانن یەک ڕیز و یەکگرتووبن ئەویش بەهۆی مەزهەبە جیاوازەکانی (الحنفي، المالکي، الشافعي، الحنبلي) و ئینجاش تەفسیرە جیاجیاکان لە یەکتر .ئەم قوتابخانەیە زۆر بڕوای بە گۆرانکارییە کۆمەڵایەتییەکان نییە و بەبڕوای ئەمان ئەوەی لە قورئان و سوننەدا هاتووە ڕێزلێنانە لە ژن.

جگە لەم چوار قوتابخانەیە چەندەها قوتابخانەی فێمێنزمی تر لە گۆرەپانی کۆمەڵگەکان لە جەنگن بۆ بەدەستهێنان و گەڕانەوەی مافی ژن کە بوار نییە لێرە تیشک بخەمە سەر هەر هەموویان، بەڵام ئەکرێت تەنها ناویان بێنێن بۆ نموونە: فێمێنیزمی کلتوری، فێمێنیزمی دەروونی، فێمێنیزمی پۆست کۆلۆنیال، فێمێنیزمی مۆدێرنیزم، فێمێنیزمی پۆست مۆدێرنیزم و زۆریتریش.

## (٧) بزووتنەوەی منیش

منیش؛ بزووتنەوەیەک بوو، مەبەستی بوو سەرنجی خەڵک



بۆ هەراسانکردنی سێکسی و ئاساییکردنەوەی کولتووری بێدەنگی ڕابکێشێت. کاتێک ئەکتەری ناوداری ئەمریکی ئەلیسا میلانو لە ساڵی (٢٠١٧) لە تویتێکیدا داوای لە هەموو ئەو ژنانە کرد کە دەستدرێژی سێکسییان کراوەتە سەر بە وشەی "منیش" وەڵامی تویتەکەی بدەنەوە، بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵک بۆ ڕادەی ئازاردانی سێکسی دژی ژنان ڕابکێشن. لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو هەواڵەی کە گوایە بەرهەمهێنەری هۆلیوود (هارڤی واینشتاین) تۆمەتبار کراوە بەدەستدرێژی کردنە سەر چەند ئەکتەرێکی بەناوبانگی هۆلیوودەوە، بەڵام لەلایەن پیشەسازی فیلمەوە بێدەنگ کراوە .لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی (٢٠١٧) ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز و نیویۆرکەر ئاشکرایان کرد کە دەیان ژن (هارڤر واینشتاین)یان تۆمەتبار کردووە بە ئازاردان و دەستدرێژی سێکسی لە ماوەی (٣٠) ساڵدا کە فەزیحەی سێکسی هارڤی واینشتاین وەک بەرهەمهێنەر و دەرهێنەری فیلمی ئەمریکی وەک دۆسییەک بەکارهێنرا بۆ کۆکردنەوە و ئاشکراکردنی هەراسانکردن و دەستدرێژی سێکس دژ بە ژنان. بۆیە هەر زوو دوای دەرکەوتنی یەکەم زنجیرە تۆمەتەکانی ئازاردانی سێکسی، (هارڤی واینشتاین) لە کۆمپانیاکەی خۆی دەرکرا .وەک کەسایەتییەکی کاریگەر لە پیشەسازی فیلمی ئەمریکادا، کاردانەوە نێودەوڵەتییەکانی ئەم پرسە کە زۆر بانگەشەی بۆ کرا بووە هۆی ئەوەی لە سەرانسەری جیهاندا چەندین خۆپیشاندانی فێمینیست و کۆبوونەوەی کۆمەڵایەتی بەرفراوان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕوویدات، کە بووە هۆی تۆمەتبارکردنی زۆرێک لە کەسایەتییە گشتییە کاریگەرەکان و لابردنی زۆربەیان لە پێگەی خۆیان لە چەندین کەرتی میدیا و سیاسەت. هەروەها ئەم کەیسە وایکرد ژمارەیەکی زۆر لە ژنان ئەزموونی خۆیان لە دەستدرێژی سێکسی و هەراسانکردنیان لە سۆشیال میدیاکان باس بکەن .لە شوباتی (٢٠٢٠) واینشتاین لە دژی ڕەتکردنەوەی دەستدرێژی سێکسی سزای بەسەردا سەپێندرا بە (٢٣) ساڵ.

سەرەرای دەستدرێژی و ئازاردانی سێکسی دژی ژنان لە وڵاتە ئیسلامییەکان بەڵام نە یاسا مەدەنییەکان و نە بزووتنەوە فێمێنیزمەکان نەیانتوانیوە پاڵپشتی ژنانی لێقومان بن. بارودۆخی ژن لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیش زۆر باشتر نییە .ئەمرۆ وڵاتی میسر لە لووتکەی هەموو وڵاتانی جیهانە بۆ دەستدرێژی سێکسی دژ بە ژنان و دوای میسریش وڵاتانی کەنداوی عەرەبی دێن، ئەمەش وەنەبێت بارودۆخی ژنان باشتر بێت لە کۆمەڵگەی کوردی ئەویش هەر بەهۆی نەبوونی یاسا بۆ پاراستنی مافی ژن.(٥)

### پەراوێزەکان

(٤)- کۆڵێنگ (cloning) بریتییە لە دروستکردنی کۆپییەکی بۆماوەیی هاوشێوەی مرۆڤ، ئەم دەستەواژەیە زۆرجار بەکاردێت بۆ ئاماژەکردن بە کلۆنکردنی دەستکردی مرۆڤ، کە بریتییە لە کلۆنکردنی خانە و شانەکانی مرۆڤ.

(٥)- ئەم نووسینەم سەرەتا وەکو زنجیرەیەک باس لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک و لە گروپی هاوڕێیانی پەیمانگای تەکنەلۆجی کەرکووک نووسی و دواتر بەهۆی پێشوازی لێنەکردی گەرمی هاوڕێیانەوە تووشی ساردبوونەوە بووم. بەڵام لەسەر داوای هاوڕێم عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) تاوتوێ و پیاچوونەوەمان بۆکرد و وەکو وتارێک ئامادەمان کرد. سوپاس بۆ هاوڕێم عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) کە ئەرکی زمانەوانی و ڕێنووسی گرتە ئەستۆ.

# بۆ داڕشتنی پڕۆژە یاسای کار، پێویستبوو ڕاوێژ بە کرێکاران و ڕابەرەکانیان بکرێت؟!

عەلی محەمەد ئەمین



ساڵانێکی دوورودرێژە کرێکارانی کوردستان، بارودۆخی کار و ژیان و گوزەرانیان زۆر نالەبار و خراپە، و مووچە و کرێ و هەقدەستیان بەشی دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانیان ناکات و هەردەم لەژێر هەڕەشەی بێکاربووندان.

بەردەوامیش ڕێژەی بێکاری ڕوو لەسەرە، بەتایبەت کە ساڵانە هەزارەها دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکان پەیوەست دەبن بە سوپای بێکارانەوە و نە لە کەرتی گشتی و نە لە کەرتی تایبەتدا کاریان چنگ ناکەوێ.

زۆرێکیش بەدەست نائەمنی و ناسەلامەتی شوێنی کارەوە دەناڵێنن، بەم هۆیەوە دەیان و سەدان کرێکار گیان لەدەستئەدەن یا کەمئەندام دەبن.

جگە لە هەموو ئەمانەش کرێکاران لە زۆر مافی سەرەتایی ئینسانی سەردەم بێ بەشن، وەک مافەکانی ئازادی ڕێکخراوبوون و ئازادی کۆڕوکۆبوونەوە و خۆپیشاندان و مانگرتن، لەو کاتەشدا کە داوا یا سکاڵایەکیان لەسەر ئەم و ئەو خاوەنکار و سەرمایەدار تۆمارکردووە، بەداخەوە وەک پێویست بە بیانووی جۆراوجۆرەوە وەڵامیان نەدراوەتەوە و دادگا هەقی نەسەندوون و کێشەکانیان بەبێ چارەسەر ماوەتەوە.

سەبارەت بەکاتی کارکردنیش، زۆر جار زیاتر لە (٨) کاژێر کاریان پێکراوە و هەقدەستیان درەنگ خراوە، یا بڕێک پارەیان لێبڕاوە....

ژمارەیەکی زۆر لە منالانیش لە ژێر ئەرکی سەخت و قورس دا دەچەوسێنەوە و حکومەت و دامودەزگا پەیوەندیدارەکان لە بەرامبەریاندا کەمتەرخەمن، بەم هۆیەوەش هەزارەها منداڵ، جگە لەوەی لە گوزەرانکردنی ژیانی منداڵانە و پێداویستییە سەرەتایی و بنەڕەتیەکانیان بێ بەرین، کەوتوونەتە بەر هەڕەشەی گۆڕانی کەسێتی و خراپی باری دەروونیان و تێکچوونی باری فێربوون و پەروەردەییان، لەم نێوەدا تووشی چەندەها ڕەفتاری دزێوو ناشرین بوون، کە بۆ خۆیان و داهاتووی کۆمەڵگاش زیانێکی مەترسیداری هەیە.

سەبارەت بەژنانی کرێکاریش، وەک هەموو دەزانین، بێ لەوەی زۆربەیان لەژێر هەڕەشەی بێکاربوون و ناردنەوەن بۆ ماڵەوە، لەشوێنی کارکردن دا، بەتایبەت لە کەرتی تایبەت دا ڕەچاوی تواناو باری تەندروستی و مۆڵەتی دایکانەیان ناکرێ ....زۆرجاریش لەشوێنی کاردا ڕووبەڕووی دەسدرێژی و توندوتیژی و سوکایەتی دەبنەوە.

سەبارەت بە بارودۆخی کرێکاران و هەموو ئەوانەی ئامادەبەکارن، بەو کرێکارانەشەوە کە لە دەرەوە بەنیازی کار هاتوونەتە کوردستان، قسەوباس زۆر هەڵدەگرێ، دەکرێ نەک چەندین دێڕ و وتار و بەڵکو چەند ڕاپۆرت و کتێبیشی لەسەر بنووسرێ، بەڵام لێرەدا ئەوەی ئەمانەوێ ئاماژەی پێ بدەین پێویستی بوونی یاسای کاری سەردەمیانەیە، خۆ ڕاستە ئەم یاسایە گۆچانێکی سیحری نیە کە کۆتایی بە هەموو نە هامەتی و ڕۆژڕەشی کرێکاران بهێنێت، ڕاستە جێبەجێکردنی ئەم یاسایە چەوساندنەوەی کرێکاران لەڕیشەوە دەرناهێنێت، بەڵام دەکرێت سنورێک دابنێ بۆ ئەو زوڵمە زۆرو بێ ئەندازەی کە ڕۆژانە کرێکاران لە لایەن خاوەنکار و سەرمایەداران و حکومەتەوە ڕووبەڕوی دەبنەوە.

لەم ماوەیەی ڕابووردودا وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە کوردستان، دوای ڕاوێژ بە هەندێ کەس لە نوێنەرانی سەندیکاو دامودەزگا پەیوەندیدارەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، پاش ئەنجامدانی چەند کۆبوونەوە و ورکشۆپێک پڕۆژە یاسای کاری خستە بەردەم ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم بۆ پەسەندکردن و ڕەوانەکردنی بۆ پەرلەمانی کوردستان بەمەبەستی خوێندنەوە و تاوتوێکردنی و دواجار دەنگپێدانی، چەند هەفتەیەک لەمەوپێشیش لە پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەم بۆ پڕۆژە یاساکە کرا، بەڵام بە هۆی پشووی زستانەوە خوێندنەوەی تەواو و دەنگپێدان دوواخرا...

سەرنج و تێبینی و ڕەخنە زۆرە لەسەر چۆنێتی داڕشتن و نووسینی ئەم پڕۆژە یاسایە، وەک ئەوەی وەک پێویست ڕاوێژ بە ڕابەرانی کرێکاران و ڕێکخراوە کرێکاریەکان و دام و دەزگا پەیوەندیدارەکانەوە نەکراوە و بە ئاشکرا نەخراوەتە بەردەم ڕاپرسیەکی گشتیەوە، تازۆرێک ببینن و تێبینی و سەرنج و ڕەخنەی خۆیانی لەسەر بدەن، هەر لەم نێوەش دا بەم هۆیەوە، واتا بەهۆی ئەم ڕاوێژنەکردن و پشتگوێخستنەوە، زۆرێک هەڵە و پەڵە لەناو پڕۆژە یاساکەدا هەیە و پێویست بوو ڕاست و ڕوون بکرێنەوە.

ئەم هەڵەو نارۆشنیانە لە زۆر مادە و بڕگەی پڕۆژە یاساکەدا بەرچاو دەکەوێ، وەک لەو مادەو بڕگانەی تایبەتن بە کاتی کارکردن و کرێ و گرێبەستی کار و کاری منداڵان و نەوجوانان و لیژنەکانی پشکنین و دادگای کار و مافەکانی ژنانی کرێکار و سەلامەتی شوێنی کار و ئازادی ڕێکخراو بوون و کۆڕ و کۆبوونەوەو خۆپیشاندان و مانگرتن و .....هتد.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا پێدەچێت دووای تەواوبوونی پشووی پەرلەمان، خوێندنەوەی تەواوی پڕۆژە یاساکە تەواو بکرێت و دەنگی لەسەر بدرێت، ئەگەرچی وەک ئاماژەمان پێدا ئەم پڕۆژەیە پێویستی بە دەسکاریکردن و ڕاستکردنەوەی زۆرە، بەڵام ئەگەر پەسەند بکرێ و ببێتە یاسا و دەست بە جێبەجێکردنی بکرێ، دەشێ کرێکاران لە هەندێ مادە و بڕگەی یاسایی نێو یاساکە سوود مەندبن، ئاشکرایشە جێبەجێکردن لە کاتێکدا زامن دەبێ و کرێکاران لێی دڵنیا و سودمەند دەبن، کە حکومەت ئیرادەیەکی جدی هەبێ بۆ جێبەجێکردنی و دەبێ هەموو ئەوانەی کە پەیوەندیدارن بە جێبەجێکردنی یاساکە، وەک وەزارەتی کار و بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان و بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی و لیژنەکانی پشکنین و دادگای کار ....هتد، هەموو ئەمانە کاراکتەری چالاکبن لە تیمی جێبەجێکردنی یاساکەدا.

لە هەموو ئەمانە گرنگتر، ئەوەی زەمانەتی سەندنی ماف و جێبەجێکردنی داواکاریەکانی کرێکاران و یاسایەکی هاوچەرخانەی کار دەکات، ئەوە کرێکاران و ڕابەرە کانیان وهەموو ئەو لایەن و ڕێکخراوانەن کە خۆیان بە داکۆکیکار لە مافەکانی کرێکاران دەزانن، کە ئەتوانن یەکگرتووانە هەمیشە ئامرازێکی کاریگەری فشاربن لەسەر حکومەت و خاوەنکار و سەرمایەداران بۆ سەندنی مافەکانی کرێکاران و جێبەجێکردنی داوا ڕەواکانیان و چەسپاندنی هەموو ئەو مادەو بڕگانەی یاساکە کە جێبەجێکردنیان هەوێنە بۆ باشترکردنی ژیان و گوزەرانی کرێکاران.

٢١ / ١ / ٢٠٢٣

# هەژاری و هۆشیاری هەژارەکان

سالار مامە کریم



لەهەر وڵاتێکدا جیاوازی چینایەتی هەبوو سەرمایەداری و خاوەنداریێتی تایبەت تێیدا باڵادەست و زاڵبوو، ئەوا هەژاری و قات و قوڕی ڕووی تێدەکات، هەژاری مێژوویێکی دوور و درێژی هەیە لەگەڵ چەوسانەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە هەر لەسەرەتای پەیدابوونی هۆیەکانی بەرهەمهێنان و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیە چینایەتیەکان تا دەگاتە قۆناغی سەرمایەداری بە دەرکەوتە و فۆڕمە جیاجیاکانی. لەم سەردەمەشدا دەبینین شەپۆلی نیولیبرالیزم وەکو مۆتەکەیەکی ترسناک ڕووی لە هەموو جیهان کردووە و هەڕەشە لە ئایندەی مرۆڤایەتی دەکات.

عیراق و هەرێمی کوردستانیش لەم وڵاتانە بەدەرنین کە هەر لە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسی فاشیست و دیکتاتۆردا، لە سایەی حوکمی بورژوازی تایفەگەری عیراق و بۆرژوازی خێڵەکی و بنەماڵەیی هەرێمی کوردستاندا، دەروازەکان بەتەواوی بەرەو ڕووی کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان و جاسوس و سیخوڕانی وڵاتان کراونەتەوە، ئەوەی لە لای ئەم دوو دەسەڵاتە گرنگ نەبێت سەروەری نیشتمان و ژیان و گوزەرانی خەڵکە، ئەو دزی و قاچاغ و تاڵان و بڕۆیەی لەم وڵاتەدا دەکرێت لە هیچ وڵاتێکی جیهاندا وێنەی نییە، خێر و بێری نیشتمان بۆ هەموو کەسێکە تەنیا بۆ خەڵکەکەی نەبێت! ئەمەش ناکۆکییە چینایەتیەکانی قوڵترکردۆتەوە و وایکردووە هەژارەکان هەژارتر و دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەندتر بن، چین و توێژی ناوەند بە تەواوی نەماوە.

ئاخر ئەو حکومەتەی بازرگانییەکی قومار ئاسا بە پارەی حکومەت بکات ئەگەر بباتەوە قازانج بچێتە گیرفانی خۆیان، ئەگەر بدۆڕێنێت ئەوا دەبێت حکومەت قەرزەکەی بداتەوە ئەویش لەسەر حسابی داهاتەکانی نەوت و سامانە سروشتیەکان و دەستکەوتەکان و باج و گیرفانی مووچەخۆران و کاسبکاران، چۆن هەژاری تەشەنە ناکات؟!

سەربار نادادپەروەری و ستەمکاری و سەرکوتکردنی ئازادیخوازان و کپکردنی دەنگی ئازاد، ئەوا لە سایەی بە کۆمپانیاکردنی وڵات و دەستبەسەراگرتنی سێکتەرەکانی پەروەردە و تەندروستی و گشت کەرتە خزمەتگوزارییەکانی دیکەی وەکو کارەبا و ئاو و شارەوانی لە لایەن کەرتی تایبەتەوە، ڕۆژ بەڕۆژ ڕەوشی گوزەرانی خەڵک ناخۆشتردەبێت و ڕێژەی هەژاری بەرە و هەڵشکان دەچێت. ئەگەر ئەم ڕەوشە بەردەوام بێت ئەوا وای لێدێت هەژاران لە ئایندەیەکی نزیکدا بەتەواوی لە خوێندن و فێرکردندا بێبەش دەکرێن و لەڕووی تەندروستیشەوە دەبێت بە سواڵکردن پارە پەیدابکەن بۆ ئەوەی بتوانن چارەسەری سادەترین و سوکترین نەخۆشی بکەن.

ئەم ڕەوشە سەخت و دژوارە وایکردووە کە زۆرینەی خەڵکە هەژار و نەدارەکان خۆزگە بە ژیانێکی یەکسان و دادپەروەرانە بخوازن و خەونی ڕەنگاوڕەنگی پێوەببینن، کەچی هەر ئەم خەڵکەشە فۆبیایان بەرامبەر وشەی سۆشیالیزم هەیە، سەیرە ئەوانە سیستەمێکی سۆشیالیستیان دەوێت و کەچی وڵاتێکی سۆشیالستیان ناوێت! کە زۆربەی مافەکانیان تێیدا پارێزراوە، هەرچەندە ئەوە پەیوەستە بەو سایکۆلۆژیەتەی کە ساڵەهایە سەرمایەداران و کۆنەپەرستان کاریان لەسەرکردووە بۆ ئەوەی لەسەر زەمیندا دۆزەخ بۆ هەژاران و چەوساوان بکەنە واقیع و بەهەشتیش بکەنە خەیاڵ و ئەندێشە. جا پێویستە خەڵکی هەژار و چەوساوە هۆشیاربکرێنەوە بەوەی کە کەرتی تایبەت و خاوەنداریەتی تایبەت بۆ ئەوان دۆزەخە و بۆ سەرمایەدارن بە هەشتە، بەهەشتی ڕاستەقینەی هەژاران و چەوساوان سوشیالیزمە. تاکە ڕێگەش بۆ شاد بوون بە بەهەشتی سۆشیالزم هۆشیاری چینی کرێکار و هەژاران و شۆڕشە ڕەواکەیانە، هەر بەم پێودانگە کارل مارکس دەڵێت: هەژاری شۆڕش دروست ناکات، بەڵکو هۆشیاری هەژاری شۆڕش دروست دەکات.

# پیشەسازی جوانکاری لایەنێکی ترە لە کۆیلایەتی ژنان و بازرگانیکردن پێیانەوە



لە ژێر ئەم دروشمەدا و لە شاری بەغدا و لە (٤-٢-٢٠٢٣)، ڕێکخراوی (تۆڕی بەرنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە ژنان)، کۆتایی هێنا بە پانزەهەمین (١٥) کۆنگرەی خۆی.

کۆمەڵێکی زۆر لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و لایەنی حکومی و نێودەوڵەتی بەشداری ئەم کۆنگرەیە بوون.

کۆنگرە هەڵسا بە تاووتوێ کردنی ڕوانگەی فێمێنیستی سەبارەت پیشەسازی جوانکاری و هەڵوێستی فێمێنیستی لە بەرامبەریدا.

## فەڕەنسا، شەپۆلێک لە خۆپیشاندانی سەندیکا و یەکێتییە کرێکارییەکان

# نزیکەی دوو (٢) ملیۆن کەس هاتنە سەر شەقامەکانی سەرجەم شارەکانی ئەو وڵاتە

ئاوات (عبدالرحمن ڕەسول)





ڕۆژی پێنج شەمە، (١٩-١-٢٠٢٣) لەسەر داخوازی سەندیکا و نقابە کرێکارییەکانی فەڕەنسا، خۆپیشاندانێکی نارەزایەتی سەرتاسەری و گەورە لە مێژووی ئەم وڵاتەدا ئەنجامدرا. نزیکەی دوو (٢) ملیۆن کەس هاتنە سەر شەقامەکانی سەرجەم شارەکانی ئەو وڵاتە. بەپێی سەرچاوەکانی ڕاگەیاندن لە فەڕەنسا، لە ماوەی (١٢) ساڵی ڕابردوودا ئەمە بۆ یەکەمین جارە نارەزایەتی و خۆپیشاندان و مانگرتنێکی گشتی لەم چەشنە بەرفراوان و سەراسەری ئەنجام دەدرێت.

ئەمە و ڕۆژی سێ شەممە (٣١-١-٢٠٢٣) بۆ جاری دووەم ئەم خۆپیشاندانانە سەری هەڵدایەوە و زوربەی کەرتەکانی خزمەتگوزاری ئەو وڵاتەی گرتەوە. بەپێی زانیارییەکانی ڕاگەیاندن و میدیاکان، (٢) ملیۆن و هەشت سەد هەزار خۆپیشاندان بەڕێوەچووە لە هەمو شارەکانی فەڕەنسا.

### هۆکاری ئەم خۆپیشاندان و نارەزایەتییە

هۆکاری ئەم جارەی نارەزایەتییەکان، پرۆژەیەکی هەموارکردنەوەیە "چاکسازیە" لە یاسای خانەنشینیدا، کە لە (١٠)ی کانوونی دووەم (ژانویە/جەنیوەری) (٢٠٢٣)دا لە لایەن حکومەتەوە پێشکەش کرا، ئەمەش کاردنەوەی جەماوەری لێکەوتەوە، چونکە خودی پرۆژە یاساکە گۆڕانکاری دروست دەکات لە یاساکانی خانەنشینی؛ تەمەنی خانەنشینی لە (٦٢) ساڵییەوە دەگۆڕێت بۆ (٦٥) ساڵی و لە هەمانکاتیشدا ژیانی خەڵک قورسایی زیاتر دەکەوێتە سەر، بەتایبەت کرێکاران و مامۆستا و فەرمانبەران.

### مانگرتنەکان لە کوێدا ئەنجامدران؟

لەم کەرتانەی خوارەوەدا، مانگرتنەکان سەرکەوتووانە ئەنجامدران:

1. زوربەی کەرتەکانی پیشەسازی و بەتایبەتیش ئەوانەی کە سەر بە دەوڵەتن.

2. پاڵاوگەکانی بەنزین و گاز و ....

3. کەرتی خوێندن، مامۆستایان نەچوونە سەرکارەکانیان و قوتابخانەکان داخران.

4. کەرتی هاتووچۆی شەمەندەفەر.

5. کەرتی میترۆ و پاس و هاتووچۆی ناوشارەکان.

6. کەرتی هاتووچۆی ئاسمانی فڕۆکەخانەکان، زوربەی گەشتە ئاسمانییەکان لە تەواوی فڕۆکەخانەکانی فەڕەنسادا هەڵوەشێندرانەوە.

7. کەرتی هاتوچۆی دەریاوانی پاپۆڕەکانیان ڕاگرت.

لەم نارەزایەتییەدا زۆرینەی گەنجان و لاوان هاوشانی باوک و باپیرانیان بەشداری خۆپیشاندا بوون.

ئەم سەندیکا و نەقابە کرێکاریانەی خوارەوە، لە بانگەوازکردن و هەڵخڕاندنی جەماوەر و ڕێکخستن و ڕێکخراوکردنی ئەو خۆپیشاندانەدا بەشداربوون:

[CFDT، CGT، FO، SOUTH RAIL، CFE CGC، UNSA، SNI UPP]

### داواکارییە سەرەکییەکان:

1- پوچەڵکردنەوەی پرۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشینیدا کە تیایدا حکومەت دەیەوێت تەمەنی خانەنشینی لەتەمەنی (٦٢) ساڵی بۆ (٦٤) یان (٦٥) بگۆڕێت. خەڵکی نارازی بەیەک دەنگ ئەم بڕیارەیان ڕەدکردەوە و داوایان کرد تەمەنی خانەنشینی هەر وەک خۆی (٦٢) ساڵ بێت و نەگۆڕدرێت.

2- ساڵانی کارکردن بۆ گەیشتن بە خانەنشینی، وەک لە پرۆژە یاسای چاکسازی خانەنشینی حکومەتدا هاتووە، (٤٣) ساڵ کاردنە کە پێویستە لەو (٤٣) ساڵەشدا کرێکار بەشدار بوویێت لە پێدانی بڕە پارەیەک وەک قیستی ساڵانە بە حکومەت. خەڵکی نارازی ئەوە ڕەت دەکەنەوە.

3- زیادکردنی بڕی کەمترین خانەنشینی بۆ لەسەدا هەشتا و پێنجی (% ٨٥)ی کەمترین مووچەی مانگانە، واتە خانەنیشینی پێویستە لە هەزار و دوو سەد (١٢٠٠) یۆرۆ کەمتر نەبێت.

4- پێدانی موچە و کرێی یەکسان بۆ ژنان و پیاوان.

### دوو ئارگومێنتی دژ بەیەک:

هەموو ئەم کێشمەکێش و لەبەریەکڕاچوونەی کرێکاران و کارمەندان لە دژی حکومەت و سەرمایەداران، لە پێناو "پاراستن"ی یاسا و سیستەمی خانەنشینییە کە ناسراوە بە (ISF)، و ئامانجی "دادپەروەری" و "پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی" لەخۆ گرتووە. لە کاتێکدا حکومەت و سەرمایەداران دەیانەوێت ئەم سیستم و یاسایە (ISF) هەڵوەشێننەوە و مافی کرێکاران و کارمەندان و بێکاران بە شێوەیەکی بەرچاو کەم بکەنەوە و دەستی کۆمپانیا گەورە و خاوەن پشکەکانی ئاوەڵا بکەنەوە بۆ چەسپاندنی چەندین پەراوێز لە یاسادا لە بەرژەوەندی خۆیان و قازانج و پاداشتەکانیان. بۆیە کرێکاران بە شێوەیەکی گشتی نیگەرانن و دژی ئەم هەوڵەی حکومەت و سەرمایەدارانن بۆ گۆڕینی ئەم یاسا و سیستمە کە دەستکەوتی پێشووی خەباتیان بووە.

دوو دیدگای خانەنشینی بەریەکدەکەون: یەکەم دیدگای نیو-لیبراڵەکانە، کە خانەنشینی وەک کاتێکی بێ بەرهەم و بێ کەڵک سەیردەکات، تا بۆی بکرێت تەمەنی خانەنیشینی دوادەخات و کەسی خانەنشین وەک بارگرانی بەسەر کۆمەڵگەوە دەبینێت، بەگشتی کرێکار و کارمەند وەک ئامرازێک دەبینێ تا بۆی بکرێت زۆرترین ماوە کاری پێ بکات و قازانجی لێ بەدەستبهێنێت، کاتێک دەستبەرداری بێت کە وەختی مردنی هاتبێ و گران نەکەوێت لەسەری، بۆیە بەلایەوە گرینگ نییە کەسی خانەنشین لە چ بارودۆخێکی تەندروستی و داراییدا ژیان بەسەربەرێت. هەرچی دیدگای دووەمە لای وایە کە خانەنشینی دوای ژیانێکی سەختی کارکردن دێت، مافێکی ڕەوای هەر ئینسانێکە، کاتێکی ئازادکراوە و بەسوودە بۆ خۆی و خانەوادە و ئازیزان و کۆمەڵگا، هەمووان دەتوانن بە کەرامەتەوە چێژی لێ وەربگرن.

جگە لەوەش، بە درێژکردنەوەی ماوەی کارکردن، چاکسازییەکە کاریگەریی چەوتی دەبێت، لە لایەکەوە بە ئازادکردنی پۆستی کەمتر، کێبڕکێ لە نێوان کرێکاراندا دروست دەکات، بەتایبەتی لەسەر ئاستی نەوەکان. لە لایەکی دیکەوە، سەختی بۆ کەسانی بەساڵاچوو زیاد دەکات بۆ دۆزینەوەی کارێک یان هێشتنەوەی کارەکە کاتێک "تێچوویان زۆرە" بۆ کۆمپانیاکان.

هەروەها کاریگەرییەکی بەهێزی دەبێت لەسەر دۆخی تەندروستی ژنان و پیاوانی فەڕەنسی، لە ئێستاوە نایەکسانی قووڵ ئاشکرا دەکات بەو پێیەی کەلێنی تەمەنی چاوەڕوانکراو لە تەندروستی باشدا لە نێوان کرێکارێک و بەڕێوەبەرێکدا زیاتر لە شەش ساڵە.

بۆیە پەرەسەندنی ڕاگەیەندراو، کارگەیەکی فراوانی ئازادکردنە کە "لە پێشکەوتندایە"، لوتکەی قۆناغێکی بنەڕەتییە لە ستراتیژی سەرمایەدا. وەک ڕێکخستنەوەیەک دێت دوای یەکەم تاقیکردنەوە لە قبوڵکردنی ساڵی (٢٠١٩ - ٢٠٢٠). هەروەها ڕەنگە پرسیاری ئاستی دڕندەیی پێویست بێت بۆ تێپەڕاندنی ئەو چاکسازییەی کە حکومەت داوای دەکات، چ لە پەرلەمان یان لە شەقام. لە پەرلەماندا دەتوانێت حساب بۆ مافەکە بکات — ئەوی دیکە، هی [LRs] کە بە چەند ئیمتیازێک پشتگیری لێبکات.

### دوا سەرنج:

ئەگەر حکومەت وەڵامی دروستی خەڵکی نارازی و کرێکار و خانەنشینان نەداتەوە ئەوا ئەگەری خۆپیشاندانی فروانتریش هەیە کە بەشێوەیەکی ڕێکخراوەیی فراوانی جەماوەری بێتەکایەوە، هەر لە ڕۆژی ١٩-١-٢٠٢٣ بەرپرسێکی سەندیکای کرێکاران گوتی ئەو هێزەی ئێستا لەسەر شەقامە بەشێک لە کەرتەکانی حکومەت دەستیان بە مانگرتن و نارەزایەتی کردووە، ئەگەر وەڵامی دروستمان نەدەنەوە ئەوا سەرجەم بەشەکانی تریش بەیەکەوە مانگرتن و نارەزایەتی ئەنجامدەدەن. ئەوکات زیانی گەورە بەکەرتەکان دەکەوێت بەهۆی مانگرتنەوە. لە ئێستادا حکومەتی فەرەنسا بەرەو قەیران و کێشەی زیاتر ملدەنێ جیاوازییە چینایەتییەکان گەشەدەکان لەئاکامدا خەڵکی نارازی ئەرکدار دەکات کە باشتر خۆیان یەکگرتوو بکەن بۆ تێکۆشانی هێنانەدی مافەکانیان.

کۆمەڵگایی فەڕەنسا وشیارانە بە تێکۆشان بۆ هێنانەدی کۆمەڵگایەکی باشتر کە بەردەوام هێزی چینایەتی کرێکاران بەرەو ڕێکخراوبوونی بەهێز و زیاتر دەچێت.

خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان باشتر و پڕ کاریگەرتر دەبێت. ئەوەی جیاوازە لەم خۆپیشاندانەی سەرەتای ساڵدا (٢٠٢٣) لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو، ئەوەیە کە ئەم جارەیان کرێکاران و خەڵکی نارازی لە دەرەوەی حیزبەکان و بۆ داواکاری و خواستە ڕەواکانی خۆیان هاتنەسەر شەقامەکان. ئەوەی ئەم جەماوەرەی کۆکردەوە بانگەوازی سەندیکا و نەقابە و ڕێکخراوە کرێکارەکان بوو، بەمانایەکی ڕوونتر بەهۆی کاریگەری تێکۆشانی بزووتنەوەی کرێکارییەوە، ئەم جەماوەرە نارازییە هاتنە سەر شەقامەکان.

---

# نور سالم: ئێمەی خەڵکی سوریا ئازارمان زۆر چەشتووە بەدەست زوڵم و داگیرکاری و کوشتن و هەژارییەوە، ئێستا یەکجار پێویستە دەستوبرد بکرێت بۆ کۆتایهێنان بە شەڕ لە سوریا،



### چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەی ڕەوت لەگەڵ نور سالم

**ڕەوت: هاوڕێ نور، بەڕێزتان کە خەڵکی سوریان و لە ئێستادا ئەم وڵاتە و تورکیا لەناو کارەساتی بومەلەرزەی چەند ڕۆژ لێرەوپێشدان، ئاگاداری هەواڵی خێزان و هاوڕێ و خزم و کەسە نزیک و ئاشنایانتان هەی؟**

نور سالم: سوپاس، سەلامەتن، بەڵام هەموو ئەو هەواڵانەی دەیبیستین و لە سۆشیال میدیا بڵاودەکرێتەوە کە دەروازەکان کراونەتەوە و یارمەتیەکان گەیشتوون بە سوریا، لە پەیوەندییەکم لەگەڵ چەند هاوڕێیەکم لە ناوچەکانی بومەلەرزەکە لێ کەوتوو، گوزەرانی خێزانەکان زۆر دژوار و سەختە، خواردن و داودەرمان یەکجار کەمن، ئێستا کە زستانە ئاوهەواکە یەکجار زۆر ساردە، وە تائێستا خەڵک لەژێر باڵەخانە داروخاوەکاندان، هەروەها باری دەرونی ڕزگاربووەکانیش زۆر پەشۆکاو و شێواوە، بەهۆی لەدەستدانی ئازیزانیان لە کەسوکار، لە دراوسێ و هاوڕێ و ناسیاوەکانیان.

**ڕەوت: ئایا دەتوانی وێنەیەکمان لە کارەساتی بومەلەرزەکەی سوریا پێبدەی؟ لە کوێ دا بووە و لەکام شوێن کاریگەرتر و وێرانکەتر بووە و ئامارەکان چۆنچۆنین؟**

نور سالم: ئەو شارانەی کە بەهۆی بومەلەرزە ڕوخێنەرەکەوە زیانیان بەرکەوتووە، شارەکانی (ئەدلیب) و (حەلەب) و (حەمات) و (لازقیە)ن، بەڵام لە دوو شاری (حەلەب) و (ئەدلیب) زۆر کاریگەر بووە. شایەنی باسە ئەم دوو شارە لە ماوەی (١١) ساڵی ڕابردوودا، بەمانایەک چەندین بومەلەرەزەی ساروخ و ناپاڵم و تەقینەوە و قازەفەیان بەخۆوە بینیوە، کە لەلایەن ڕژێمی دیکتاتۆری بەعسی سوریاوە ئاڕاستەیان کراوە یان لەلایەن گروپە چەکدارەکانی ترەوە.

ئەمە و گەمارۆی ئابووری زاڵمانەی (وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا)ش بۆسەر سوریا، بارودۆخی ئابووری فەلاکەتباری بۆ خەڵکەکە هێناوەتە ئاراوە، چونکە ڕوونە ئەو گەمارۆیە سزای جەماوەری داوە و دەیدات، نەک سزای حکومەتی سوریا.

ئەمرۆش بەهۆی ئەم کارەساتە ئینسانیەوە ژمارەی کوژراوەکان (تا کاتی ئەم گفتووگۆیە) زیاتر لە (٥٣٠٠) کەسە و هەندێ لە ڕاپۆرتەکان باس لە (٨٥٠٠) دەکەن. ژمارەی بریندارەکان (٧٦٠٠) کەسن، هەروەها بەپێی ئاماری تا ئێستا زیاتر لە (١٢١٤١) باڵەخانە داروخاوە، کە لەنێویاندا (٥٥٠) باڵەخانەی چەند نهۆمی بەتەواوی ڕوخاندووە و (١٥٧٠) باڵەخانەش نیوەڕوخاو یان بەشێکی لێ داڕوخاوە، وە (١٤٧،٩٣٤) کەس لە ناوچە زیان لێ کەوتوو و داڕوخاوەکان شوێنیان بۆ دابینکراوە. ئەمە و زەوی (٢٤١٢) جار لە چەند ڕۆژی دوای بومەلەرزەکەدا لەریوەتەوە و لەرزیووە.

بومەلەرەزەکە (٥) ملیۆن و (٣٠٠) هەزار کەسی ئاوارە کردەوە، وە ژمارەی زیان لێ کەوتوانی بومەلەرزەکە خۆی لە (١١) ملیۆن کەس دەدات، دوای هەموو ئەمانە (نەتەوە یەکگرتووەکان) دانی نا بە پشتگوێ خستنی خەڵکی لێقەوماوی باکوری خۆرئاوای سوریا، دوای ئەوەی نوشستیان هێنا لە ناردنی یارمەتی پێویست. هەروەک ئەمرۆ یەکشەممە (١٢-٢-٢٠٢٣) (مارتن گریفیز) بەڕێوەبەی کاروباری کۆمەڵایەتی سەربە (نەتەوە یەکگرتووەکان) لە تویتەر ڕایگەیاند "خەڵکی باکوری ڕۆژئاوای سوریا مافی خۆیانە هەست بە دەستبەردانمان بکەن کە نەمانتوانی بچین بەهانایانەوە".

**ڕەوت: لەو ناوچەیەی کە بومەلەرزەکە تیایدا ڕویداوە، لەلایەن دەوڵەت و تاقم و هێزە چەکدارە باڵادەستەکانی شەڕ و پیکدادانی بەردەوام و خوێناوی هەیە، کۆمەڵگای ئینسانی زۆر خەمسارد و کەمتەرخەم بوو بۆ بەهانا چوونی ئەو لێقەوماوانە. پێتوایە چ شتێک کۆتایی بە خەم و ئازارەکانی جەماوەری زەحمەتکێش دەهێنێت لە سوریا؟**

نور سالم: ئێمەی خەڵکی سوریا ئازارمان زۆر چەشتووە بەدەست زوڵم و داگیرکاری و کوشتن و هەژارییەوە هەم لە لایەن ئەم ڕژێمەی بەعسی فاشیستی و هەم لەژێر سایەشیدا. ئێستا یەکجار پێویستە دەستوبرد بکرێت بۆ کۆتایهێنان بە شەڕ لە سوریا، ئەویش؛ یەکەم لە ڕێگای دادگاییکردنی بەشار ئەسەد و دارودەستەکەی و هەموو ئەوانەشەوە کە لە (١١) ساڵی ڕابردوودا پشتیوانیان لێ کردووە، وە دووەم لە ڕێگەی وەدەرنانی هەموو ئەو وڵاتانەی کە بەناوی دژایەتی تیرۆرەوە خاکی سوریان داگیرکردووە، پاشان دەرگای یارمەتیدانەکان بکرێتەوە و پەنابەران بگەڕێنەوە سەرماڵوحاڵی خۆیان و دۆسیەی ئاوەدانکردنەوەی وڵاتیش بکرێتەوە.

ئێمە ئێستا لەسەروبەندی یادی دوانزەهەمین ساڵەی هەڵگیرسانی شۆڕشی سوریادایین کە (١٥/٣-٢٠٢٣)یە، دەست لە ئامانجەکانمان هەڵناگرین کە خۆی لە گۆڕین و هەڵپێچانی ئەم ڕژێمە تاوانکارەدا دەبینێتەوە. ئێمە خوازیاری دەوڵەتێکی سۆشیالیستین کە لەوێدا هەموو مافەکانمان پارێزراو بێت و ئەوانەش بە سزای خۆیان بگەن کە دەستیان هەبووە لە تێکدانی ژیانی جەماوەر و لە خوێنڕشتنی خەڵکی سوریادا.

---

# چۆنیەتی خۆڕاگریی تەلار و باڵەخانە لەبەرامبەر بوومەلەرزەدا

### ئەندازیار: نەوزاد عومەر عەلی



پێشەکی: چۆن بوومەلەرزە دەبێتە دارمانی تەلار و باڵەخانە و خانووەکان؟

پێکهاتەکانی تەلار و باڵەخانە، واتا بناغەی خانوو، دیوار و زەوی و پایە و بنمیچ و ستوون و لینتڵ (Lintel) ەکان، هەموو ئەو بەشانە بەیەکەوە بەستراون و پێکەوە یەکەیەکن، وەک یەک یەکە کار دەکەن. بوومەلەرزە تەکانێکی ئاسۆییە و دەبێتە هۆکاری لەرزاندنی باڵەخانەکە و جیاوازی دروست دەکات لە نێوان جوڵەی بەشی خوارەوەی باڵەخانە و جوڵەی بەشی سەرەوەی باڵەخانەکەدا، بەمەش فشارێکی زۆر درووست دەکات و دەبێتە هۆی دارمانی چوارچێوەی پاڵپشت و لە کۆتاییدا تەواوی پێکهاتەکە دادەڕمێت.

### جۆرەکانی تەلار و باڵەخانە

تەلار و باڵەخانەکان دابەش دەکرێن بەسەر دوو جۆردا، ئەوانیش:

1. باڵەخانەی نەریتی: [(المباني التقليدية)، (Traditional buildings)].

ئەم جۆرە باڵەخانە و تەلارانە بەرزاییەکانیان کەمە، لە پێنج نهۆم تێناپەڕێت، بەشێوەیەک تەیارکراون، دیزاینکراون (design) کە تەنها بتوانن مامەڵە لەگەڵ هێزە شاقوڵییەکان و ڕاستەکانی کێش و هێزی کێشکردنی خۆیاندا بکەن، ئەویش لەبەر کەمی هێزی ئاسۆیی، جا چ (هێزی ئاسۆیی بوومەلەرزە) بێت، یان (هێزی ئاسۆیی ڕەشەبا)، بۆیە لە کاتی دروستکردنی ئەم جۆرە باڵەخانە و تەلارانەدا، لە دیزاینکردنیانندا ئەم دوو هێزە ئاسۆییەی بوومەلەرزە و ڕەشەبا بەهەند وەرناگیرێت و ئەژمار ناکرێت، هەرچەندە لە کۆدی ئەمریکی نوێدا ئاماژە بەوە کراوە ئەگەر ناوچەکە لەسەر هێڵی بوومەلەرزە بوو، دەبێت ئەژمار بکرێت هەتا ئەگەر یەک نهۆمیش بێت.

ئەم جۆرە باڵەخانە و تەلارانە بە شێوەیەکی نەریتی ناتوانن مامەڵە لەگەڵ ئەو هێزە ئاسۆییە لاوەکییانەدا بکەن کە بەهۆی بوومەلەرزەوە دەردەچن و بەریان دەکەون.

2. باڵەخانە و تەلاری خۆڕاگر لەبەرامبەر بوومەلەرزەدا.

[(المباني المقاومة للزلازل)، (Earthquake Resistant Buildings)]

ئەم جۆرە لە باڵەخانە و تەلار دیزاینکراون (تەیارکراون) بۆ مامەڵەکردن هەم لەگەڵ هێزە شاقوڵی ڕاستەکانی کێش و هێزی کێشکردنی خۆیان، وە هەم بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو جۆرە هێزێکی ئاسۆییش، جا سەرچاوەکەی بوومەلەرزە بێت یان هێزی ڕەشەبا، تابتوانن مامەڵە لەگەڵ ئەو هێزە لاوەکیانەدا بکەن کە بەهۆی بوومەلەرزەوە دەردەچن.

### داهێنانەکان

بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم کێشەیەدا، واتا زاڵبوون بەسەر کێشەی جیاوازی لە جوڵەی بەشی سەرەوە و جوڵەی بەشی خوارەوەی باڵەخانە و لە ئاکامدا دارمانی لە کاتی بوومەلەرزەدا، پەنا براوەتەبەر چەند داهێنانێک لە زانستی تەلارسازیدا.

ئێستا با بزانین ئەو داهێنانانە چ شتێکن کە لە سیستەمی بیناسازیدا ڕەچاو دەکرێن لەپێناو پاراستنی مرۆڤ و دامەزراوەکان لە کاتی ڕوودانی بوومەلەرزەدا بۆ بەرگری کردن لە کارەساتی گەورە؟

یەکەم: دروستکردنی بناغەیەکی نەرم و نیان:

[(إنشاء أساس مرن)، (Create a Flexible Foundation)]

هەروەها پێیشی دەوترێت دابڕانی بناغەیی. بریتییە لە دابڕانی بناغەی باڵەخانەکە لە خودی پەیکەرەی باڵەخانەکە لە ڕێگەی دانانی چەند سەکۆیەکی نەرم و نیان دروستکراو لە پۆڵا یان لاستیکی جیرەیی (مطاطي) یان قورقۆشم کە باڵەخانەکە و بناغەکەی لێک دادەبڕێت.

لە کاتی ڕوودانی بوومەلەرزەدا، هێزە ئاسۆیەکە دەبێتە هۆی جووڵاندنی بناغەی باڵەخانەکە و لەرزاندنی سەکۆکان، بەڵام جوڵەکە یا ناگوازرێتەوە بۆ پەیکەرەی باڵەخانەکە یان بەئەندازەیەکی کەم و لاواز، وە دەرئەنجام باڵەخانەکە بە جێگیری دەمێنێتەوە. ئەم سیستمە لە سەکۆی نەرم بە شێوەیەکی کاریگەر یارمەتی هەڵمژینی شەپۆلە بومەلەرزەییەکان دەدات و ڕێگری دەکات لە گەشتکردنیان بەناو باڵەخانەکەدا.

### دووەم: دژە هێزەکان بە دامپینگ.

[(مواجهة القوات بالتخميد)، (Counter Forces by damping)]

دامپینگ، یا کپکاری و کپکردنەوە، سیستمێکە بەکاردێت بۆ مژینی شۆک (ماصات الصدمات) و کەم کردنەوەی هێزی بوومەلەرزە کە قەبارەی شەپۆلی بوومەلەرزەکە کپ دەکاتەوە و یارمەتیدەرە بۆ کەمکردنەوەی فشار لەسەر باڵەخانەکە. ئەمەش بە دوو شێوە بەدەست دێت: ئامێری کۆنترۆڵکردنی لەرزین و هێزی باندۆل.

### سێهەم: پۆشاکی نەبینراو.

[(حماية المباني من الاهتزازات)، (Shield Buildings from Vibrations)]

ئەم داهێنانە کە ناوی لێنراوە "پۆشاکی نەبینراوی بومەلەرزەیی"، بریتییە لە دروستکردنی پۆشاکێک لە سەد (١٠٠) ئەڵقەی پلاستیکی و کۆنکرێتی هاوسەنتەر و ناشتنی لانیکەم سێ (٣) مەتر لە ژێر بناغەی بیناکەدا، لەگەڵ چوونە ناوەوەی شەپۆلە بومەلەرزەییەکان بۆ ناو ئەڵقەکان، ئاسانکاری گەشتکردن ناچاریان دەکات بچنە ناو ئەڵقەکانی دەرەوە، لە ئەنجامدا بە شێوەیەکی سەرەکی ئاراستەی بوومەلەرزەکە دوور لە باڵەخانەکە دەکرێت و دەڕژێتە دەرەوەی سنووری باڵەخانەکە.

### چوارەم: بەهێزکردنی پێکهاتەی تەلار و باڵەخانە بۆ ئەوەی بەرگەی دارمان بگرن.

[(تعزيز هيكل المبنى لتحمل الانهيار)، (Reinforce the Building's Structure)]

ئەم سیستمە، یارمەتی تەلار و باڵەخانەکان دەدات تا ئەو هێزانە هەڵبمژن کە لە کاتی ڕوودانی بومەلەرزەدا بەناویاندا تێدپەڕن. ئەوانیش دیواری بڕین (shear wall) یان (core wall) و چوارچێوەی بەرگری بۆ بەهێزکردن لە ناوەندی باڵەخانەکە دروست دەکرێت. دیواری بڕین تەکنیکێکی بیناسازی بەسوودە کە دەتوانێت ڕێگری لە گواستنەوەی هێزی بوومەلەرزە بگرێت. ئەم دیوارانە لە چەندین پانێڵ دروستکراون، یارمەتی باڵەخانەکە دەدەن کە شێوەی خۆی بپارێزێت لە کاتی جوڵەدا. زۆرجار دیوارەکانی بڕین بە پۆڵا دروست دەکرێن. ئەم پانێڵانە دەتوانن پشتگیری لە فشار و گرژی بکەن.

### پێنجەم: کەرەستەی داهێنەر.

[(المواد المبتكرة)، (Innovative Materials)]

بە تێکەڵاوکردنی چەند کانزایەک دارشتەی کانزایی، یا ئالۆوی کانزایی (سبيكة المعادن -Metal alloy) دروست دەبێت، دروستکردنی ئەم دارشتە کانزاییانە جۆرێک لە داهێنانن کە توانای بەرگەگرتنی فشاری زۆریان هەیە و بە نەمانی فشارەکەش ئەگەڕێنەوە بۆسەر شێوەی سەرەتایی خۆیان. بۆ نمونە بە توێکڵی پلاستیکی بەهێزکراوی ڕیشاڵ کە لە پۆلیمرە جۆراوجۆرەکان دروستکراوە بە دەوریدا دەپێچرێتەوە تا ڕێژەی ٣٨٪ هێز و نەرمیەکی زیاتری بۆ دابین دەکات. هەروەها ماددە چاپکراوەکانی سێ ڕەهەندی [(طباعة ثلاثية الأبعاد)، (Three dimensions)] وەک پێکهاتەیەکی سووک و گرێدراو بەیەکەوە ئەتوانێت بە شێوەیەکی بێسنوور بەرگری زیاتر بۆ تەلار و باڵەخانەکان دابین بکەن.

ڕەوت
البديل OCAL ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات



## بەرەو پێش چوونی مانگرتنەکان لەبەریتانیا و
# یاسای دژە مانگرتن "یاسای کەمترین ئاستی خزمەتگوزاری"

شیرین عەبدوڵڵا

ڕۆژی چوار شەممە (١ی شوباتی ٢٠٢٣) لە سەرانسەری بەریتانیا گەورەترین مانگرتنی کرێکاری ماوەی دە ساڵی ڕابوردوو بەڕێوە چوو، زیاد لە نیو ملیۆن کرێکار بە نوێنەرایەتی حەوت سەندیکا و بە بەشداری مامۆستایانی قوتابخانە و زانکۆکان و پاسەوانەکان و شۆفێری ڤیتار و پاس و کرێکارانی سنوور و فەرمانبەرانی حکومی.

هاوکات و لەهەمان ڕۆژدا چەندین خۆپیشاندان لە سەرتاسەری وڵات بەڕێوە چوو دژی پلانەکانی حکومەت بۆ پەسەندکردنی یاسایەکی نوێ دژی مانگرتن کە پێی دەوترێت یاسای "کەمترین ئاستی خزمەتگوزاری" لە کاتی مانگرتنەکاندا، ئەمەش لەسەر بانگەوازی کۆنگرەی یەکێتی سەندیکاکان (تی یو سیی) کە داوای لە هەموو کرێکاران کرد، کرێکارانی کەرتی گشتی و تایبەت، نارەزایەتی دەرببڕن بۆ پشتیوانی لە مافی مانگرتن.

ساڵی (٢٠٢٢) لە بەریتانیا بە ساڵی سەرهەڵدانەوەی مانگرتنە کرێکاریەکان دەناسرێتەوە، چونکە هەموو کەرتەکانی لەخۆگرتبوو، لە مامۆستایانەوە تا شۆفێری پاس و ڤیتار و کرێکارانی فرۆکەخانە و کارمەندانی سنوور و پۆستی شاهانە، و لە ناوەڕاستی مانگی کانوونی دووەمدا سەد هەزار پەرستار لە خزمەتگوزاری تەندرووستی گشتی (ئین ئێچ ئێس) بە نوێنەرایەتی کۆلیژی شاهانەی پەرستاری لە گردبوونەوەیەکی بێ وێنەدا، بەشداریان کرد و دواتر کرێکارانی خزمەتگوزاری ئەمبولانس و کارمەندانی سەنتەری پەیوەندی و ژوورەکانی کۆنترۆڵ و تیمەکانی فریاکەوتن کە لە لایەن سەندیکای (یونیسۆن) دوە نوێنەرایەتی دەکرێن پەیوەست بوون.

دووشەممە (٧ی شوباتی ٢٠٢٣) دەیان هەزار پەرستار و کارمەندی ئەمبولانس لە ئینگلتەرا مانگرتنیان بە ڕێخست کە ئەمە یەکەمجار بوو ئەم دوو کەرتە پێکەوە دەست لە کار بکێشنەوە. سەندیکای (یونایت) دەڵێت ئەمە "گەورەترین مانگرتنی (ئین ئێچ ئێس)ە لە مێژووی ئێمەدا".

هۆکارەکانی گەشەسەندنی ئەم شەپۆلی مانگرتنانە داخوازیی بەرزکردنەوەی کرێ و باشترکردنی بارودۆخی کارکردنە بەهۆی قەیرانی تێچووی ژیان و بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەڵاوسانی لەسەدا دە و نیو (% ١٠،٥)، بەپێی دوایین ڕاپۆرتەکان، کە کاریگەری لەسەر چین و توێژی یەکجار فراوانی کۆمەڵگا هەیە لە بەریتانیا.

**یاسای دژە مانگرتن "یاسای کەمترین ئاستی خزمەتگوزاری"**

لە کاتێکدا هاوسۆزییەکی جەماوەری زۆر هەیە لەگەڵ ئەم مانگرتنانەدا (بۆ نموونە لەسەدا حەفتا (%٧٠) ی خەڵک پشتگیری لە زیادکردنی کرێی کارمەندانی تەندروستی دەکەن)، حکومەتی کۆنسەرڤاتیڤ بەردەوامە لە ڕەتکردنەوەی دانوسان لەگەڵ سەندیکاکان، نەک هەر ئەمە، بەڵکو ئەو حکومەتە پێگیریشە لەسەر سزادانی کرێکاران کاتێک نارەزایەتی دەردەبڕن.

ئەوەتا، بەمەبەستی کەمکردنەوەی کاریگەری مانگرتنەکان و هەوڵدان بۆ سەرکوتکردنیان، حکومەتی بەریتانیا دەیەوێت بە پەلە پەسەندکردنی یاسای دژە مانگرتن "کەمترین ئاستی خزمەتگوزاری" لەکاتی مانگرتنەکاندا بچەسپێنێ.

ئەم یاسایە، کە لە (١٦ ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٣)ەوە لە پەرلەمان تاوتوێ دەکرێت ڕێگە بە وەزیرەکان دەدات ڕێسا لە هەر خزمەتگوزارییەکدا بنووسن لە شەش کەرتی (تەندروستی، پەروەردە، ئاگرکوژێنەوە و فریاکەوتن، هێزی سنووری، داماڵینی ئەتۆمی و گواستنەوە) کە کارکردن لە کاتی مانگرتندا فەرز بکات بەسەر کرێکاراندا. هەروەها خاوەنکارەکان دەبێ "ئاگاداری کارکردن" دەربکەن وە لیستی ئەو ناوانەی کە دەبێت لەسەر کار بن و دەبێت چ کارێک بکەن لەو ڕۆژەدا ڕابگەیەنن.

ئەمە سەرباری ئەوەی کە سەندیکاکان دەبێت "هەنگاوی مەعقول" بنێن بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هەموو ئەو ئەندامانەی کە لە "ئاگاداری کارکردن"ەکەدا دەستنیشانکراون، بەشداری لە مانگرتنەکەدا نەکەن.

هەر بەم جۆرە، ئەگەر کرێکاران پابەند نەبن بەم مەرجانەی سەرەوە، ئەوا تووشی ئەگەری لە کاردەرکردن دەبن، و سەندیکاکانیش فەرمانی قەدەغە کردنی مانگرتنیان بەسەردا دەسەپێنرێت، و یان ڕووبەڕووی سزایەکی ماددی گەورە دەبنەوە.

بەم پێیە، ڕێگەی نارەزایەتی دەربڕین لە هەر کرێکار و کارمەندێک دەگرن کە نەتوانێت داوای باش بوونی مووچە و بارودۆخی کارەکەی بکات، وە لە هەمان کاتدا توانایی سەندیکاکان یەکجار کەم دەکاتەوە بۆ بەرگری کردن لە ئەندامەکانیان.

نارەزایەتیەکی گەورە بەرامبەر بەم یاسایە درووست بووە لە لایەن جەماوەر و سەندیکاکانەوە. (تی یوو سیی) پێی وایە کە ئەم یاسا "نا دیموکراتییە و ناچارکردنی



سەندیکاکانە بە شکاندنی مانگرتن، و پێشێلکردنی ئازادییەکانیانە".

حکومەتی بەریتانیا ئەو بانگەشەیە دەکات کە گوایە ئەم یاسایە بەریتانیا لەگەڵ ئەوروپا چونیەک دەکات، بەڵام لە وەڵامدا (ئیستەر لینچ)، سکرتێری گشتی کۆنفیدراسیۆنی یەکێتییەکانی ئەوروپا دەڵێت؛ "بەریتانیا لە ئێستادا توندڕەوترین سەرکوتگەریی مافی مانگرتنی لە ئەوروپادا هەیە و ئەم پلانانەی حکومەت زیاتر دووری دەخاتەوە لە پراتیکی ئاسایی و دیموکراسی".

ئاماژەی بەوەشکردووە، "مووچە لە ئەڵمانیا و سوید و زۆرێک لە وڵاتانی دیکەی یەکێتی ئەوروپا لە ڕێگەی مامەڵە و سەوداکردنی بەکۆمەڵەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت و زۆربەی ناکۆکییەکان لە ڕێگەی دانوستانی نێوان سەندیکاکان و خاوەنکارەکانەوە یەکلایی دەکرێنەوە، لەوانەش لە کەرتی گشتیدا.

لە هەمان کاتدا وەزیری بازرگانی بەریتانیا (گرانت شاپس) چەند ڕۆژێک لەمەوبەر جەختی لەوە کردەوە کە حکومەت بەردەوامە لەسەر دەرکردنی یاسای نوێ بۆ بەرگرتن بە "مانگرتنی پیشەسازی"، و ئاماژەی بەوە دا، کە یاسا نوێکە "لە هەفتەکانی داهاتوودا" بخاتەڕوو.

**هەنگاو بەرەو تایبەتی کردن (پرایڤەتایزێشن) و هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی ڕەفاه:**

سیاسەتەکانی بەریتانیا لە بەرامبەر خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا، لە دەیەی ڕابوردوودا و بە دیاریکراوی لە ساڵی (٢٠١٠)ەوە بریتی بووە لە کەم کردنەوەی سیستەماتیکی بودجەی کەرتی گشتی و زیاد نەکردنی کرێی ساڵانە هاوتەریب لەگەڵ هەڵاوساندن بۆ کارمەندان. ئەمەش بۆتە چوونە دواوەی ئاستی بژێوی ئەم کارمەندانە بە ڕاددەیەک کە زۆریان ناتوانن پێداویستیە زەرورەکانی ژیان بۆ خۆیان و خانەوادەکانیان دابین بکەن.

ئەمڕۆ لە بەریتانیا دەبینین (فوود بانک* - بانکی خۆراک) و (ۆرم هەب** - ناوەندی گەرم) لە زۆربەی گەڕەک و شارۆچکە هەژار نشینەکاندا درووست بووە، و ئەگەر پێشووتر کەسانی بێکار و یان بێ خانەولانە (هۆملێس) و کەم دەرامەت زیاتر بەکارهێنەری ئەم ناوەندانە بوون، ئێستا ڕێژەیەکی بەرچاو لە مامۆستایان و پۆلیس و ستافی تەندروستی ڕۆژانە ڕووی تێ دەکەن، وە یان ناچارن لە بەینی خواردن و گەرمیی ماڵەکانیاندا یەکێکیان هەڵبژێرن.

لە هەندێ حاڵەتدا، دکتۆری کلینیکەکان ناچارن دەست لە کار هەڵگرن و خۆیان نەخۆشی خەتەر بگەیەنن بۆ خەستەخانەکان چونکە ئەمبولانسی فریاگوزاری لە کاتی خۆیدا ناگات، خەستەخانەکان هێندە فشاریان لەسەرە، نە شوێنیان هەیە بۆ وەرگرتنی (داخلکردنی) نەخۆشی تازە و نە ستاف بۆ بەڕێکردنی نەخۆشەکان. دیمەنی ڕیزی ئەمبولانسی وەستاو لە بەردەم خەستەخانەکاندا کە چاوەڕوانی تەسلیم کردنی نەخۆشەکانیانن و هەروەها نەخۆش ڕاگرتن لە ڕاڕەو و شوێنە گشتییەکانی خەستەخانەکاندا بونەتە دیمەنی ڕۆژانە.




هەندێ لە مامۆستایان باس لەوە دەکەن کە لە گیرفانی خۆیان کەلوپەلی خوێندن و ژەمە خواردن بۆ قوتابییەکانیان دەکڕن کە دەبینن بەشێک لە منداڵان بە برسێتی دێن بۆ مەکتەب. لەبەر کەمیی کارمەند، مامۆستایان، پەرستیار، دکتۆر و کارمەندانی تری کەرتی گشتی چەندین سەعات زیاد لە دەوامی ڕەسمی خۆیان کار دەکەن بە خۆڕایی تا کارەکانیان تەواو بکەن.

لە پاش پەتای (کۆڤید-١٩) سێ ساڵ لەمەوبەر، ئەم بارودۆخە بۆ کرێکاران و کارمەندانی کەرتی گشتی سەختتر بووە، وە بەتایبەتی کە زۆربەیان لە بەشی پێشەوەی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکاندا بوون و کۆرۆنا قورسایی کار و ژیانیشیانی چەند قات زیاد کرد. سەرەڕای ئەمە، دەوڵەت بەردەوام بووە لە پشت گوێ خستنی داواکاریەکانی ئەم بەشانەی کۆمەڵگا، و نەک هەر باری بژێوییان خراپتر بوو، بەڵکو ڕۆژانە ڕووبەڕووی تووڕەیی خەڵک و توندوتیژیان دەبنەوە چونکە خەڵک بێزارە لە نزم بوونەوەی ستانداردی خزمەتگوزاریەکان و دەست ڕانەگەیشتنیان پیایدا، وەک ئەوەی ئەمان هۆکاری دارمان و نەهێشتنی خزمەتگوزاریەکان بن، نەک سیاسەتەکانی دەوڵەتی سەرمایەداران.

بەڵام خەڵکیش ناچارە و پێویستی بەم خزمەتگوزارییانە هەیە و ئەوانەی لە توانایاندایە پەنا دەبەن بۆ کەرتی تایبەت، کە ئەمەش خۆی ئامانجی دەوڵەتە، تا وورد وورده بودجەی کەرتی گشتی کەم دەکرێتەوە و کۆنتراکتەکان دەبەخشرێن بە کۆمپانیا تایبەتەکان، کە لە لایەک ستاف و کارمەندە "هەڵاتووەکان"ی کەرتی گشتی دەچننەوە، و لە لایەکی تریشەوە نەخۆش و خوێندکار و بەکارهێنەرانی ئەو خزمەتگوزاریانەی لەدەست کەرتی گشتی دەرهێنراوە دەبنە کڕیار و بەکارهێنەری ئەم کۆمپانیا تایبەتانە.

ئەم سیاسەتانە و ئەم یاسای دژە مانگرتنە، بەشێکن لە سیاسەتی هێرش کردنە سەر مافەکان و زەمینە خۆشکردنە بۆ بە تایبەتی کردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و هەڵوەشانەوەی (دەوڵەتی ڕەفاهی)، و خێرا کردنەوەی ئەم پرۆسەیەیە، هەر وەک نایۆم چۆمسکی دەڵێت: "ئەوە تەکنیکە ستانداردەکەی بە تایبەتکردنە: پارەت لێ دەبڕیت، ئینجا دڵنیا دەبیت لەوەی کە شتەکان کار ناکەن، پاشان خەڵک تووڕە دەبێت، وە تۆش ڕادەستی سەرمایەی تایبەتی دەکەیت".

ئەم شەپۆلی پراڤەتایزێشنە لە ساڵی (١٩٨٢)ەوە دەستی پێ کردوە پاش ئەوەی کە (مارگریت تاتشەر)ی سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتە هەوڵیدا نەخشەیەکی ژەهراوی بۆ هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی ڕەفاه پەسەند بکات و ئەمەش بووە هۆی یاخیبوونی ژمارەیەکی زۆر لە کابینەکەی. هەر لەم ڕاستایەدا، لە (٢٠١٠)دا هێرش لەسەر دەوڵەتی ڕەفاه تەووژمێکی تری بە خۆیەوە دیی و ئەمەی کە ئەمڕۆ ئەیبینین بەردەوامی ئەو هێرشانەیە، ئەوەی شایانی باسە تا ئێستا هیچ نیشانەیەکی پاشەکشەی ئەم مانگرتنانە لە ئارادا نییە.

٩-٢-٢٠٢٣

*بانکەکانی خۆراک لە لایەن ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەڕێوەدەبرێن کە خۆراکی لەناونەچوو کۆدەکەنەوە وەک هاوکاری بەپەلە دەیبەخشن بە ئەندامانی کۆمەڵ کە تووشی سەختی دارایی و نائاسایشی خۆراک دەبن، یان ئەو کەسانەی کە دەستیان بە پارەی گشتی ناگات.

** ناوەندە گەرمەکان شوێنی ناوخۆیی و سەلامەت و دەستڕاگەیشتن و گەرم و پێشوازیکردنن کە تێیدا بەخێرهاتن دەکرێت بۆ بەسەربردنی ڕۆژەکەت.

*** دەوڵەتی ڕەفاه- یاخود ئاسوودە بژێوی- سیستەمی دامەزرانی کەرتی گشتی لە بەریتانیا کە لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە لە لایەن (ویلیام بێڤریج)ەوە پێشنیار کرا بە مەبەستی نەهێشتنی هەژاری و نەداری و سەختی ژیان لە کۆمەڵگادا.

## یەکەمین خاڵی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا،
# نەناردنی (٤٠٠) ملیارکە بوو!

بەشدار عوسمان



گەوجاندنی خەڵک و وروژاندنی هەست و سۆزیان و یاریکردن بە ژیان و چارەنووسیان و نزیککردنەوەیان تا ڕادەی شەڕ و پێکدادان وماڵوێرانی و مەرگ، میکانیزم گەلێک بوون لە ماوەی چەندین ساڵدا وەکو یاری (مشک و پشیلە) دەرهەق بە خەڵکی کوردستان و عێراق کراوە لە لایەن دەسەڵاتدارانی هەردوولاوە.

هەم لە هەرێم، هەم لە بەغدا، بەدەیان شێواز و پلان کار لەسەر چاندنی تۆوی ڕق و قینە و دووبەرەکی لەنێوان خەڵکی کورد زمان و عەرەب زمان دەکرێت، بەڵام گەورەترین پرۆژەکانی بزنس لە هەولێر بەرپرسێکی عێراقی پشکی هەیە و لەولاشەوە پۆست و پلەکانی بەغدا شەڕ و مل شکاندنی لەسەر دەکرێت لە لایەن کاربەدەستانی کوردستانەوە بۆ بەدەستهێنانی سەروەت و سامانی زیاتر.

لای هەر مرۆڤێکی هۆشمەند ڕۆشنە سێکتەری ووزە و نەوت و گاز هەم لە عێراق هەم لە کوردستان، یەکێک لە ناشەفافترین و گەندەڵترین سێکتەرەکانە، بەجۆرێکە داهاتەکەی نەک لە دەستی حکومەت و حزب دەرچووە، بەڵکو بیرە نەوت و گێلگەکانی غاز و ووزە لەنێوان خێزانە حکومڕانەکان دابەشکراوە، دەستبەسەراگرتنی زۆرترین داهات مەرجی سەرەکی مانەوە و بەردەوامییە لە حکومڕانی.

بۆیە ڕێککەوتن لەسەر شێوازی فرۆشتنی نەوت و گاز و کۆکردنەوەی داهاتەکان، درێژەدان بە فەرهودی و فەسادییەکی بێ شوومار، خاڵی هەرە لەپێشی پێکهێنانی هەموو کابینەکانی حکومییە لە هەرێم و عێراق.

لە پێکهێنانی کابینەی ئەمجارەشی بەغدا، تەنها یەک برگە و ماددەی ڕێککەوتنەکان بۆ خەڵک ئاشکرا و ڕووننەکرایەوە، بە ڕووکەشیش نەمانبینی و نەمانبیست یەک برگەی ڕێککەوتنەکانیان بەرژەوەندی خەڵکی عێراق و کوردستان تیایدا جێگیر بکرێت، بەڵام وورده وورده خەریکە خاڵەکانی ڕێککەوتنامەکانیان بۆ هەمووان ڕۆشن دەبێتەوە کە چەندە بێ ڕەحمانە دەست دەنێن لەقاقای گەردنی خەڵکەکە و دەشیانەوێت بە (نیشتیمان پەروەردەی) پێیانەوە بفرۆشنەوە.

لە لایەک تۆی ڕق و کینە و دووبەرەکی ڕژێمە فاشیستەکانی پێشوو شنە با دەکەنەوە، لە لایەکیتر درێژە بە فەرهوودی و فەسادییەکان دەدەن کە تەنها چەند خێزانێکی دەستڕۆیشتوو لێی سوودمەندن و بەشی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان و عێراق، لە ساکارترین و سەرەتاترین خزمەتگوزارییەکان بێ بەشن.

هەموو کاردانەوەکانی حکومڕانانی هەرێم بەرامبەر بڕیاری دادگای فیدراڵی لە چوارچێوەی چەند بەیاننامەیەک تێپەڕی نەکرد و زۆر بەدڵنیاییشەوە ناچێتە چوارچێوەی هەڵوێست، چونکە لە پێشووتردا ڕێکەوتنی لەسەرکراوە و دابەشکارییەکان لە کۆکردنەوەی سەروەت و سامانی ئەو خەڵکە خێرلەخۆنەدیوە بەردەوامی هەبێت بەبێ هیچ کۆنترۆڵ و دەستتێوەردانێک.

ئێوە سەیری ئەو بێ شەرمییە بکەن، دزی و فەرهودی و تاڵانی سامانی ئەو وڵاتە بە (بەرگری لە قوتی خەڵک) بە ڕای گشتی بفرۆشنەوە!

بیریشمان نەچێت، لە کۆی دەیان سکاڵای یاسای لە دادگای فیدراڵی لەسەر چەتەیی و ستەم و ناعەدالەتی حکومڕانانی هەرێم تۆمارکراوە، تەنها یەک سکاڵایان لە لایەن پەرلەمانتارێکی عەرەبەوە بەرزکراوەتەوە، دەیان سکاڵایتر لە لایەن خەڵکی نارازای و بەشخوراوی کوردستانەوە لەم دادگایە بەرزکراوەتەوە، دواهەمینیشیان هاوتاکردنی سیستەمی خانەنشینی بوو لە هەموو عێراقدا کە دەیان ساڵە دەسەڵاتدارانی کوردستان بە بەهانەی نابەجێ و نادەستوری و قانونییەوە، ئیمکانیاتی حەب و دەرمانی هەزاران خانەنشینیان بڕیوە و پارووی دەمی هەزاران مناڵیان کەمکردۆتەوە، لەم دادگایەدا ئەو سکالایەشیان دۆراند کە لە لایەن کۆمەڵێک خەڵکی دڵسۆز و پارێزەری خەمخۆری کوردستانەوە بەرزکرابوویەوە.

٢٠٢٣\١\٢٧

# گردبوونەوە لەبەردەم دادگای باڵای فیدراڵی بۆ سزادانی بکوژانی (تیبەعەلی - طيبة علي)



بەدوای کوشتنی (تیبەعەلی - طيبة علي)ی کچە یوتیوبەر (YouTuber)، لە لایەن باوکییەوە لە (٣١-١-٢٠٢٣) لە شاری (دیوانیە)ی خوارووی عێراق، (ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق) هەڵسا بە سازدانی گردبوونەوەیەکی نارەزایەتی لەبەردەم (دادگای باڵای فیدراڵی عێراق) لە شاری بەغدا لە ڕۆژی (٥-٢-٢٠٢٣).

لەم گردبوونەوەیەدا خوازیاری سزادانی بکوژانی (تیبە) بوون، وەک کوشتنی بە ئەنقەست و پلان بۆ دارێژراو، نەک سزادانی بەپێی یاسای ژمارە (٤٠٩) کە پاکانە دەکات بۆ کوشتنی ژنان و کچان لەژێر ناوی پاککردنەوەی شەرەفی خانەوادە.

هەربۆیە لەم گردبوونەوەیەدا (ڕێکخراوی ئازادی ژن) و بەشداربووانی گردبوونەوەکە هاوکاتی داواکردنی سزادانی بکوژان، لە هەمانکاتیشدا خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی یاسای ژمارە (٤٠٩) بوون لە سیستەمی (یاسای سزادان)ی عێراقیدا.

شایەنی باسە ئەم کچەیە (تیبە عەلی)، لە دەست زوڵم و زۆری پیاوسالارانەی باوک و براکەی ڕادەکات بۆ دەرەوەی وڵات و لە تورکیا دەگیرسێتەوە.

دوای ئەوەی باوکی وادەی پێدەدات کە ئەگەر لەگەڵ دەزگیرانەکەی کە کوڕێکی خەڵکی سوریایە بگرێتەوە بۆ عێراق، ئەوا ڕەزامەندی دەدات بۆ شووکردنی، هەر بۆیە لەگەڵ دەزگیرانەکەی بە مەبەستی زەماوەندی شووکردن و هەروەها بۆ بەشداریش لە (جامی تۆپی پێی کەنداوی ٢٥) کە لەو کاتەدا لە ئارادا بووە، وەک یوتیوبەرێک سەردانی عێراق دەکاتەوە.

بەڵام باوکی بەپێی پلانێکی تاوانکارانەی پێشوەخت ئامادەکراو و ئامانجدار، دوای گەڕانەوەی (تیبە) لە ماڵەوە هەڵدەستێت بە کوشتنی.

بۆ پەیوەندی گرتن بە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق و ڕۆژنامەی ڕەوت
البديل OCAL ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق
SCAN ME
ڕەوت
مازن محەمەد + 9647709658673
نزار عەقراوی + 447507070024
نەوزاد بابان +964 771992 9183
@rawtnews
@AlbadeelAlsheoi
Rawt.news@gmail.com
Albadeel.alsheoi@gmail.com
http://www.Albadeel-alsheoi.org/ar

دەستەی بەڕێوەبردن
نادر عبدالحميد
جەمال کۆشش
عەبدوڵا ساڵح
نەوزاد بابان
شیرین عەبدوڵا
مونەیەد ئەحمەد
نزار عەقراوی
سەلاح فەتحوڵا

Graphic & Designe
By / Salah Fathulla
https://salahfathulla.contently.com/
salah_fathulla@hotmail.com
+358 409115275
https://www.facebook.com/garafart
# Newspaper
# Logo_Design
# Business_Cards
# Magazines
# Illustration
# typography
# Brochure Design
# Poster